عارف قوربانی

کۆبەندی چەندبابەتێك

# لەبارەی کەرکوکەوە

کوردستان    2005 کەرکوك


www.dengekan.com

# لەسەر ئەركی نوسەر چاپكراوە

## پێشكەشە :

*بەو شەهیدانەی لە قۆناغە جیاجیاكانی داطیركردنی كەركوكدا طیانی خۆیان بۆ رزطاركردنی بەخشیوە ..

*بەو كەركوكیە نیشتمان پەروەرانەی دوای چەندین ساڵ لەئاوارەیی و ژیـانی كوللـە مـەرگی ، گەڕانـەوە بـۆ كەركوك و لەناو خێوەت و نایلۆن و كەلاوەی سەربازگە رووخاوەكاندا درێژەیان بەژیان دایـەوە و بوونـە وزەو تین وتاوی تێكۆشان لەكەركوك ..

*بەو خەمخۆرانەی كەركوك كەنایانەوێ واقعی كـەركوك لیڵبكرێـت و هەمیشـە لەهـەوڵی ئـەوەدان كەركوك وەكوخۆی ببینرێت و بەرچاوی خەمخۆرانی تر تاریك ناكەن ..

- **ناوی کتێب/لەبارەی کەرکوکەوە**
- **نووسەر/ عارف قوربانی**
- **چاپ/** 2005 **کەرکوك**
- **پیتچنین/ ئیدریس حاجی سەعید**
- **نەخشەسازوبەرگ/ شۆڕش ئەحمەد**
- **تیراژ/**(1000)
- **چاپخانە/ تیشك**
- **ژمارەی سپاردن/ ژمارە/** ( 199 ) **ی ساڵی** 2005 **وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە**


## سەرەتایەکی کورت..

**بڕوام وابوو دوای ئەو فرسەتە زێڕینەی بەهۆی پرۆسەی ئازادی عیراقەوە کە لە کەرکوك بۆ کورد رەخسا، سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆرترین کات و توانای خۆی بۆ یەکلای کردنەوەی کێشەی کەرکوك تەرخان دەکات ، باشترین کادری سیاسی و عەسکەری و زۆرترین ئیمکانیاتی مادی دەخاتە کەرکوکەوە..**

**رۆژانە چاودێری وردی کەرکوك دەکەن، دۆسییەیەکی تایبەت بە کەرکوك دەکەنەوە و لەسەر ئاستی سەرکردایەتی هەموو هێزە سیاسیەکانی‌کورد پرۆژەی پێشکەش دەکەن‌وپاش هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی ژیرانە بەرنامەی کار دادەڕێژن و رۆژانە (وەرەقەی عەمەل) دەبێت بۆ کارکردن، چەند مانگ جارێك کۆنفرانسێك رێکدەخرێت بۆ (بە کارەکاندا چوونەوە)ودانانی بەرنامەی داهاتوو.. هەر چەند مانگ جارێك لێپرسینەوە**

لەهەموومان دەکرێت چیمان کردووەو دەبوو چەندمان بکردایا، ئەمانە تەنها بۆچوون بوون و هیچیان وا دەرنەچوون.. تاوای لێهات لە کەرکوك رۆژ لەدوای رۆژ کورد لەپاشەکشەدابێت و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی‌کوردستان قورستر و ساغکردنەوەی مافی خاوەنداریێتییەکەی ئالۆزترو چارەنوسی خراپتر بوو.. رەنگە لە هەندێ ئاستداو هەندێ جار سەرکردایەتی سیاسی کورد خۆی لێ ناگەهان بکات و دوا رۆژ بیەوێ ئۆباڵەکەی بدات بەسەر خەڵکی تردا و یاخود رەنگە لایان وابێ بارودۆخی ئێستای کەرکوك بە قازانجی کورد تەواو دەبێ...!

لەهەر حاڵێکیاندابێ من بڕوام وایە بەم شێوەیەی ئێستای کارکردنمان و پەیڕەو کردنەوەی سیاسەتی ئەم دووساڵەی رابردوومان سەر ئەنجام دەمانگەیەنێتە قۆناغێکی ترسناکتر ......!! گەرچی هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایە و سەرکەوتنی لیستی برایەتی کەرکوك کە زۆرینەی کوردە سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بەمەش قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کەرکوك دەست پێدەکات... بەڵام دەبێ دڵنیابین قۆناغی داهاتووی کەرکوك لەرابردووی سەخترە و جارێکی تر کەرکوك دەخرێتەوە بەردەم ململانێیەکی سەخت بۆ ساغکردنەوەی چارەنووسی و چەسپاندنی لەدەستوری دایمی عێراق دا کە دەبێ کورد ئەوەی لاڕوون بێت گەر لەناوەندیشدا ئەو بڕوایە چەسپا و کورد توانی بیسەپێنێ و دوژمنە زۆرو زەوەندەکانی کەرکوك هەموویان بەوە رازی بوون کەرکوك بخرێتەوە سەر ئامێزی دایکی.. ئەو کاتە گرنگە کە دانیشتوانەکەی کەرکوك پشتگیری ئەم گەڕانەوەیە بکەن و زۆر ترسناکە لەناو کەرکوکدا دانیشتوانە رەسەنەکەی دژی ئەو پرۆژەیەی کورد بن .. زۆر گرنگە کورد واکاربکات کە خەڵکەکەی کەرکوك پشتگیری لەم خواستە رەوایەی ئێمە بکەن ، ئەمەیە وادەخوازێ کەپێویستە کورد بەسیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوەو بەرنامەی وردترو پرۆژەی سیاسی گرنگترو قورسای زیاتر بخاتە کەرکوکەوە. چونکە جارێکی تریش دەیڵێمەوە کە گەر وەك ئەم دووساڵەی رابردوو کاربکەین ئەوە ئەنجامەکەی باش نابێ و ئەوەی کوردی کەرکوك ئەم جارە لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگادا کردی و هەڵەی سیاسی سەرکردایەتی کوردی سڕییەوە رەنگە جارێکیتر ئەو فرسەتە نەڕەخسێتەوە وەك لەهەڵبژاردنی پێشوودا رویدا . کە بەدڵنیایەوە گەر کورد پێشتر باش کاری بکردایە ئەنجامی باشتری دەبوو

بۆ دووا رۆژیش باشتر دەستکەوتەکانمان دەچەسپاند کە ئێستا هێشتا زەمانەتی چەسپاندنی نەکراوە و هێشتا بەهۆی خراپ کارکردنی رابردوومانەوە هەڕەشەی لەسەرەو وەك پێشترکارکردنیشمان هەڕەشەکانی زیاتر دەکات ، بۆیە پێویستە لەسەرمان بۆ ئەوەی کەبەرەو خراپتری نەبین ، بێینە دەنگ و رێگە نەدەین کە دەستکەوت و قوربانییەکانمان و چارەنوسمان بەقەدەر بسپێرن ....

کە ئەگەر کورد لە ئێستاشدا لێی بێدەنگە.. ئەوا رۆژێك دێت و نەوەیەکی تر لەسەر کەرکوك بڕیاری دادگایی کردنمان ئەدەن.. تەنانەت ئەگەر لەناو گۆڕیشدابین ئێسك و پروسکەکەمان دەبەنە بەردەم دادگا..

جا وەك پاکانەیەك بۆ خۆم و (بەرائەت زممەم) بڕیارم دا کە ئەم چەند بابەتەی لەکات و شوێنی جیاجیادا بڵاوم کردونەتەوە و ئەشێ بڵێم هاوار نامەن ، دەیانکەم بە (پاکانە) کەمن قسەی خۆم کردووە و هەوڵم داوە هەموو بێ ئاگایان ئاگادار بکەمەوە.. وەك چۆن پێم وایە ئەمە بۆمن دەبێتە پاکانە نامەیەك ، لەسەر خەڵکانی تریش دەبێتە (شایەت) لە خراپەکاریەکانیان و لەوانەش وا ئاگایان لەو خراپەکارییانە بووە و لێی بێدەنگ بوون.. کە بەدەر لەم چەند بابەتەی لە چەند رۆژنامەیەکی جیاجیایی کوردستاندا بڵاوم کردونەتەوە، لە چەندین دیداری تەلەفزیۆنی‌دا راشکاوانە راستیەکانی ئێستای کەرکوکم خستووەتە روو ، ئەوەی بە پێویستم زانی بێت بۆ چارەسەر کردنیان پێشنیازم کردووە ... کە لەدوای چاپکردنی کۆبەندی ئەم بابەتانە ، ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەش لە کتێبێکی تردا بە چاپ دەگەیەنم.. تا هیچ بوارێك نەمێنێتەوە بۆ ئەوانەی بەرپرسن لەم دۆزەی کەرکوك و دووا رۆژ بڵێن ئاگامان لێ نەبوو یان بڵێن پێیان نەووتین.. ئەوە بەدەر لەوەی لەکاتی جیاجیا و لە چەندین رۆژنامەدا بڵاوکراونەتەوە جارێکی تر لە شێوەی کتێبێکدا دەیخەمەوە بەردەست.

ریزبەندکردنی بابەتەکانیش پەیوەندی بەرۆژی بڵاوبوونەوەیانەوە هەیەو لەبەر ئەوەی لەحاڵەت و شوێن و کاتی جیاجیادا بڵاوکراونەتەوە ئەشێ رای پێچەوانەشی تیابێت .. یاخود پڕبن لە کەمووکوڕی.

وەك پێشتر وتم ئەمانە ( هاوارنامەن ) و بۆ ئەوە لەدوتوێی کتێبێك دا بەچاپی دەگەیەنم کەبڵێم ئێمە لەهەموو حاڵەتێکدا قسەی خۆمان کردووەو رێگاچارەو پێشنیازی گونجاویشمان خستۆتەڕوو..

عارف قوربانی

ئازاری 2005

# پێویستە مام جەلال و كاك مەسعود
# ماڵیان بێنن بۆ كەركوك

بە درێژایی ئەو دەیان ساڵەی كە رژێمی بەعس كوردی لەسەر ماڵ و حاڵی دەردەكردو عەرەبی دەهێنایە شوێنیان , لەهەر كوردێكی دەربەدەربووی دەستی بەعست بپرسیایا لەبارەی ئاوارەبوون و ژیانی ئاوارەیی و ئاواتی گەڕانەوەی ... هەموویان یەك وەڵامیان هەبوو : ( خوا ئەكا ئەم سەدامە زاڵمە ئەڕوخێ ژیانی كەلاوەیەكی كەركوك بە هەموو كۆشك وتەلاری دونیا نادەم ) : هەر بۆیە چاوەڕوان دەكرا لەگەڵ یەكەم رۆژی ئازادی كەركوكدا هەزاران خێزان بەرەو زێدی لە دایك بوونیان بگەڕێنەوە لە چەند رۆژێكدا هەرچی ئاوارەی كەركوك هەیە بێتەوە شارەكەی ... بەڵام ئێستا وا نزیكی سێ مانگە سەدام و دارو دەستەكەی روخاوە و كەركوك ئازادەو ئەمریكا پاراستوویەتی و پارێزگارو زۆر لە بەرپرسانیش كوردن , كەچی هەزاران ئاوارەی كەركوك هێشتا هەر بە ئاوارەیی لە ناوچەكانی هەولێرو سلێمانیدا ئەژین و نایەنەوە بۆ كەركوك . كە بەشێكی زۆریان بەهۆی ئەوەوەیە لە دام و دەزگا حیزبی و حكومی و سەربازییەكانی پارتی و یەكێتی دا كاربەدەست و فەرمانبەرن و ناتوانن دەستبەرداری كارو پیشەكانیان بن وبەو هۆیەوە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ كەركوك ... كە دەبوو لەگەڵ یەكەم رۆژی ئازادكردنی كەركوكدا چ پارتی و چ یەكێتی بڕیاریان بدایە هەرچی فەرمانبەرێكی كەركوكی و چی كادیر و پێشمەرگەی كەركوك هەیە بەپەلە بگەڕێنەوە شارەكەی خۆیان و هەق بوو كە ( مام جەلال و كاك مەسعود ) خۆشیان بەر لە هەموو كەس ماڵەكانیان بهێنایا بۆ كەركوك و لەوێ نیشەجێ بونایا ... چونكە بەو شێوەیە دەتوانرێت كار بۆ سڕینەوەی ئاسەواری پاكتاوی رەگەزی بكرێت نەك بەوەی كە نەك خۆیان نەهاتوون بۆ كەركوك بەڵكو زۆرترین (كەركوكی ) یشیان ئاڵاندووە بەخۆیانەوە .

*گەڕانەوە ژمارە(3) لە 5 /7 /2003

# هەڵبژاردنی قایمقامی داقوق و بروسكەیەكی بەپەلە

من ( یەكێتی) م ئەندامم لە ناو ریزەكانی (ی.ن.ك) دا , بەڵام خوێنەوارێكی توتی ئاسانیم كە یەكێتی هەرچییەكی وت و هەرچییەكی كرد من بیكەم و بیڵێم ولام پەسەند بێت , لەگەڵ بەها جوانەكانی یەكێتیدام و یەكێتیشم بۆیە لا جوان و قبوڵە كەئەوەم لێ قبوڵ دەكات بەچاك بڵێم چاك و بەخراپیشی

بلێم خراپ . بەردەوامیش بەو شێوەیە هێناومە و هەرواش دەمێنم و زیندوێتی یەکێتی و جیاوازیشی لە گەلْ هەر رێکخراوێکی تری پێشکەوتووخوازدا لەوێوە دەبینم , ئەوە دەرگای چوونە ناو جیاوازییەکانێتی . ئەم چەند دێڕەی سەرەوەم بۆ ئەوە نووسی کەلێرەدا رەخنەیەك ئاراستەی (ی.ن.ك) بکەم و بەدەنگێکی بەرز بلێم (بەری چاوت بەکلەوەیە ) وەك چۆن پێشتریش چەندین جار ئەو هاوارەم کردووە بەتایبەتیش لەدوای ئازادکردنی کەرکوکدا چەند جارێك هاوارمان بۆ ( پارتی و یەکێتی ) کردووە کەنابێ و ناکرێ و رێگە نادەین لە کەرکوك ململانێی حزبایەتی بکەن , چونکە کەرکوك وهەریەك لەو شارو شارۆچکانەی تا وادەی روخانی بەعس بەدەستی رژێمەوە بوون بایی ئەوەیان پێوەنەماوە کەبکرێنە شوێنی ململانێی حزبایەتی , بەڵکو کوردایەتیان پێویستە , کە هەر ئەو یەکدەنگی و یەك هەڵوێستییەبوو وایکرد کورد لە کەرکوك هەڵبژاردنی پارێزگار بباتەوە , چونکە بەڕۆحی حزبایەتییەوە کاریان بکردایە کەرکوکمان لەدەست دەچوو .

بەلاّم ئەوەی کەچاوەڕوانی نەدەکرا کەچی روویدا و پێویستە وەك زەنگێکی مەترسیدار بەگوێی (ی.ن.ك) و هەموو کورد دا بدرێت , ئەوەیە کەئەمجارە نەك ململانێی حزبایەتی نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد بەڵکو ململانێی نێوان یەك حزب و یەکتر نەخوێندنەوە و کێ بەرکێی نێوان (ی.ن.ك) و تەسککردنەوەی لە نێوان شارێك و ئۆرگانێکدا بووە هۆی ئەوەی کە ( تاپۆی قەزای داقوق بکرێتە ناوی عەرەبێکی دەهەزارییەوە ) کەدەڵێم تاپۆکردنەوەی , لەبەر ئەوەیە کەئەم قۆناغە قۆناغی تاپۆکردنی ماڵە زەوتکراوەکانمانە شارۆچکەی داقوق–یش یەکێکە لەو ناوچانەی بەچڕی بەر پاکتاوی رەگەزی کەوتبوو , هەوڵێکی زۆر هەبووە بۆ بەعەرەبکردنی و تەنانەت لەراپەڕینی ساڵی 1991 دا نەمانتوانی ئازادی بکەین , بەلاّم لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە کوردەکان گەڕاونەتەوە ناوی سیمای کوردی بوونی بۆ گەڕایەوەو بگرە کوردیش حوکمی دەکرد.

کەچی لە ڕۆژی 2003/7/3 لە پرۆسەی هەڵبژاردنی قایمقامدا سێ کورد لە بەرامبەر یەك عەرەبی دەهەزاری خۆیان کاندید کرد , کەپێویست بوو یەك کوردێك خۆی هەڵبژاردایە کەچی ململانێی ئەم سێ هەڤاڵەی ( ی.ن.ك) ودەست لەپشتدانی خەڵکانی تر لەسەرویانەوە بووە هۆی ئەوەی ( عەرەبێکی هاوردە ) هەڵبژاردنەکەی بباتەوە , لێرەوە دەبێ ئەو بەئاگا هێنانەوەیە کەبۆ یەکێتی پێویستە رای بگەیەنین وبلێین ناکرێ و نابێ و نەشیاوە و خەتایەکی گەورەیە ئەوە قبوڵ بکرێت کە لەئەنجامی ناکۆکی و ناتەبایی و یەکتر نەخوێندنەوەو ململانێی ناو ریزەکانی (ی.ن.ك) دا هەڵبژاردنی شارێك بدۆڕێنین . پێشتر لە هەڵبژاردنی پۆلیسی کەرکوکدا , کاتێ بەهۆی ئەوەی کە پارتی و یەکێتی دەنگیان بەیەکتر نەداو هەردووکیان خۆیان پالاّوت و عەرەبێك لێیانی بردەوە , پاساویان ئەوەبوو کەهەڵبژاردنەکە لەناکاو بووەو هیچ خۆئامادەکردنێکی بۆ نەکرابوو . بەلاّم خۆ هەڵبژاردنی قایمقامی (داقوق ) وا مانگێکە قسەی لەسەر دەکرێت ئەمە سێ چوار جارە هەردوادەخرا خۆمانی بۆ ئامادەبکەین و چەندین کۆبوونەوەی لەسەر کرابوو . ئێستا ئەگەر ململانێکەو یەکتر نەخوێندنەوە و تەنازول نەکردنەکە لەنێوان پاڵێوراوێکی پارتی و پاڵێوراوێکی یەکێتی بوایە , ئەمانووت هەرلایەك دەیەوێ دەسەلاّتی شارەکە بۆ خۆی قۆرخ بکا و ئەوکات ئەمانووت کوردیان کردە قوربانی بەرژەوەندییە حزبییەکانیان , بەلاّم ئێستا نازانی ناوی چی لێبنێی کاتێ سێ هەڤاڵی سەر بە (ی.ن.ك) و بە حساب ( کادیر ) خۆی بۆ قایمقام هەڵدەبژێرێت لەڕقی یەکتری دەنگ بەعەرەبێکی (سوودمەندی دەهەزاری) دەدەن و ئەو دەکەن بە بەرپرسی ئیدارەی شارەکە , کەئەوە دەبێتە بەڵگەیەکی مێژووی و تۆماردەکرێت کە لەسەردەمی ئازادی و دوای روخانی سەدام و لەسایەی هاوپەیمانێتی ( ئەمریکا –کورد ) داو لەهەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیانەدا ماڤی خاوەنداریێتی داقوق دراوەتە عەرەبێکی هاوردە. دوور نییە سبەینێ هەڤالاّنی پشت پەردە ئەوانەی لە پشتی پاڵێوراوەکانەوە

بوون بۆداپۆشینی عەیبەکەیان بێن و بڵێن (قایمقام ) هیچ نییە هەڵبژاردنەکە کاتییە , ئەی ئەگەر قایمقام هیچ نییە بۆچی شەڕی لەسەردەکەن ؟

رەنگە یەخەی منیش بگرن و بڵێن نەدەبوو ئەم بروسکە بەپەلەیە لەڕۆژنامەدا بنووسی وئێمە خۆمان ئیجرائاتمان دەکرد, ئەوە لەئێستاوە وەڵامی ئەو قسەیش دەدەمەوە کەزۆرجار هەڵەو کەموو کوڕی و کاری لابەلا بەسەرماندا تێپەڕیووەو کەسیش بەکەسی نەوتووە (دۆیەکەت ترشە) جابۆئەوەی کەئەم دیاردەیە نەبێتە نەریت و سبەی تەشەنە نەکات بۆ شوێنی ترو شاری ترو بۆ پۆستی تر , بەهیوام بەری پێبگرن و کورد نەکەین بەقوربانی کێشەکانی نێوان خۆمان , چونکە ئیتر نەکورد ئەوەمان لێ قبوڵ دەکات و نەبەرگەی مێژووی سبەینێ دەگرین .

*کوردستانی نوێ ژمارە (3112) لە 8 /7 /2003

# لەسایەی ئازادیدا

# عەرەبەکانی کەرکوك غەدریان لێ دەکرێت

نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆك بوش

کەرکوکیانە حەیاتم سەرۆك بوش

کاتێ حزبی بەعسی گۆڕبەگۆڕ (35) ساڵ بەر لە ئێستا لەساڵی 1968دا جڵەوی یەکجاری حوکمی گرتە دەست لەژێر کارتێکردنی بیرێکی شۆڤێنییانەدا کە دەیویست گەلی کورد لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبدا بتوێنێتەوەو خاکەکەی داگیر بکات و سەروەت و سامانی بەتالان بەرێ. بۆ ئەم مەبەستە رێگای جۆراوجۆری ناڕەوای بۆ گرتەبەر، کە یەکێك لەو رێگا ناشەرعیانەی لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم بەکار هێنانی (خەڵك) بوو وەك ئامرازێك بۆ ئەو داگیر کارییە. لەمڕووەوە غەدرێکی زۆری لە هاووڵاتیانی عەرەب کرد کاتێ کردیانی بە ئامرازی غەدرێکی گەورە لە کوردەکانی کەرکوك، غەدرکردن لە عەرەبەکان ئەوەبوو کە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و لەژیانی ئاسایی گوند و شارەکانی خۆیاندا لەنێو خزم و کەسوکارو عەشیرەتەکانیاندا هەڵیکەندن و بەزۆر هێنانی بۆ کەرکوك، کە بەشێکی زۆری ئەو عەرەبانە ناڕازی بوون بەوەی لەناوچەو شوێنی لەدایك بوونیان دوور بخرێتەوە، بەڵام بەعس بەزۆر لە خوارووی عیراقەوە رای گواستن و هێنانی بۆ کەرکوك و بەپێی بڕیارێکی (مجلس قیادە سەورە) کە ژمارەی (42)ی دراوەتێ لەرۆژی 1986/1/11 بەئیمزای سەدام حسێن دەرچووە. وەك کۆت و بەندی دیلێتی سەپاندویەتی بەسەر ئەو عەرەبە غەدرلێکراوانەدا کە بەهیچ شێوەیەك نابێ بگەڕێنەوە بۆ زێدی لەدایك بوونیان و ئەگەر لەحاڵێکدا هەر کەسێکیان سەرپێچی بکەن و بگەڕێنەوە ئەوا ئیجرائاتی توندیان بەرامبەر دەکرێت، کە لەدەقی بڕیارەکەدا سزا دانەکە دیاری کراوە ! بۆیە بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی دوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە (42) عەرەبەکانی کەرکوك خەونیان بەوەوە دەبینی کە رۆژێك بێت و بەئازادی بتوانن بگەڕێنەوە ناو خزم و کەسوکارەکەی خۆیان بەڵام تائێستا ئەو خەونەیان بەدی نەهاتووە.

غەدرکردنی لە کوردەکانیش لەو رووەوە بوو کەبەزۆر لە ماڵو حاڵی خۆیان لە کەرکوک دەردەکرانو ماڵو موڵکیان داگیردەکراو بۆیان نەبوو بەسەردانیش بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان ئەمانیش واتا کوردە دەرکراوە غەدر لێکراوەکانیش خەونیان بەوەوە دەبینی کە رۆژێك بێت زەبروزەنگی سەدامو دارو دەستەکەی لەسەریان نەمێنێ.

هەر بۆیە هەموو لایەك دڵخۆش بوون کەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشڕەوایەتی هاوپەیمانییەکی کرد بۆ روخاندنی رژێمی عیراقو ئازاد کردنی خەڵکە زوڵم لێکراوەکەی عیراق، ئێستا دوای پرۆسەی ئازادی عیراق بەشێکی کوردەکان بە ئاواتی خۆیان گەیشتنو گەڕاونەتەوە ناو شارەکەی خۆیان گەرچی زۆریان لەناو سەربازگە روخاو خانووە وێرانەو کەلاوەکانیدا دەژین، بەڵام هەر دڵخۆشن بەوەی لەزێدی لەدایك بوونی خۆیانداںو ژیانی ناو سەربازگەکانو کەلاوەو خانووە روخاوەکانیان لەهەموو شوێنێکی دەرەوەی کەرکوك پێخۆشترە، من وەك رۆژنامەنووسێکی کوردی دانیشتووی کەرکوك جەرگم ژان دەکات کەدەبینم عەرەبە غەدرلێکراوەکان بەتایبەت ئەوانەی کە لەخوارووی عیراقەوە هەڵکەندرابوونو بەزۆر هێنرابوون بۆ کەرکوكو ژیانێکی غەریبیو دوور لە ئازیزانی خۆیانیان بە کوللە مەرگی بردۆتە سەر، لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقیشدا لەدوای روخانی بەعسو نەمانی تارمایی زوڵم لەسەریان کەچی هێشتا هەر ئەو غەدرە گەورەیەی لێیان کرابوو هەر بەردەوامەو درێژەی هەیە، تائێستا بڕیارێك دەرنەچووە کە ئازادی بدات بەو عەرەبە دیلو زیندانیانەی کەرکوك کە مافی ژیانو بە ئازادی گەڕانەوەیان بداتێ بۆ هەواری باوو باپیریان.

هێشتا بڕیاری ژمارە (42) کەدژی پرانسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەودژ بەئازادی هەڵبژاردنی شوێنی ژیانە. رێگرە لە بەردەم گەڕانەوەی ئەم عەرەبە بەزۆر هێنراوانەدا رێگرە لەوەی کەبتوانن خانووەکانیان بفرۆشنو بگەڕێنەوە لە شاری خۆیاندا بە پارەکەی خانوو موڵکی پێبکڕن.

بۆیە داوا لەتۆی شکۆمەندو خاوەن هەستی مرۆڤایەتی دەکەم کە دەسەڵاتی ئەوەت هەیە بڕیارێك بدەی وەك مژدەو پەیامی ئازادی بۆ ئەو عەرەبە (کۆیلەو دیلانە) کە سەدام وای بەسەر هێناونو ئێمەش هەموومان چاوەڕوانی ئەوە لەبەڕێزت دەکەین کەئازادی ژیانو مافی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بونمان هەبێ بەویستی خۆمانو هەموو ئەوانەی لەسەر زێدی خۆمان هەڵکەندراوین بگەڕێینەوە هەمان ئەو شوێنەی کەبەر لەهاتنی بەعسییەکان لێی دەژیاین.

چاوەڕوانی هیمەتی دڵسۆزانەتانین کەوەك خەمخۆرێك بەدەنگو بە تەنگ کێشەکانمانەوە بێی.

لەگەڵ رێزمدا

*کوردستانی نوێ ژمارە (3134)لە 3 /8 /2003

# لە عەرەبی خستنی کەرکوك پێویستی بە هەموومانە

ماوەیەکە خەریکە قسەیەکی جدی لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك بۆ زێدی خۆیان دەست پێدەکاتو ئەمە بووەتە بابەتی رۆژنامەکان.. گەرچی خەریکە بە دیوێکی خراپیشدا

بشکێتەوەو وەك تانەو تەشەر بە کەرکوکییەکان دەڵێن بۆ ناڕۆنەوە، وا پێدەچێت جۆرە زۆرێکیش لەو ئاوارە کەرکوکییانە بکرێت کە لەشارو شارۆچکەکانی تری کوردستاندا دەژین تا ناچاری گەڕانەوەیان بکەن.. کە گەڕانەوەی دەرکراوەکانی کەرکوك بەهەر جۆرێك بێت گەورەترین خزمەت بە گەلی کوردو کەرکوکییەکان خۆیشمان دەکات، بۆیە من بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ ئەو گەڕانەوەیەدام، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێت کە ئەرکی نەتەوایەتی قۆناغەکە تەنها لە ئەستۆی کەرکوکییەکاندا نییە.. رەوڕەوەی کوردایەتی لە کەرکوك بێ کۆتاییەو بەهۆی ململانێی نەتەوایەتیەوە، ئەو رەوڕەوەیە هەر دەمێنێ‌و درێژەی دەبێت، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە کوردایەتی لە کەرکوك پێویستەو دەبێ هەر کەرکوکییەکان کوردایەتی بکەن، چونکە لە شارەکەی ئەواندایە.. راستە دەبێ کەرکوکییەکان لە هەموو کەس زیاترو خەمخۆرانەتر بەشداری ئەو خەباتە بکەن بەڵام نابێ خەڵکی شارو شارۆچکەکانی تری کوردستانیش خۆیان لەو خەباتە بدزنەوە.. وەك چۆن پێشتر کەرکوکییەکان بەشداری خەباتی ئەوانیان کردووەو لەهەر کوێرە دێیەکدا شەڕ بوبێ‌و پەلاماری هەر ناوچەیەك درابێ پێشمەرگەی کەرکوك خوێنی بۆ پاراستن‌و رزگارکردنی رشتووە.. کەرکوکییەکان بە یەك چاو روانیویانەتە هەموو بستە خاکێکی ئەم کوردستانەو خەبات چۆنی ویستبێ لەکوێ پێویست بووبێ ئەوان لەوێ بوون.. لەبەر ئەوە ئێستا قۆناغی خەباتی نەتەوایەتیمان کەوتۆتە کەرکوکەوەو بۆ داماڵینی پەچەیی (عەرەبیزم)و لابردنی سیمای تەعریبکراوی ئەو شارە پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان. هەموو نیشتمان پەروەرێکی ئەم میللەتە بە هەموو رەنگەکانیانەوە بەجیاوازی ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچونەکانەوە روو بکەینە کەرکوك‌و بەشداری ئەو خەباتە بکەین کە قۆناغەکە خستویەتییە ئەستۆمان‌و خەباتەکەش خەباتێکی رەواو ئاسانەو سەختی تیا نییە رێگای یەکەمودووا رێگای تەنها هەڵبژاردنی شوێنی ژیانە لە یەکێ لە گەڕەکەکانی شاری کەرکوك دا ..کە بە پلەی یەکەم ئەرکی کەرکوکییەکانە لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە ئەژین بگەڕێنەوە زێدی لەدایکبوونیان بەڵام رەوڕەوەی کوردایەتییەکە پێویستی بە خەڵکی دەرەوەی کەرکوکیش هەیە وەك چۆن کەرکوکییەکانیش بەشداریان لە خەباتی شارەکانی تردا کردووە.. وەك چۆن قۆناغە جیاجیاکانی خەبات شوێنی ترو سەنگەری سەخت‌و تەنانەت خوێنی کەرکوکییەکانیشی ویستووە.. هەل‌ومەرجی ناوخۆی کوردستان وای کرد دوای 31 ئاب ئێرانمان هەڵبژاردو دواتر هەولێری‌و بادینانییەکان شاری سلێمانیان کردە شوێنی ژیان چونکە قۆناغی خەباتی حیزبایەتی ئەوکاتە وای دەخواست.. ئێستا خەباتی نەتەوایەتی‌و کوردایەتی وا دەخوازێ بادینیەك‌و سلێمانی‌و هەولێری‌و کەرکوکییەك پێکەوە لە کەرکوك دراوسێ بن.. مناڵی هەر چوار لایان پێکەوە مان بگرن‌و داوا بکەن خوێندن بکرێتەوە بە کوردی.. بۆیە هەر کەس خۆی لەم خەباتە بدزێتەوە، لانی کەم مافی ئەوەی نامێنێ لاف‌و گەزافی کوردایەتی لێ بدات.. چونکە کوردایەتی ئەوەتا لە کەرکوکدایەو تا کەرکوك دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی پێویستی بە هەموومانە.. چونکە بە هەموومان نەبێ ناتوانین کەرکوك لە (عەرەبی بخەین) کە بە (35) ساڵ هەوڵ‌و ئیمکانیاتی مادی چەندین دەوڵەت تەعریب کراوە.

*گەڕانەوە ژمارە(4) لە9 /8 /2003

# سەرنجێك لەسەر
# پرۆسەی بنیاتنانەوەی کەرکوك

هاوڕێی نووسەرو رۆژنامەنووسم کاك ئازاد جوندیانی بە کورتە نووسینێك لەگۆشەی دواستوونی کوردستانی نوێدا بابەتێکی وروژاند کە پەیوەندی بەژیانی سیاسی ئایندەی هەر تاکێکی کۆمەڵی کوردیو بزووتنەوە رزگاریخوازەکەیو بزاوتە جەماوەرییەکانی ئەم میللەتەوە هەیەو بەتایبەتیش پەیوەندی راستەوخۆی بەئێمەی کەرکوکییەوە هەیەو لەنووسینەکەشیدا رووی قسەکانی کردۆتە ئێمەی بەحساب خاوەن قەزییەکەی کەرکوك.

لەدوای ئەو نووسینەی کاك ئازادیش کاك سەلاح رەشید وەك وەزیرێکی پەیوەندیدار بەئاوارەکانی کەرکوکەوە ئەویش بەردێکی خستە نێو گۆمی مەنگی (مانەوەو نەچوونەوەی ئاوارەکانەوە بۆ زێدی لەدایك بوونیان) کە چ ئەو نووسینانەو بابەتەکە خۆیشی وەك پرۆسەیەك بۆ بنیاتنانەوەی کەرکوك قسە هەڵدەگرنو بەندە پێشتریش لەژمارە (3)ی رۆژنامەی گەڕانەوەدا لەژێر ناونیشانی (پێویستە مام جەلالو کاك مەسعود ماڵیان بێنن بۆ کەرکوك) ئەو بابەتەم وروژاندوەو نەك بە تەنها قسەم لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك کردووە، بەڵکو زەرورییەتی چوونی خەڵکەکانی دەرەوەی کەرکوکیشم بۆ ناو کەرکوك روونکردۆتەوە. ئێستاش لەدوای وروژاندنی ئەو باسەو دوای نووسینی بابەتەکانی ئەو بەڕێزانەی باسم کردن، بە پێویستم زانی کە هەندێ سەرنجی خۆم لەو بارەیەوە دەربڕمو بەوەش دەستپێدەکەم کەمن کاتی خۆی لەدژی نیشتەجێکردنی ئاوارەبوومو بەنووسین ئەو بۆچوونەی خۆمم خستۆتە روو کە هەق نییە خانوو بۆ ئاوارە دروستبکرێتو مەترسییەکانیم ئەوکات خستۆتە روو کە ئەو کات رووبەڕوی رەخنەی توند بوومەوە، بەڵام ئێستا هەست بەمەترسییەکانی دەکرێتو رەنگدانەوەی بەژیانی کەرکوکەوە دیارە.

قسەکانی ئەو بەڕێزانەو شیوەنەکەی ئێمەش بۆ گەڕانەوەی کەرکوکییەکانە بۆ سەر زێدی

لەدایکبوونیان کە گەڕانەوەو نەگەڕانەوەیان کاریگەری بەسەر ژیانی تاکەکانی تری کۆمەڵی کوردیو ئایندەی سیاسی نیشتمانیو دەسەڵاتەکەمانەوە هەیە، چونکە بەدرێژایی مێژوویەکی زۆر، دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی عەرەب هەوڵی داگیرکردنی ئەم شارەیان داوەو لەو ڕێگە جۆراوجۆرانەی بۆ داگیرکردنی گرتوویانەتە بەر بەکارهێنانی خەڵکی بووە وەك ئامرازی داگیرکاری، خەڵکی عەرەبیان هێناوە بۆ زیادکردنی ژمارەی عەرەب لەناوچەکەداو کوردەکانیان دەرکردووە، قەزاو ناحیەی عەرەبنشینیان لەڕووی ئیدارییەوە خستۆتە سەر کەرکوكو بەشێکی زۆری قەزاو ناحییەکانی کوردیان لە کەرکوکی کوردستان دابڕیوەو بەمانە ویستویانە هەنگاو بە هەنگاو شارەکە مێژووەکەیو خەڵکەکەی بە عەرەب بکەن.

بۆیە لەوەها حاڵەتێکدا مەسەلەی گەڕانەوەی دەرکراوەکانی ئەو شارە ئەهمییەتێکی سیاسی ستراتیژی نەتەوەیی بەخۆ دەگرێت، ئەمەش لەوەها حاڵێکدا کە هێشتا ئایندەی سیاسی عیراق و هەڵوێستی برا عەرەبەکانمانو دەسەڵاتی داهاتووی عیراق روون نییە لە بەرامبەر کورد بەگشتیو بەتایبەتیش ئایندەی شاری کەرکوك، بۆیە دەبوو مەسەلەی کەرکوكو گەڕانەوەی بۆ سەر ئیدارەی کوردستانو بەکوردی کردنەوەی ولە عەرەببیخستنی لە ئەولەویەتی کارەکانی سەرکردایەتی سیاسی بزوتنەوەی کورد بوایا. بەڵام جێی داخێکی گەورەیە کەهیچ هەوڵو هەنگاوێك نەنراوە کەڕەوتی گەڕانەوەکە خێراتر بکات. کەدەبوو هەر لەڕۆژە سەرەتاییەکانی ئازادکردنی کەرکوك دا دوو مەسەلەی گرنگ کۆتاییان بهاتایا کە یەکەمیان گەڕانەوەی کەرکوکییەکانو دووهەمیان ناردنەوەی بێگانەکانی ناو کەرکوکە (مەبەستم لە عەرەبە هاوردەکانە) کە ئەوە نەکراوە، خەباتەکەمان قورستر دەبێت.

1.لەبەر ئەوە ئەو ترسە رەوییەوە کەماڵو خاك داگیرکەرەکان لەسەرەتادا هەیان بوو بەوەی کەئیتر ناتوانن بێ پشتیوانی بەعس لە کەرکوك بژین، چونکە لەهەفتەی یەکەمدا هەر کۆلکە خوێندەوارێك پڕباخەڵی کردبوو لەوەرەقەی مۆرداری حزبەکانو بەسەر ئەو عەرەبە چاوڕەشانەدا شاباشی دەکرد.

2.ئەو هەستو خواستی گەڕانەوەیەش لای دەرکراوەکان خاوبووەوە کە پێشتر خەونیان پێوەدەبینی (رۆژێك بێت سەدام بڕۆخێو بچنەوە وەتەن) چونکە نەك هاندان نەبوو بۆ گەڕانەوە بگرە رێگریش هەبوو لەلایەن دەسەڵاتو ئیدارەی کوردییەوە. بەڵام ناکرێت لەبەر ئەوەی هەڵەکراوەو ئەو زەمەنە تێپەڕیوەو ناگەڕێتەوە ئیتر دەستبەرداری خەمی مەسەلەکە بین، دەبێ بۆ بەدیلی ئەو رۆیشتوانە بگەڕێینو بیر لە رێگەچارەی تر بکەینەوە بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکوك، چونکە ناکرێ بەوە خۆمان هەڵبخەڵەتێنین وەك ئەوەی ئێستە قسەیەك هەیە دەڵێن ئەی بۆ ئاوارەکانی بادینانو هەولێرو سلێمانی کەماڵ کاولبووی شەڕی ناوخۆی کورد بوون ناگەڕێنەوە هەواری خۆیان. با کەرکوکییەکانیش وەك ئەوان ئازادبن لەگەڕانەوەو نەگەڕانەوەدا. کە خەتەرناکترینو کاڵفامانەترین بیرکردنەوەیە ئەو بەراوردە بەو شێوەیە بکەین. لەبەر ئەوەی دهۆك یان هەولێرو سلێمانی ململانێی نەتەوایەتی نییە بۆ تاپۆکردنەوەی " کەی کێشەیە لەدهۆك یان زاخۆ ماڵی ئەندامانی یەکێتی کەمترین لەپارتی. کورد چی زەرەرێکی لەدەستدانی خاك دەکات گەر (دە) هەولێری بیانەوێت لەسلێمانی بژین یان بەپێچەوانەوە چەند ماڵێکی سلێمانی لە بادینان گیرسابنەوەو نەیانەوێ بگەڕێنەوە (سابونکەران) بەڵام کارەساتە دوای (35) ساڵ لەهێنانو پەلکێشکردنی عەرەب بۆ کەرکوكو دەرکردنی کورد لە کەرکوك لەدوای پرۆسەی ئازادیو دوای رووخانی بەعسو ئازادی کەرکوك لێبگەڕێین کە عەرەبە هاوردەکان لە کەرکوك بن و کەرکوکییە ئەسڵیەکانیش لە پێنجوێن، کەدەڵێم کەرکوکییە ئەسڵیەکانیشو هەر ئەو بە ئەسڵ کەرکوکی بوونەش شەرعییەتی داوەتە ئەوەی کە بەزۆریش بێت دەبێ بچنەوە بۆ کەرکوك لەبەر ئەوەی ئێمە لە کەرکوك کێشەی ئامارو نفوسمان

هەیە. پێویستمان بەوە هەیە پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکوك چاکبکەینەوە. لێرەوەیە کە پێویستمان بەگەڕانەوەی کەرکوکییەکانە، چونکە هەزار ماڵی بادینان و سلێمانی باربکەن بۆ کەرکوك کەقسە هاتە سەر ئامارکردن و پشتبەستن بە ئامارە کۆنەکانی شارەکە ناتوانن تەنها ژمارەیەك بخەنەسەر ژمارەی دانیشتوانی کورد لە کەرکوك، بەڵام تەنها ماڵێکی ئاوارە کە لەئاماری (57)دا لەکەرکوك ناوی لەنفوسی کەرکوکدا هەبێ هاوکێشەکە دەگۆڕێت، بۆیە دەبێ فشاری جۆراوجۆر بۆ گەڕانەوەی هەموو کەرکوکییەك بەکاربهێنین، بەڵام دەبێ رەچاوی ئەوەش بکرێت کەرکوکی بوون تاوان نییە کە لەبەر ئەوەی کەرکوکی بووین هەمیشە قوربانی بین. من دەڵێم دەبێ هەموو ئاوارەکان بگەڕێنەوە بۆ کەرکوك، بەڵام لەدژی ئەوەم ئاوارەکانی (مەعەسکەر سەلام جارێکی تر لە مەعەسکەر خالید بژین). دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کە ناکرێ کەرکوکییەکان هەر بە ئاوارەیی و لەخێوەتدابن، من لێرەوەیە لەدژی ئەو بۆچوونانەم کە دەڵێن و دەنووسن با کەرکوکییەکان لەخانووی قوڕو لەخێوەتدا بژین لە شارەکەی خۆیاندا، کام یاسا ئەوە قبوڵ دەکا دوژمنەکەت دەرتبکات و بڵێ وەك ئاژەڵ بژی لەدوای روخانی ئەو دوژمنانەش وامان پێ بوترێتەوە.

پێویستە باشترین ئیمتیازو پاداشت و هاندان هەبێ بۆ گەڕانەوە، تۆ کەدێی بەمن دەڵێی بچۆرەوە بۆ کەرکوك کە لەڕووی ئیداری و دەسەڵاتیشەوە لە کەرکوك رێگریی زۆرە، بەڵام خۆ دەبێ لە حکومەتەکانی هەولێرو سلێمانیدا ئاسانکاری بکرێت بۆ چوونەوە. چەندین هەزار مامۆستای کەرکوکی هەیە کام وەزارەتی پەروەردە لە هەولێرو سلێمانی بڕیاریدا گەر مامۆستا کەرکوکییەکان بچنەوە کەرکوك هیچ نا تەنها بەغیاب مەیانووسن. کامیان بەڵێنیان دا گەر فەرمانبەرێکی کەرکوکی لەبەر ئەوەی وا پێویستەو کوردایەتیە گەر لە مەعەسکەر خالیدو فەیلەق و باروتخانەدا بژی لەسەر دەوام نەکردنی فەسڵی ناکەین.

کام بەرپرسی فەرمانەدەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فەرمانەدەیی لەشکری کوردستان وتیان لەوە دەبوورین هەر پێشمەرگەیەکی کەرکوکی ماڵەکەی بەرێتەوە کەرکوك و پێی نەکرا دەوام بکات مووچەکەی نابڕین و نانبڕاوی ناکەین. ئەمانەو زۆری تریش هۆکاری سەرەکی پەیوەستکردنی ئاوارەکان و بگرە ناچارکردنی کەرکوکییەکانن کەهەر بە ئاوارەیی بژین. ئەمە سەرباری ئەوەی لەوڵاتی ئێمەدا جۆرێك چاولێکەری هەیەو زاڵەبەسەرماندا، کەرکوکییەکان بەچاوی خۆیان ئەوە دەبینن کەماڵی بەشێکی زۆر لەوانەی حکومی وڵاتەکەی دەکەن ماڵەکانیان لەخۆشترین وڵاتی دنیایەو بگرە (سقوت جنسیەشیان کردووە)و خۆشیان لە کوردستانن و کاربەدەستن. ئەمانەش چاو لەوانە دەکەن کە بۆچی بۆ ئەوانە جێی تانەوتەشەر نییە کە ئامادەنین لەسلێمانی بژین لەکاتێکدا دەتوانن لەسلێمانی یان هەولێر وەك خێزانی پاشاکان بژین ئەی ئەم کەرکوکییە داماوە چۆن قەناعەت بەژن و منالی بهێنێ کە بابڕۆینەوە بۆ کەرکوك و با لە دائیرە فەسڵ بکرێین و منالەکانمان مەحروم بن لەخوێندن و گوێ نەدەینە تەق و تۆق و هەڕەشەی نەیارەکانمان و ژیانمان بخەینە مەترسییەوە بەڵکو هەموو ئەمانە لەپێناوی ئەوەی کەرکوکی بووین.

هەرچەندە لەگەڵ هەموو ئەو رێگریانەشدا گەر بەراوردی (هاندان و رێگری) بکەین ئەوە هێشتا ژمارەیەکی باش لە ئاوارەکان گەڕاونەتەوە، بەڵام ماوەی ساڵێك و دوان خەباتەکەی ناو کەرکوك پێویستی بەهەموو کورد هەیە تا لەعەرەبی دەخرێت و لەڕووی ئیدرای و جوگرافی و سیاسییەوە دەخرێتەوە سەر کوردستان پێویستە هەموو کوردێك هەست بەوە بکات ئەرکی لەسەر شانە وەك کەرکوکییەکان خەبات بکات.

هەرکات ئەو هەستە لای خەڵکەکەی دەرەوەی کەرکوك دروست بوو ئامادەبوون لە کەرکوك بژین بائەوان سەرکردایەتی حزبەکانیان و حکومەتەکانیان خانوویان بۆ بکڕێت لە کەرکوك و پاداشتیان بداتێ، ئێمەی کەرکوکی نەك (معارز) نابین، بەڵکو ئامادەین ئێمە لەناو سەربازگەو خێوەتدا درێژە بەو کوردایەتییە

بدەین و با ئەوانیش لەناو (خانووە راقییەکانی کەرکوکدا بن) چونکە بیرکردنەوەیەکی خراپە گەر خەڵکانی دەرەوەی کەرکوک پێیان وابێت ئەو خەباتەی ئێستای قۆناغەکە و هەوڵی بەکوردی کردنەوەی ناوچە تەعریبکراوەکانمان تەنها لە ئەستۆی خەڵکی شارە تەعریبکراوەکان خۆیان دایە و پێیان وابێت بۆ ئەوەی (شەنگار) لە عەرەبی بخەین و بیگەڕێنینەوە سەر ئەسڵی خۆی و سیمای کوردانەی بکەینەوە بە بەردا ئەوە هەردەبێ خەڵکی (شەنگار) خۆیان ئەو خەباتە بکەن. گەر ئەوە بکەین سەری تێدەنێین، ئەو کاتە بەزۆرو داگیرکاری شارەکانمان زەوتکرابوو ئێستا لەسایەی ئازادیدا خۆمان پێشکەش بەداگیرکەرانی دەکەین، چونکە هەوڵی داگیرکارییەکە پێشتر بەشێوەیەکی بەرفراوان کراوە و هەموو لایەنەکانی مێژووی وجوگرافی وئابووری و ئیداری و.. هتد هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو ناوچانەی گرتۆتەوە، بۆیە خەباتی هەمەلایەنەشمان پێویستە بۆ گەڕانەوەی هەموو ئەو لایانانە. کە ئەوەش تەنها بە خەڵکەکەی کەرکوک ناکرێت و قۆناغەکە واپێویست دەکات هەموولایەك پێکەوە بین، چونکە ئەمڕۆ رەوڕەوەی کوردایەتییەکە کەوتۆتە ئەو ناوچانەوە، وەك چۆن پێشترو لە قۆناغە جیاجیاکاندا کەرکوکییەکانیش بەشداری خەباتی هەمەلایەنەی گشت کوردستانیان کردووە و لە خەباتی شاخدا سەدان جار هەرێم و تیپەکانی کەرکوك و گەرمیان چوون و لەناوچە جیاجیاکاندا خوێنیان رشتووە و شەهیدبوون. لەبەر ئەوەی ئەو رۆژەی خەبات وای پێویست بووە، بۆ نموونە هەرچی پێشمەرگەی کەرکوك هەبوو لەشەڕەکانی بەرگری سەرکردایەتیدا بەشداربوون، بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەڕەشەکە لەوێ بوو. هەرچی پێشمەرگە و کادیری هەولێری و بادینان بوو دوای ساڵی 1996 بەماڵ و مناڵەوە هاتنە ناوچەکانی دەرەوەی هەولێرو بادینان و زۆربەیان لەسلێمانی گیرسانەوە ئەوەش کەسیان لەخۆشیدا نەبوو بۆ بەزم و سەفا و سەیران نەهاتن. هەلومەرج و قۆناغی خەباتەکەیان وای پێویست بوو. ئێستا قۆناغی خەبات وا دەخوازێ هەمووان بێنە کەرکوك، چونکە کوردایەتییەکە لە کەرکوکدایە، بەتایبەتیش وا پێویست دەکات ماڵی گەورە بەرپرسەکان بێنە کەرکوك، چونکە هەریەك لەوان سەدان کەسی بەدەورەوەیە و رۆژانەش کاری‌بەسەدانی تر دەبێ وسەدانیش خۆی سەری لێئەدات، کەواتە گەر ئەم بەرپرسانە هاتنە کەرکوك ئەو هەموو (سەدان کەسە) دێنە کەرکوك و تێکەڵ بەرەوڕەوەی کوردایەتیەکە دەبن و رەوتەکەش بەهێز دەکەن. یاخود گەر بارەگای سەرکردایەتییەکان و سەرۆکی حزبەکان بێنە کەرکوك مەرکەزی دەسەڵات دەبێ و وردە وردە کەرکوك دەبێتەوە بەو پایتەختەی خەونی پێوەدەبینین، بەڵام بەداخەوە سەرکردە هەیە هێشا دوای چوارمانگ ئازادی کەرکوکی نەبینیوە، کەمتەرخەمییەکە لەو ئاستەدایە ئیتر بەچی و چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کەرکوك وابەزوویی ئاسەواری داگیرکارییەکەی لەسەر لابدرێت. کە ئەمەیان وەك رەخنەیەك ئاراستەی سەرکردایەتی هەموو حزبەکان و هەموو ئەو سەرکردانە دەکەم کەوەکی تر لاف و گەزافی کوردایەتی بەسەر یەکتری و خەڵکی تردا لێدەدەن و ئەوەش تێڕوانین و خەمیانە بۆ کەرکوك.

بۆیە لێرەوە رووی قسەکانم دەکەمە هەریەك لەبەڕێزان کاك ئازاد جوندیانی و کاك سەلاح رەشید و هەموو ئەو کاکانەی تر کە تا ڕادەی بەزۆر دەرکردن لەگەڵ گەڕانەوەی کەرکوکییەکاندان و منیش زەرووریيەتی گەڕانەوەیانم خستەڕوو. بەڵام دەبێ لەوە تێبگەین کەنیوەی ئەرکەکە لە ئەستۆی کەرکوکییەکان دایە و باقییەکەی لە ئەستۆی حزب و سەرکردە و حکومەتەکانی هەولێرو سلێمانی و خەڵکانی دەرەوەی کەرکوکیشە.

کاك ئازاد کاتێ رووی قسەکانی دەگۆڕێت بۆ کەرکوکییەکانی هەندەران و مەسئولیەتی مێژووی کەرکوك دەداتە سەریاندا، من لەوە دەگەم، کە کاك ئازاد دیارە کەرکوکییەکانی ناوخۆی کوردستان

بەپلەی یەکەم دەخاتە بەر ئەو پرسیارەو کەباسی ئەوانەی هەندەران دەکا ئەم بەحساب ئەوانەی ناوخۆ خۆیان خاوەنی راسەقینەو خەمخۆری مەسەلەکەن و پێی وایە کە ئەمان دەچنەوە بەڵام داوای گەڕانەوەی کەرکوکییە هەندەرانییەکانیش دەکات. من لە کاك ئازاد دەپرسم ئایا سەردەمانێك گەڕانەوەی پەراگەندەکانی شارەکانی تریش زەرورییەتی نەبوو ئەی بۆ کەس هەلآی لەسەر دروست نەکردن. بۆ بۆئێمەی کەرکوکی داوا دەکەن کە دەبێ ئەوانەی هەندەرانیش بگەڕێنەوە. من تەنها لەیەك لایەنەوە پشتگیری قسەکانی کاك ئازاد دەکەم ئەویش نەك بۆ گەڕانەوەی کەرکوکییەکانی هەندەران، بەڵکو بۆ بەشداریکردنی کەرکوکییەکانی هەندەران لەپرۆسەی بنیاتنانەوەی کەرکوکدا. بۆ نموونە من داوا دەکەم کەرکوکییەکانی هەندەران کەتواناو ئیمکانیاتیان هەیە با لەوێوە پارە بۆ کەسوکاریان بنێرنەوە کە لە کەرکوك خانووی پێبکڕن. من داوا دەکەم کەکۆمسیۆنێکی کەرکوکی پێکبهێنن و کۆمەکی سندوقێك بکەن بۆ هاوکاری گەڕانەوە .. بڵێن هەر ماڵە شەهیدێکی کەرکوکی بچێتەوە کەرکوك ئێمە چەند هەزار دۆلارێکی دەدەینێ خانووی پێبکڕێت، بەو شێوەیە دەکرێت کەرکوکییەکانی هەندەران بەشداری بکەن لەپرۆسەی گەڕانەوە بۆ کەرکوك و بنیاتنانەوەی کەرکوکدا، نەك ئەرك و مەسئولیەتەکە لەکۆڵ خۆمان بکەینەوە و بیدەین بەسەر کەرکوکییەکاندا.

وەك چۆن کاك سەلآح رەشید هەموو ئەو مەسئولیەتەی داوە بەسەر مەسئولەکانی کەرکوکدا، من بەرگری لە مەسئولینی کەرکوك ناکەم و هیوادارم وا تێنەگەن کە ئەمە بەرگرییە لەوان. ئەوان دەتوانن خۆیان بەرگری لەخۆیان بکەن. بەلآم بەکاك سەلآح دەڵێم ئایا ئەرکی قۆناغەکە تەنها لە ئەستۆی کەرکوکییەکاندایە؟ راستە دەبێ ئەوان لەپلەی یەکەمدا بن، بەلآم ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیە تەنها بە مەسئولینی کەرکوك هەڵناگیرێ و ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد نیازی وایە بەو شێوەیە دەوروتەسلیممان لەگەڵدا بکات، ئەوە دەستبەرداربونی کەرکوکە..!

راستەخەڵکی ئاوارەو هەژار گلەیی دەکەن بۆچی ماڵی فلآنە بەرپرس و فلآنە وەزیر نایەتەوە بۆ کەرکوك و ئەوەتا کاك سەلآحیش تەعنمان دەکات و دەڵێ بۆ ناچنەوە، کەرەخنەی نەچوونەوەکەی هەقە، بەلآم دەبێ ئەوەش بزانن کە ئەرکی ئەوانیشە بێن بۆ کەرکوك. باماڵی چوار بەرپرسی سلێمانی و هەولێر بهاتایەتە کەرکوك بۆ ئەوەی ببوایەتە شەرم بۆ مەسئولینی کەرکوك و ئەوکات هەموو خەڵك هەلآی لەسەر دروستدەکرد کەماڵی (کاك سەلآح رەشید لە کەرکوکەو ماڵی کاك جەلال جەوهەر لەسلێمانی) کە ئەگەر من وەك ئێوە بەرپرس بوایەم و توانا و ئیمکانم بوایەو سەرکردایەتی حزب و حکومەتەکەم خانوی بۆ بکڕیبام و خەڵکی سلێمانی بم ئێستا بارم دەکرد بۆ کەرکوك بۆ ئەوەی شەرەفێکی گەورەم بەرکەوتایە لەمێژووی کەرکوکدا و ئەوکات خەڵکی بەردبارانی ئەو کەرکوکییانەی دەکرد کە لەشارەکانی تر بە ئاوارەیی بژین و ناچاردەبوون سەری خۆیان هەڵگرن و بێنەوە لە کەرکوك بژین. ئێوە چوارتان ماڵەکانتان بێنن و وەك بیلبیلەی چاوەکانمان بتانپارێزین و بەڵێنیش دەدەین ئەوکات هەر مەسئولێکی کەرکوکی لە دەرەوەی کەرکوك ژیا بەمیوانیش ناهێڵین رووبکاتەوە کەرکوك و بەردبارانی دەکەین.

بەهیوام جوندیانی و سەلآح رەشید دڵیان گەرد نەگرێ کە ئەم قسەیە دەکەم و دەزانم ئێوە لە دڵسۆزیتان بۆ کەرکوك و مەسەلەکە ئەو قسانە دەکەن و دڵنیاشم کە ئەوە دەزانن منیش لەخەممدایە بۆ کەرکوك ئاوا قسەدەکەم و رەنگە مەبەستیشم بێ لەپەنای ئەوەوە کە گوڵێك بگرمە ئێوە بەردێك بگرمە کەسانی تر کە خۆیان ناگەهان کردووە لەم مەسەلە گەورەیە.

*كوردستانی نوێ ژماره(3147)له18/ 9 /2003

# هەر ئالآیەك لەكەركوك هەڵبدرێت
# ئالآی خەڵكی كوردستانە

ماوەیەكە لەئەنجومەنی ئیدارەی كەركوك گفتوگۆیەكی زۆر دەربارەی دروستكردنی ئالآیەكی تایبەت بەكەركوك دەكرێت ، بۆ دروستكردنی ئەو ئالآیە پێنج گروپی هونەرییان دروستكردووە كە هەر گروپێك هونەرمەندێكی نەتەوەیەك لەپێكهاتە نەتەوەییەكەی كەركوكی تیایە . تالە كۆی دیدوبۆچوونی هونەریانەی هەموویاندا نموونەی ئالآیەكی تایبەت بەكەركوك دروستبكەن و دواتر لەپێشبڕكێی نێوان ئەو پێنج گروپەدا جوانترینیان بەئالآی كەركوك هەڵبژێرن.. ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو حەساسیەت و شكات وشكاتكارییەی عەرەب و توركمانە توندڕەوەكانی كەركوكە كە رۆژانە لای هاوپەیمانەكان شكاتی ئەوە دەكەن كە نابێت ئالآی كوردستان لەكەركوك هەڵبكەن و تائیستا چەندین جار هاوپەیمانەكانیان ناچاركردووە ، كە خۆیان بچنە بازاڕوئەوشوێنانەیكە (حەساسیەتی ) دروستكردووە ئالآی كوردستانیان داگرتووە..لەبەرامبەر ئەم ئالآداگرتنەشدا هەندێك گرژی و رووبەڕووبونەوەش دروستبوون لەنێوان كورد و هاوپەیمانەكاندا كەئەنجامەكەی زەرەر بە پرۆسەی ئازادیو دیموكراسیەت و بەهاوپەیمانێتی نێوان (كوردو ئەمەریكا) دەگەیەنێت و گەر ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەی كەركوكدا نەكرێت كارەساتی خراپی لێدەكەوێتەوەو كورد زەرەری گەورەی تیا دەكات .. بۆیە دەبێت هەر كەس لەئاستی خۆیەوە خۆی بەبەرپرسیار بزانێت لەبەرامبەر پاراستنی ئەو دەستكەوتانەی بەدەست هاتوون و لەپێناوی شتێكی بچووكدا دەستكەوتە گەورەكە نەكەین بەقوربانی ...دەبێت گەلی كورد بەچاوێكی بەرچاو روونانەتر لەو باردۆخە بڕوانێت بەتایبەت كەئێمەی كورد كێشەی گەورەی پاكتاوی رەگەزیمان لەكۆڵ بۆتەوەو ئێستا لەقۆناغی سڕینەوەی ئاسەوارەكانی پاكتاوی رەگەزیداین .. تا بارودۆخی كەركوك ئارامترو ئاساییتر بێت زیاتر مۆركی كوردیبوونیو رەسەنێتی كەركوك دەردەكەوێت و خاوەن ماف مافی خۆی وەردەگرێتەوە . لەبەرئەوە نابێت هیچ حەساسیەتێك لەلای كوردەوە بێت .. ئالآی

کوردسـتان دادەگـرن ..ئـەی خـۆ ناچـن ئـالآی چیکۆسـلۆڤاکیا بێـنن .. کـە ئالآیـەکی تایبـەت بەکـەرکوك دروست دەکـەن ، ئـەو ئالآیـە مـوڵکی خـەڵکی کەرکوکـە .. تایبەتمەنـدێتی شـارەکەیە.. لای هـەموو کـەس روونـەو بـەعس بەهـەموو توانایـەوە نـەیتوانی کوردیبـونی کـەرکوك بسـڕێتەوە.. تازە بەچی کوردیبـونی کـەرکوك لەدەست دەچێت .. با ئالآی تایبـەت هـەبێت بـۆ کـەرکوك ئـەو ئالآ تایبەتـە دەبێتـە ئـالآی کـەرکوك وکەرکوکییـەکان ... کـەرکوکیش کـەس ناتوانێـت حاشـای لێبکـات کەشـارێکی کورسـتانی نیـە ... هاووڵاتیـانی کـەرکوکیش هـاولاتی کوردسـتانن بـە کلـدو ئاشـوورو تورکمـان وعەرەبییـەوە .. لەبەرئـەوە دەبێـت هـەر کـات بڕیـار لەسـەر هـەڵکردنی ئـالآ تایبەتەکـەی کەرکوك درا .. کوردەکانی کەرکوك بەر لە هەر کەسێك لەئامێزی بگرن و بەئالآی خۆیانی بزانن .. چـونکە ئـەو ئالآیـە دەبێتـە ئـالآی شـارێکی شـیرینی کوردسـتان .. کـە لەزۆربـەی ولآتـانی دونیادا هەر شارەو ئالآی خۆی هەیە ..با کەرکوکی کورستانیش ئالآی تایبەتی هەبێت و لەئاسمانی شاری کەرکوك و خاکی زێڕینی کوردستاندا بشەکێتەوە

*گەڕانەوە ژمارە(5)لە 23 -9-2003

# کەرکوك و کلاّو قاسم

هـەر کەسێك ئـەم ناونیشـانە ببینـێ یەکسـەر ئـەم پرسـیارە دەکات چ رەبتێـك لـە نێـوان ( کـەرکوك و کلآوقاسـم ) دا هەیـە ... بـەلآم بـە هەنـدێ وردبوونـەوە دەگەیتـە ئـەو قەناعەتـەی کـە کـەرکوك و کلآوقاسـم خـاڵی هاوبەشـیان زۆر زۆرەو لـە زۆر شـت دا لـە یـەك دەچـن .. بـۆ نموونـە کـەرکوك و

کلاوقاسم هەردووکیان دوو پارچەی جەرگی کوردستانن .. هەردووکیان سەردەمانێك مایەی ململانێ و خاڵی نا کۆکی دوو هێز بوون .. کەرکوك لە نێوان کوردو دەسەڵاتەکانی عێراقدا و کلاوقاسمیش لە نێوان پارتی و یەکێتی، هەردووکیان خوێنی هەزاران لاو رژاوەتە بەژن و باڵایاندا .. هەردووکیان مێخی مەرگیان چەقاندۆتە دڵی هەزاران جوامێرەوە ، هەزاران ژنیان بێوەژن کرد ، جەرگی هەزاران دایکیان سوتان.

بەڵام لە زۆر شتیشدا جیاوازن ، بۆ نموونە کەرکوك شارێکی پڕ لە خێرو بێرو نەوتی کوردستانە .. کلاوقاسم لووتە شاخێکی رووتەن ..

کلاوقاسم لە 91 ئازاد کراو لە شەڕی ناوخۆدا سیحری سەرکەوتنی پارتی و یەکێتی بوو .. رۆژی وابو هەر یەکی چەندین جار حوکمیان دەکردو بەیداخی سەرکەوتنی خۆیان لێ بەرز دەکردەوە .. کەرکوك تا پرۆسەی ئازادی یەك دیکتاتۆر حوکمی دەکردو ئەیناڵان بە دەستی بەعسەوە .. کلاو قاسم نەبووە کلاوی شەرەفمەندی بۆ کەس .. کەرکوك دەبێتە تاجی شاهانە .. کلاو قاسم چەند پشتگوێمان بخستایە قازانجمان بوو ، کەرکوك پشتگوێ بخەین لە دەستمان دەچێ .. کلاو قاسم نەڕۆیی و لە شوێنی خۆی مایەوە ، تەنها پێشمەرگەکان رۆیشتن .. کەرکوك ئیهمال کەین سەری خۆی و پێشمەرگەکانمانیش دەخوا.

کەرکوك هەشتا ساڵ مایەی ململانێ بوو ، کلاو قاسم تەنها شەش مانگ ، لەو شەش مانگەی شەڕی کلاو قاسمدا چەندین ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج کرا .. دەیان لۆری فیشەك و کاتیۆشا ، چەندین غورفەی عەملیات و دروست کردنی رێگا بۆ گواستنەوەی هێزو هەڵمەت بردن .. لەو شەش مانگەدا دەیان فەردە وەسڵی مەسروفاتیان خستە مۆزەخانەی جەنگەوە .. لەو شەش مانگەدا شەوانەو رۆژ تا ئێوارەش نوسینگەکانی تەلەفۆن بەر ناکەوتن لە هەندەرانەوە دەیانپرسی ( کلاوقاسم ) بە دەستی کێوەیە؟؟؟

وا شەش مانگە لە کەرکوك داین هەقە بپرسین بای ئەو شەش مانگەی کلاو قاسم پارەتان بۆ خەرج کردوە ؟؟ کۆبونەوەی چڕو پڕو غورفەی عەملیاتتان بۆ دروست کردوە ..؟؟ ئەو رێگایانەی لەکلاوقاسم بۆ ئەسپ و تراکتۆر و ترۆمبێل بۆ گواستنەوەی فیشەك دەکران ، لە کەرکوك دا توولە رێیەکتان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان خۆش کردوە.

ئەمانەو سەدان پرسیاری تر ، پرسیاری سادە و ساکاری مێژوون پێویستە وەڵامیان بدرێتەوە .. لەبەر ئەوەی ئێستا پرسیارەکان گۆڕاون ، لە جیاتی ئەوەی بپرسن ئاڵای سەر کلاو قاسم زەردە یا سەوز ، ئەپرسن کەرکوك بەدەستی کێوەیە!!؟

*هەواڵ ژمارە (51) لە 1 ی تشرینی یەکەمی 2003

# برایەتی کورد و عەرەب
# دڵدارییەکی یەکسەرە

بەپێی زۆربەی سەرچاوە مێژوویەکان لە کۆندا و ئەوەی لە رۆژگارەکانی سەدەی رابردوشدا لەبەر چاوە وئەمڕۆش وا تیایدا دەژین ، لە هیچ کامیاندا کورد و عەرەب برا نەبوون و بگرە زۆر جار لافاوی خوێن لە نێوانماندا هەستاوە و هەمیشە ئەوان زاڵم و کورد زوڵم لێکراو بووە..

گەر تاکە جارێکیش وا رێکەوتبێ کورد سوارەی وەك صەلاحەدینی لێهەڵکەوتبێ و بوبێتە سەر لە شکری سوپایەك کە خواستی عەرەبیشی بەدیهێنابێ و خاکی عروبەیشی رزگارکردبێ.. کەچی عەرەب بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە برای کورد نین، دانیان بەوەدا نەناوە کە صەلاحەدین کوردبێ‌و لەپەنای ئیسلامیەتەوە ئەویشیان بەکوڕی(عروبە) زانیوە..

عەرەب هاتوە و ئاینی کوردی گۆڕیوە وخاکەکەی داگیر کردوە بەزۆر لکاندویەتی بەخۆیەوە و هەمیشەش لە هەوڵی ریشەکێش کردنیدا بوە.. کەچی لەبەرامبەر ئەم بەردەوام زوڵمەدا ، کورد هەمیشە گوتویەتی (هەتا هەتا هەتایە کورد و عەرەب برایە) و دەیان بەیت و بالۆرە و وتەی نابەجێی لەو جۆرەیان رێکخستوە و لە زۆر شیعرو هەڵبەستیشدا ئەم بە زۆر بە برای خۆکردنە رەنگی داوەتەوە..

قەد گوێمان لێنەبوە عەرەب وتافی وا بکێشێ.. هەر ئێمە بووین خۆمان هێندە لابچووك بووە ئەوانمان کردوە بە برا گەورە و مرۆڤی پلەیەك و کەچی ئەوان ئێمەیان بە برابچوکیش قبوڵ نەکردوە و ئەنفالیان کردوین و بەچەکی کیمیایی لێیان داوین ..

ئێمە هەمیشە لە ژێر ئازاریاندا ناڵاندوومانە و هەر باوکە رۆی برایەتیمان بووە.. ئەوانیش ئێمەیان بە خزمەتکاری خۆیان زانیوە، چۆن دەبێ پاشایەك برای خزمەتکارەکەی بێت.. ئەوە قەناعەت و بڕوای ئەوان بووە بەرانبەر بە ئێمە .. شیوەنی برایەتیەکە تەنها لای ئێمەوە بووە.. گۆرانیەکی فۆلکلۆری کوردی هەیە دەڵێ(خۆشە دڵداری لەهەردوو سەر بێ ، نەك یەك بسوتێ و یەك بێخەبەر بێ) .

بەڕاستی ئێمە بەردەوام سوتاوین بۆ برایەتی عەرەب و عەرەبیش لەوەتەی هەیە لە بەرانبەر ئەو سوتانەی ئێمە بێ

خەبەر بووە..

ئێتر کاتی ئەوە هاتوە کورد برایەتی ئەوانە بکات کە شانازی بە برایەتیەکەیەوە دەکەن چیتر لەسەر ئەو کەلتورە نەڕوات کە بە زۆر کەسێك بکەین بە برا ، کە ئەو هەر لە ئەزەلەوە بە برایەتی تۆ رازی نەبووە

*هەواڵ ژمارە (52) لە 11 تشرینی یەکەمی 2003.

# کەرکوك لە نێوان

# دەربەندیخان و بنەسلاوەدا

لە ساڵی 1992 دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.. سەرکردایەتی سیاسی بزوتنەوەی کورد لە بڕیارێکی سیاسی و ئیداریدا( پارێزگای کەرکوك)ی دروست کرد، کە ئەوکات و تا(11) ساڵ دوای ئەوەش شاری کەرکوك لەلایەن(بەعس)ەوە داگیر کرابوو.. دروستکردنی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان هەر ئەوکات و تا ئێستا ئەو دوو رەئیە پێچەوانەیە وەك خۆی ماوەتەوە کە لایەنێکیان بەوەی دەزانی کە بڕیارێکی سیاسی حەکیمانەیە و لایەکەی تریش بە بڕیارێکی خراپی دانا کە مانای دەستبەرداربوونی کەرکوکە رەسەنەکەیە و ناکرێ پارێزگایەکی تر جیا لەکەرکوك بەناوی کەرکوکەوە دروستبکرێت.. شەڕی ناوخۆ و دوو لەتبوونی هەرێمی کوردستان ئەو پارێزگایەشی کرد بە دووان.. یەك لە بنەسلاوە و یەك لە دەربەندیخان ، کەرکوکیش لە شوێنی خۆی بە دەستی بەعسەوە دەیناڵان..

لە بیرمە ئەوکات من لەدژی دروستکردنی ئیدارەیەکی جیاواز بووم بۆ کەرکوك و وام لێك ئەدایەوە کە بۆ کەرکوك و کوردی کەرکوك خراپە، ئەمە رەئی زۆرێکی تریش بوو.. بەڵام زۆریش بوون ئەوانەی ئەیانووت ئەوە رەئێکی ساویلکانەیە و ئەگەر پارێزگای کەرکوك لە ناوچە ئازادەکان دروست نەکەین ئەوکات کەرکوکمان لە دەست دەچێ، بۆیە پێویستە پارێزگای کەرکوك هەبێ و بڕیار درا لە دەربەندیخان بێت و هەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش شەرعیەتی دا بەوەی کە جگە لە کەرکوك خۆی دوو پارێزگای تری بەناوە وە دروست بکرێ...

لەدوای پرۆسەی ئازادی و رزگار کردنی شاری کەرکوك قەناعەتم وابوو زۆریش ئەترسام کە پارتی و یەکێتی لەسەر کەرکوك ببێتە شەڕیان و هەر کەس بیەوێ خۆی حوکمی بکات و وام ئەزانی هەر یەکەم رۆژ لەگەڵ یەکەم تاڵە تیشکی ئازادیدا ئیداراتی هەردولا ئەکەن بە کەرکوکدا..کەچی وا شەش مانگەکەرکوك ئازادە و یەك کۆمەڵێ بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەیکەرکوك هەرلە دەربەندیخان و بنەسلاوەن و ئەگەر کار وا بڕوات وا گوێی خۆیان لێ کەڕ کردووە (11) ساڵی تریش پاڵی لێ بدەنەوە.. ئەمە لە کاتێکدا ئێستا خەڵکێکی زۆر گەڕاوەتەوە شاری کەرکوك و رۆژانە بۆ ئیش و کاری ئیدارییان دەبێ روو لە بنەسلاوە و دەربەندیخان بکەن.. چ کارەساتێکە دەرکراوێکی کورد کە بەعس دەریکردبوو ئێستا گەڕاوەتەوە شارەکەی خۆی کەچی گەر منداڵێکی نوێیان ببێ دەبێ بچێت لە دەربەندیخان(جنسیە)ی بۆ

دەرکات..بەعس لە کوێرە دێیەکی خواروی عێراقەوە ماڵە عەرەبێکی دەهێنا بۆ کەرکوک هەر ئەو ڕۆژە نفوسەکەی دەگواستەوە .. ئێمەی کوردی کەرکوکی دانیشتووی کەرکوک لە سایەی ئازادیشدا نفوسمان لە دەربەندیخانە..! ئەوکات ئەوترا زەروریەت وا دەخوازێ و ئەوەیان کردبوو بە بیانوو کە گەر ئەوە نەکەین کەرکوکمان لەدەست دەچێ، ئەی ئێستا چی وەلاَمێکتان پێیە بۆ خەڵك و بۆ مێژوو.. ئایە لەبەر خاتری نەسریە و ئیمتیازەکەیەتی یاخود ئێمە ناحاڵین و لە سیاسەت نەگەیشتوین کە ئەگەر ئیداراتی کەرکوك لە دەربەندیخان و بنەسلاوە وە بهێنرێنەوە بۆ کەرکوك.. ئەوە کەرکوکمان لەدەست دەچێ و سەراپا دەبن بەعەرەب و حەیامان ئەچێ..!!

*هەواڵ ژمارە (55) لە 2003/11/1

# قازی محەمەد و کەرکوك

بەو پێیەی کەرکوك بەردەوام ناسنامەی نەتەوەیی کورد بوە و قازی محەمەدیش رابەرێکی گەورەی یەکێك لە شۆڕشەکانی.. بۆیە ناوهێنانی کەرکوك و قازی محەمەد پێکەوە ئەو قەناعەتەت لادروست دەکات کە رەنگە پێشەوا قازی محەمەد لەسەردەمی شۆڕشەکەی و دواتر لە کۆمارەکەیدا خەونی بەوەوە بینیبێت کە سنووری دەسەلأتی کۆمارەکەی تا کەرکوك فراوان بکاتەوە و ئەم شارەی کوردستان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، یاخود ویستبێتی کەرکوك بکاتە پایتەختی کۆمارەکەی..

هیچم لەو بارەیەوە نەبیستوە کە پێشەوا قازی ئامانجێکی وای هەبووبێ و ناشزانم خەونی لەو جۆرەی بینیوە یان نا.. بۆیە ناتوانم هیچ پەیوەست بوونێکی لەو جۆرە لەنێوان (پێشەوا و کەرکوك)دا دروستبکەم..

بەلأم هاوشێوەییەك لەنێوان حکومەتەکەی قازی محەمەد و حکومەتەکەی کەرکوکدا بەدیدەکەم کە لەهەردووکیاندا مایەی هەڵوەستە کردنە.. ئەڵێن لە کۆمارەکەی قازیدا دوای ئەوەی( بارزانی نەمر) دەچێتە لای قازی محەمەد و پلەی(جەنەراڵ)ی پێ دەبەخشێ.. هەندێ لە کوێخا و ئاغا دێیەکانی دەوروبەری(مهاباد) دەچنە لای پێشەوا قازی محەمەد و دەردە دڵی خۆیان دەردەبڕن کە بارزانی لە کوردستانی عێراقەوە هاتووە، پێشەوا لە رێوە کردویەتی بە(مارشاڵ) و پلەی جەنەڕاڵیپێ بەخشیوە. بەلأم کوێخا و ئاغا دێیەکانی دەوری مهاباد هیچ پلەیەکی سەربازیان بۆ دیاری نەکراوە. لەکاتێکدا ئەوانیش خۆیان بە خاوەن سوار زانیوە..

پێشەوا قازی محەمەد دەکەوێتە بەردەم دووڕیانێکی پڕ مەترسیەوە.. گەر هەر کوێخا و ئاغایەك بکاتە(جەنەراڵ) ئەوە ژمارەی جەنەراڵەکانی لە سەربازانی سوپاکەی زیاتر دەبن.. ئەگەر ئەو پلەیەش لە بارزانی وەربگرێتەوە ئەوە بەدەر لەوەی هێزێکی زۆری لەدەست دەچێ، دەبێتە نەنگیەکی گەورەش بۆ قازی کە بارزانی لە کوردستانی عێراقەوە بۆ پشتیوانی شۆڕشەکەی ئەو هاتووە و ئەویش رووی نەداوەتێ..!

بەلأم قازی محەمەد بە ژیری و هوشیاری خۆی رێگا چارەی دەرباز بوون لەم مەترسیە دەدۆزێتەوە و بەسەرجەم کوێخا و ئاغا دێیەکان دەڵێ من هەمووتان دەکەم بە (جەنەراڵ) بەلأم بەیەك مەرج.. هەموو ئامادەبوانیش لە خۆشی ئەوەی بوون بە(جەنەراڵ) دەنگی رەزامەندی لەسەر مەرجەکەی قازی بەرز دەکەنەوە و فەرمووی لێدەکەن مەرجەکەیان بۆ بەیان بکات..

قازی محەمەد پێیان دەڵێ ئەوە هەمووتان(جەنەراڵ)ن بەلأم تەنها لە دێیەکانی خۆتاندا بۆتان هەیە(روتبەکانتان) ببەستن و هەرکاتێ هاتن بۆ شار دەبێ پلەکەتان لە ئاوایی جێ بهێڵن..

ئیتر لە دوای ئەم قسەیەی پێشەوا قازی محەمەدەوە تا روخانی کۆمارەکەی.. کوێخا و ئاغا دێیەکانی دەوری مهاباد رۆژ هەتا ئێوارە بە ماین بەناو دێدا دەسوڕانەوە بە روتبەی(جەنەراڵ)ەوە و سوارەکانیشیان پاسەوانیان بوون و بەدوایاندا غارغارێنیان دەکرد..


www.dengekan.com

هەرکاتێکیش بهاتنایە بۆ مهاباد دەبوو(تڕوتفاقی جەنەڕاڵی لە خۆیان داماڵن)..!

ئـەم حکومەتـەی کـەرکوکیش دەڵێـی هـەمان بڕیـاری دەرکـردووە .. زۆر کۆلکـە خوێنـەوار و نەخوێنـدەواریش کـە چـەند مـانگ بـەر لـە ئێسـتا (عـەریف) یـش نـەبوون کەچـی لـە پڕێکـدا بـە قودرەتی قادر داڵێك و بڕێك نەجمە چۆتە سەرشانیان.

بەڵام تەنها یەك شتی لە حکومەتەکەی قازی محەمەد جیاوازە کە ئەم(جەنەڕاڵانەی کەرکوك) لە ناوشاریش روتبەکانیان دەبەستن..

*هەواڵ ژمارە (58) لە 22 تشرینی دووەمی 2003

# پێویستە سەدام لە کەرکوك دادگایی بکرێت

مەسـەلەی دادگـاییکردنی سـەدام وەك تاوانبـاری جـەنگ لەوپـەڕی بـەهێزی دەسڵاتیشـدا, هـەر مەسـەلەیەکی گـەرم بـووەو بـەردەوام دیـدێك هـەبووە کـەدەبێ رۆژێـك سـەدام وەك خەتـەرناکترین و تاوانبارترین دیکتاتۆر لەدادگایەکی نێودەوڵەتی دا دادگایی بکرێت.

پێشترو بەرلەوەی هاوپەیمانەکان بیر لەبەکارهێنانی هێز بکەنەوە بۆ لادانی رژێمی بەعس و سەرانی لەسەر حوکم , هەندێ هەوڵ هەبوون بۆ کردنەوەی مەلەفێك و ئامادەکردنی بۆ پەلکێشکردنی سەدام بۆ بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی , تا لەدەسەلات دووری بخەنەوەو دادگایی بکەن. ئەو هەوڵە هەر بەردەوام بوو تائێستاش هەر خەریکی کۆ کردنەوەی بەڵگەو تۆمارکردنی وردترین زانیارین لەسەر ئەنجامدانی ئەو تاوانکاریانەی لە 35 ساڵی حوکمیدا ئەنجامی داوە, بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە هەوڵەکان کاراترکران و تەنها مەترسی لەبەردەم ئەم هەوڵەدا ئەوەبوو کەسەدامیان بەزیندوێتی نەکەوێتە دەست و رۆژێك هەواڵی ئەوە بڵاوبێتەوە کەخۆی کوشتووە , ئەم بۆچوونە مەترسی سەرەکی بەردەم دادگاییکردنی سەدام بوو .

تا لە رۆژی 12/14 کاتێ هەواڵی دەستگیرکردنی راگەیەندرا کەبێ هیچ بەرگرییەك و بەبێ ئەوەی پەنا بۆ خۆکوشتن بەرێت بەهەوڵی هێزی کورد و هاوپەیمانان دەستگیرکرا , ئیتر مەسەلەی دادگاییکردنی

سەدام لەئومێدو خواستەوە بووە واقیع و لە گەڵ ڕاگەیاندنی هەواڵی دەستگیرکردنەکەیدا دەیان جۆر پێشنیازو ڕای جیاواز لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە خرانەڕوو بۆ دادگاییکردنی سەدام .

لای من جوانترین شێوازی دادگاییکردن بۆ هەر تاوانبارێك ئەوەیە لەشوێنی ئەنجامدانی تاوانەکەی دادگایی بکەیت , بۆ نموونە گەر تاوانبارێکی دەست و پێوەندی سەدام بەرپرسە کۆمەڵکوژیەکانی شیعەکانی ( نەجەف ) ئەوە هەقە لە شاری نەجەف دادگایی بکرێت . وەك چۆن داوایەکی جدی هەیە بۆ دادگاییکردنی عەلی کیمیایی لەهەڵبجە .

سەبارەت بەشوێنی دادگاییکردنی سەدام من پێشنیازێك دەخەمە بەردەست کە بەوپێیەی سەدام تاوانی دەرهەق بەهەموو گەلانی عیراق ئەنجام داوە و بەرپرسی سەرەکی هەموو ئەو زوڵم و زۆرانەیە کە بەرامبەر کورد و شیعە ئەنجامی داون, دەبێت بیر لەوەبکرێتەوە کە لەشوێنێکدا دادگایی بکرێت کەزۆرترین تاوانەکانی لەوێدا ئەنجامدابێ و زۆر ترین قوربانییەکانیشی لەوێ بن, کە ئەویش شاری کەرکوکە و هەقە لەوێ دادگایی بکرێت . یەکەم : لەبەر ئەوەی شاری کەرکوك نموونەیەکی بچووکراوەی عیراقە بەپێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکەی, دووەم: زۆرترین تاوانی لەسنووری کەرکوکدا ئەنجامداوە , بەتەنها لەسنووری ئیداری شاری کەرکوك (1200)گوندی ڕوخاندووە , دەیان هەزار هاووڵاتی لەسەر زێدی خۆی هەڵکەندووەو ئاوارەی کردوون کە (500) هەزار مرۆڤ ژمارەی خێزانەکانیانە بەهەزاران لاوی ئەم شارەی کوشتووە . زۆرترین ژمارەی لاوی ئەم شارەی لەمافی ژیان مەحروم کردووە کە دوای تەواوکردنی خوێندن مافی دامەزراندنی نەداونەتی' و ناچاری کردوون کرێکاری بکەن و شەونخونی بکەن بەدوای نانی ڕۆژیاندا . زۆرترین خەڵکی لەناوچەی کەرکوك گوللەباران کردووەو تائێستاش زۆرترین گۆڕی بەکۆمەڵی لێدۆزراوەتەوە کە گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە لاوی هەریەك لەنەتەوەکانی عیراقی تیایە , بۆیە داوایەکی ڕەوایە گەر بڵێین پێویستە لە کەرکوك دادگایی بکرێت , چونکە زۆرترین ئەو تاوانەش ئەنجامیداون بۆ داگیرکردنی کەرکوك بووە . بۆ نموونە هەزاران خێزانی گوندنشینی شیعەی خوارووی عیراق لەئەهوارەکانەوە ناچارکردووەو بەزۆر هێناونی بۆ کەرکوك کەئەوانیش قوربانیی ئەو سیاسەتەی سەدام بوون .

دەیان هەزاری لەشوێنە جیاجیاکانی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراقەوە هیناوەتە کەرکوك و وەك زیندانی ڕێگەی نەداون کەئازیزێکیان دەمرێت تەرمی مردووەکەشیان بەرنەوە .زۆری لێکردوون مردووەکان لە کەرکوك بنێژن . دەیان هەزار کوردیشی دەربەدەرکردووەو ڕیگەی نەداون بەسەردانیش بچنەوە بۆ زێدی خۆیان , ئەمانەو سەدان نموونەو جۆری تری تاوانکارییەکانی سەدام لەم شارەدا بەرچاودەکەون , بۆیە پێویستە ئەو دادگا نێودەوڵەتییەی کەدەیان ساڵە هەمووان ئاواتی بۆ دەخوازین لە شاری کەرکوکدا بۆی ئامادەبکرێت و هەر لە کەرکوك بخرێتە قەفەسی ڕوو ڕەشی و تاوانی خۆیەوەو بخرێتە بەردەم ئەو دەیان هەزار پرسیارەوە کە بۆچی ئەم تاوانانەت ئەنجام داوە . پێم وایە هەموو عیراقییەك ئەم خواستە بە ڕەوا دەزانن و پشتگیری و پیشتیوانی لێدەکەن , بۆیە هەقە ئەنجومەنی ئیداری کەرکوك و خەڵکی شاری کەرکوك ئەم داواکاریە بەناوی دانیشتوانی کەرکوکەوە بەرزبکەنەوە و هەوڵی بۆ بدەن کەدەتوانم بڵێم دەبێتەگەورەترین لاپەرەی شەرەفمەندی بۆ کەرکوك ودانیشتوانەکەی.

* کوردستانی نوێ ژمارە (3249) لە 19 /12 /2003

# له كەركوكدا

# كورد یاری بەوەرەقەیەكی دۆڕاو دەكات

كەركوك بەهۆی ئەو مێژووە دوورودرێژە پڕ لە ململانێیەی نێوان نەتەوەكان و دەسەڵاتو نەتەوە چەوساوەكان لەلایەكی ترو لەسەرو ئەوانەشەوە بەهۆی ئەو سیاسەتەی كە حزبی بەعس لە 35 ساڵی حوكمیدا بەتایبەت لە كەركوكدا پەیڕەوی كردوە كە ناكۆكیو ململانێی نێوان نەتەوەكان فراوانترو توندتر بكات..

ئەمە وایكردووە كە یەكتر قبوڵكردنو خوێندنەوەی بەرامبەر لای هەریەك لە نەتەوەكانی كەركوك كارێكی قورس بێت.. ئەزموونی هەشت مانگی رابردووی شاری كەركوك ئەو راستییە دەردەخاتو هەردوو شەڕی (كوردو عەرەب)و (كورد–توركمان) ئەنجامی ئەو یەكتر قبوڵ نەكردنەن..

كورد، عەرەبی هاوردە بە داگیركەری شارو خاكەكەی دەزانێو توركمانو عەرەبیش كوردە گەڕاوەكان بە داگیركەر دەزانن.. بە قەدەر ئەو دەیان ساڵەی كورد باسی تەعریبی كردووە ئێستا ئەوان وشەی (تەكرید) بەكار دەهێنن..!!

ئەم ململانێیە مایەی زیانی گەورەی هەموو كەركوكییەكانەو بە تایبەتیش زیانی گەورە بە كورد دەگەیەنن، چونكە كورد پێشتر زەرەمەندو نەتەوەی چەوساوەی كەركوك بووەو بەهۆی خاوەنداریێتییەكەیەوە هەوڵی سڕینەوەی دراوە..

كە كورد گەڕاوەتەوە كەركوك بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو داگیركارییەو لە بەریەك هەڵتەكاندنی ئەو بناغانەی بۆ داگیركارییەكە چەسپێنرابوون پێویستی بە پاڵپشتی بەهێز هەبوو.. بەو پێیەی كورد هاوپەیمانی ئەمریكا بوو سەرەتا وا چاوەڕوان دەكرا كە ئەمریكا ئەو پشتیوانەی كورد بێت بەڵام هەر زوو ئەو ئاماژانە دەركەوتن كە ئەمریكا وەك هەر یەك لە شارەكانی (نەجەفو كەربەلاو تكریت) دەڕوانێتە كەركوكو مەسەلەی ساغكردنەوەی خاوەنداریێتیو سڕینەوەی ئاسەواری داگیركاری شارەكە لای ئەمریكییەكان كێشەیەك نییە..

بۆیە دەبوو كورد ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم قۆناغە سەختو هەستیارەی كەركوكدا بكردایاو زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی كەركوكی لە دەوری ئەو رەوتە كۆبكردایەتەوە كە سیمای داگیركاریی شارەكە بگۆڕن گەر بۆ كوردیش نا، بۆ شاری پێكەوە ژیان..! كەچی ئەوە نەكرا.. رەنگە هۆكاری سەرەكی ئەوەبێ كە كورد لە هەڵبژاردنی شەریكدا لە كەركوك ژیرانە مامەڵەی نەكردبێ.. چونكە ئێستا كەركوك بوون بە دوو بەرەوە، بەرەی (كورد ئاشوری) لەلایەكو بەرەی (عەرەب توركمان) لەلایەكی ترەوە ئەم دابەش بوونە شۆڕبووەتەوە بۆ نێو ژیانی خەڵك و لە ئیدارەی شارەكەش دا لە فەرمانگەیەكەوە سەركەوتووە بۆ(ئەنجومەنی ئیداری شار) ئەم دابەشكردنە ئەگەر سیاسەتی ئەمریكاش بووبێت دەبوو كورد پەسەندی نەكردایە (كوردو ئاشوری) لە بەرەیەكدا بن.. لەبەر ئەوەی كورد بە درێژایی دەیان ساڵ هەوڵ دراوە ژمارەی لە كەركوك كەم بكرێتەوەو (ئاشوریش) ژمارەیان زۆركەمەو لە ئاماری كەركوكیش هیچ رێژەیەكی بەرچاویان نەدراوەتێ.. دەبوو كورد شەریكایەتی لایەكی بكردایا كە لە هاوكێشەی سیاسیو لە ژمارەی دانیشتواندا تەرازووەكەی بەلای كورددا بخستایا.. چونكە كێشەكانی كەركوك زۆرو گەورەنو

دوور نییە لەژێر سایەی ئەمریکادا پەنا نەبرێتە بەر سەرژمێرکردنو یاخود بەرێژەی دانیشتوان هاوکێشەکان رابگرێ..

بێگومان ناکرێ کورد لەگەڵ عەرەبدا بچێتە بەرەیەکەوە چونکە کێشە سەرەکییەکەی کورد لەگەڵ عەرەبدایە لە (خاكو نەتەوەش)دا.. بەڵام دەکرا کورد لەگەڵ تورکماندا بکەوێتە بەرەیەکەوە کە لانی کەم لە (10٪)ی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك تورکمانن و مێژوویەکی پێکەوە ژیان هەیە لەنێوان (کورد و تورکمان)دا لە کەرکوك و کەسیان ناتوانن یەکتری قبوڵ نەکەن.. کە ئاشوورییەکانیش بێگومان هەڵوێستیان لە دژی کورد نەبووەو ئەوانیش دەبوونە پشتیوانی ئەو بەرە بەهێزەی (کورد–تورکمان)و ئەوکات هەقیقەتەکە باشتر دەردەکەوت کە عەرەب خەڵکی کەرکوك نین و لەداهاتووشدا پێویستە بچنەوە زێدی خۆیان..

کە ئەمە ئێستا بەتەنها خواستی کوردە.. گەر بەرەی (کورد–ئاشور) بەرەی (کورد–تورکمان) بوایە ئێستا دەبووە خواستی تورکمانیش و ئاسانتر ئەم خواستە بەدی دەهات چونکە عەرەب بەتەنها دەمایەوە و دوو خاوەن ماڵ بە بێگانەیەکیان دەووت بڕۆرەوە.. کەچی ئێستا ئەوان بە خاوەن ماڵێك دەڵێن تۆ هاتووی شارەکەمان داگیر بکەی..

کورد دەڵێ (زەرەر لە نیوە بگەڕێتەوە قازانجە) دەکرێت کورد ئێستاش چاوێك بەسیاسەتەکەی خۆیدا بگێڕێتەوەو بیر لە (بەرەکەی خۆی بکاتەوە) چونکە بەدڵنیاییەوە لە پرۆسەی ئازادییەوە تا ئێستا کورد لە کەرکوك یاری بە وەرەقەیەکی دۆڕاو ئەکات.

*ڕۆژنامەی گەڕانەوە ژمارە (7) لە 30 /12 /2003

*ناونیشانی ئەم بابەتە مانشێتی لاپەڕە یەکی ڕوژنامەکەبوو

# سلاو لە تورکمانە ژیرەکانی کەرکوك

کارەساتبارترین شت بۆ هەر حزب و رێکخراوێکی سیاسیو جەماوەری ئەوەیە کەپێی وابێت توانیویێتی نوێنەرایەتی زۆرترین ژمارەی خەڵك بکات و بەناوی ئەوانیشەوە لاف و گەزاف لێبدات و رادەی خۆهەڵخەڵەتاندنەکەی گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کەبووبێتە قەناعەت لای کەهەر کات ئەو ویستیو بانگەوازێکی کرد دەتوانێ هەموو ئەو جەماوەرەی کەپێیوایە مولکی ئەوەن برژێنێتە سەرشەقام و دروشم و ئامانجەکانی خۆی بکاتە رای گشتی . ئەمە ئەو حاڵەتەیە کەبەدرێژایی مێژووی تەمەنی (جەبهەی تورکمانی) لەدروستبوونییەوە تائێستا خۆی پێ هەڵدەخەڵەتێنێو خەڵکی پێ دەترسێنێ . کەهەموو تورکمانەکانی کوردستان لەگەڵ بەرەدان و هەرۆژێ بەرە بیەوێ تورکمان دێنێتە سەرجادە . زۆرجاریش بەرەی تورکمانی ئەم قەناعەتە موتڵەقەی کردبووە وەرەقەیەکی فشار بە(داروبەردی دەفرۆشتەوە) . زۆرجار گلەیی لەهاوپەیمانەکان و ئیدارەی مەدەنیو ئەنجومەنی حوکمی عیراق دەکەن کەبەقەدەر خۆیان نەخوێندراونەتەوە، بەڵام دیارە هاوپەیمانان و ئەنجومەنی دەسەڵاتی عیراق باش سەنگ و ژمارەی بەرەی تورکمانییان زانیوە بۆیە بەقەدەر قورسایی خۆیان حسابیان بۆ کردوون بەڵام

کورد قسەیەکی هەیە دەڵی :(خۆی لەقەواڵەدا) ،جەبهەیتورکمانیش پاش هەشت مانگ لەخۆئامادەکردن خۆی تاقیکردەوە ویستی تورکمان بڕژێنێتە سەرشەقام و بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ هەندێ حزبی عەرەبیو ژمارەیەکی زۆری پاشماوەکانی بەعسدا تەنسیقیکردبوو تابەحسابی خۆیان ژمارەیەکی زۆر خەڵکی کەرکوك و دەوروبەری کۆبکەنەوەو لەشارەکانی خوارووی عیراقیشەوە بەناوی زیارەتی مەقامی ئیمامەکانیانەوە خەڵکیان هێنابوو ، کەچی لەناو کەرکوك جگە لەژمارەیەکی (سەدامی ) کەس دوایان نەکەوت ، کەبەڕاستی لەم خۆپیشاندانەوە ژیری تورکمانی شاری کەرکوکم بۆ دەرکەوت کەخەڵکێکن حەزیان بەئاشتیو ژیان و کامەرانییە ، هەرچەند (جەبهەی تورکمانی ) لافیتەیەکی زۆری بەناوی تورکمانەوە نووسی بوو ئالأی زۆری جەبهەی دابەشکردبوو، بەلأم ژمارەی تورکمانە بەشداربووەکان بەقەدەر ژمارەی لافیتەو ئالأکانیان نەبوو . بۆیە ئالأی جەبهەی تورکمانی دەدرایە دەستی (سەدامییەکانەوە ) لەژێر لافیتەو بەیداخی جەبهەی تورکمانیدا (بروح بدم نفدیك یاصدام) دەکرا .بۆیە دەڵێم سلأو لەتورکمانە ژیرەکانی کەرکوك کەمەسیری خۆیان نەدایە دەست (جەبهە ی تورکمانی) و رازی نەبوون بەناوی ئەوانەوە بانگشە بۆ سەدامی خوێنڕێژ بکرێ کەخوێنی سەدان هەزار مروڤی بێتاوانی رشتووە بەم هەڵوێستەیان تورکمانەکانی شاری کەرکوك ئەو هەقیقەتەیان دەرخست کە(جەبهەی تورکمانی ) بەنوێنەری خۆیان نازانن و رازیش نەبوون جەبهە نوێنەرایەتیان بکات

* کوردستانی نوێ ژمارە(3263) 6 / 1/ 2004

# کەرکوك نابێتە فەلوجە

هەر دوای پرۆسەی ئازادیو رووخانی دەوڵەتەکەی بەعس و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی حزبە شۆڤێنیەکەی عەفلەقی . بەشێك لەپاشماوەکانیان ئەوانەیان کەهیچ پەنایەکیان شك نەبرد بۆ خۆحەشاردان و لەبەرئەوەی تابیناقاقایان بەخوێنی گەلانی عیراق سووربوو نەیانتوانی تەسلیم بەهێزی ئازادیخوازان بن و نەشیانتوانی لەشوێنی ژیانی پێشووی خۆیاندا سەری خۆیان کزبکەن و بژین . هەموویان کەوتنە هەڵپەی ئەوەی شوێنێك بۆ ژیانی کاتیو کوللەمەرگیان بدۆزنەوە تا ئەو کاتەی گەلانی عیراق رەحمیان پێدەکەن و لەتاوانە کانیان دەبوورن . لەناو عیراقدا ناوچەی سونە مەزهەبیان هەڵبژارد بۆ ئەوخۆحەشاردانەو لەسێگۆشەیەکی نێوان( موسڵ–تکریت –فەلوجە–بەغداد) دا لەناو مەزرەعەو کێڵگەی جوتیارانی لادێکان و گوندەکاندا خۆیان پەنادا ،بەڵام کاتێ بینیان وا خۆری ئازادی تاڵەتیشکەکانی دەگەیەنێتە هەمووماڵێك ، جارێکی تریش ئەم بیرتەسك و پەروەردە بەتاریکی و تاریکپەرستانە کەوتنە خۆو وایان دەزانی دەتوانن بەری خۆر بەبێژنگ بگرن و لەو ناوچانەدا کەوتنە دوژمنایەتی کردنی هێزەکانی هاوپەیمانان و لەهەندێ شوێندا بەهۆی نەشارەزایی سوپای هاوپەیمانانەوە توانیان زیان بەسوپای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بگەیەنن و بەهۆی گوێنەدانیان بەزەرەرو زیان بەژیانی خەڵکی مەدەنیو دەست نەپاراستن لە کوشتنیان بەهۆی هەندێ تەقینەوەو کردەوەی تیرۆریستیەوە باری ئارامی ئەو ناوچانەیان خستە مەترسیەوەو وای لێهات کەزۆرجار ئەو کەناڵی راگەیاندنانەی دەهۆڵیان بۆ بەعس دەکوتاو زوڕناژەنی سەدام بوون کەوتنە بانگەشەی ئەوەی کە مقاوەمەت لەعیراقدا بەردەوامەو ناوچەی فەلوجە یان وەك مۆڵگای پاشماوەکانی بەعس و شوێنی ئەنجامدان و داڕشتنی نەخشەی کاری تیرۆریستیانەیان راگەیاند.بەهۆی ئەوەی کەهاوپەیمانەکان لەوێ نەیتوانیوە پشت بەهێزێکی ئۆپۆزسیۆن ببەستن و بەپشت بەستن بەخۆیان مامەڵەی کردووە ، بۆیە زۆرجار پاشماوەکانی بەعس توانیویانە دزەبکەن و تاوانی جۆراوجۆرو کاری تیرۆریستی لەدژی هاوپەیمانان ئەنجام بدەن . بەڵام کاتێ هەواڵی ئەوە راگەیاندرا کە مەسەلەی فیدراڵی لەئەنجومەنی دەسەڵاتی عیراقدا قسەی جدی لەسەردەکرێت و گروپی کورد لەئەنجومەنی حوکم داوا دەکات کەرکوك بخرێتەوە سەر ئیداراتی کوردستان و پایتەختی کوردستانی فیدراڵ بێت ،پاشماوەکانی بەعس کە35سڵ بوو لەحوکمیاندا کاریان بۆ بەعەرەبکردنی کەرکوك دەکرد کەوتنەوە داڕشتنی پیلانێکی تر تاکێشەیەکی گەورە لەکەرکوك دروست بکەن بەو نیازەی کە دوای دروستکردنی ئەو کێشەیە درز دەخەنە نێوان نەتەوەکانی کەرکوکەوەو دەتوانن پشتیوانیەکی زۆر بۆخۆیان پەیدابکەن لەدژی فیدراڵیەت و دژی ئەوەی کەرکوك بخرێتەوە سەر ئیداراتی کوردی بۆ ئەم مەبەستەش سەدامیەکان ئەوانەی پاشماوەی بەعسن و وەك سەدام بیردەکەنەوەو هەر پەروەردەی سەدامیشن لەگەڵ بەشێك لەتورکمانەکان تەنسیقیان کردو خۆپیشاندانێکیان رێکخست لەدوارۆژی ساڵی 2003دا . لەناو کەرکوکدا ویستیان بەسود وەر گرتن لەو کەشە ئازادو ئارامەی کەرکوك بەهەوڵی پاشماوەکانی بەعس و

هەندێ حزبی تورکمانیو ژمارەیەك عەرەبی هاوردە رووداوێکی توندوتیژیان دروستکرد کەبووە مایەی نائارامی شارەکەو سەرئەنجامیش بەتێکشکاندنی خۆیان کۆتاییی هات و ژمارەیەکیان لێ کوژران و ژمارەیەکیان بریندار بوون و بەشێکیان دەستگیرکراون و شەرمەزاریان بۆ تورکمانەکانی کەرکوکیش تۆمارکرد لەمێژوودا کە لەژێر ئالای حزبەکانی تورکماندا وتافیان بۆ سەدامی روخاو و دەستگیرکراو ئەدا . کەئەمەش وەك لەکەیەك لەمێژووی کەرکوك و تورکمانی کەرکوکدا تۆمار دەکرێت ، چونکە ئەمانە پەلکێشی ژمارەیەك تیرۆریستی ناوچەکانی ناوەڕاستی عیراقیان کردبوو بۆ کەرکوك کە وایان زانی کەرکوکیش وەك فەلوجە وایەو دەتوانن پیلانەکانی خۆیانی تیابگێڕن . نەیانزانی لوتیان دەداتە بەردی پارێزگاریی کەرکوکدا و تەنها رووڕەشیان بۆ دەمێنێتەوە ، کە هەقە لەدوای ئەم شکستەیان و ئەم ئابڕوچوونەیاندا کەمێك هۆش بەبەر خۆیاندا بهێننەوەو داوای لێبوردن بکەن و لەبەردەم حوکمی گەلدا بەچۆك دا بێن تابیانبەخشێت و بیر لەژیان بکەنەوە ، هەقە تورکمانەکانی کەرکوکیش ئەو تورکمانە رەسەنانەی کە هیچ کات نەبوونەتە نۆکەری بێگانەو ئامرازی دەستی کەس داوای لێبوردن بکەن و بێنەوە هۆش خۆیان بزانن بەعس بە35ساڵ حوکم و حەوت ملیۆن چەکدار نەیتوانی کەرکوك داگیربکات ئێستا پاشماوەکانی بەدو رومانەو کلاشینکۆفێکەوە ناتوانن ژیانی ئاساییو ئارامیەکەی تێکبدەن...

* کوردستانی نوێ ژمارە (3266)لە 9 -1- 2004

# کەرکوك پایتەختە
# نەك دڵ و قودسی کوردستان

خۆشبەختانە لەکاتێکدا ئەم قسانە دەنووسین و رەخنە لەو تێزو فەلسەفەیە دەگرین کە کەرکوك بەدڵو قودسی کوردستان ناو دەبەن خاوەنی هەردوو قسەکە لە ژیاندا ماون کە ئەوانیش (سامی عەبدولڕەحمانو مام جەلال) ن.. هەردوو ووتەکەش لە کاتێکدا کراون کە کەرکوك بەدەستی بەعسەوە دەینالاند، بەڵام ئەمڕۆ کەرکوك ئازادەو لە کەرکوکی ئازاددا ئەم رەخنەیە دەنووسین و لە رۆژنامە یەکدا لەناو دڵی کەرکوکدا بڵاوی دەکەینەوە..

نامانەوێ بچینە ناو وردەکارییە واتاییەکانی ئەم دوو قسەیەوە کەئەوی ( دڵ) بڵێ مەبەستم لەوەیە مرۆڤ بەبێ دڵ ناژیو کوردستانیش بێ کەرکوك مرۆڤێکی بێ دڵەو ئەوەی ( قودس )یش بڵێ مەبەستم لە واتا پیرۆزییەکەیەتی کە وەك چۆن قودس لای ئیسلام پیرۆزە کەرکوکیش لای ئێمە هەمان شت..

ئەوەی بۆ ئەمڕۆی کەرکوك پێویستە دروشم و ووتافی سەرنج راکێش نییە چونکە خەریکە بە ووشەی بریقەدار کەرکوك لە دەست ئەدەین .. ئەوەی ئەمڕۆ وەك گەورەترین مەترسی لە بەردەممان قوت بۆتەوە دابڕانی یەکجارەکی کەرکوکە لە خاکی دایك (کوردستان)

.. ئێمە هەوڵەکانمان بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بوو بۆ پارچە دابڕاوەکەی تری ، کەچی ئەوەی ئێستا روو دەدات و خەریکە بەسەرماندا دەسەپێ بەیەکجاری جیاکردنەوەی کەرکوکە لە هەرێمی کوردستان ، ئەویش لە پەنای ئەوەی کە فیدراڵی کوردستان سێ پارێزگاکەی (سلیمانی –هەولێر– دهۆك ) بگرێتەوە و کەرکوك بهێڵدرێتەوە بۆ پاش ساڵ و نیوێکی تر ئەوجا قسەی لە سەر بکرێت .. کەهێشتنەوەی چارە نووسی کەرکوك بۆ داهاتوو تەسلیم کردنی بەدەستور لەوە مەترسی ترە کە بە (قەدەری) بسپێرین .. ناکرێ گەلی کورد بەوە رازی بێت شتێك وەربگرێ بەبێ کەرکوك . چونکە ئەوە داننانە بە دابڕانی کەرکوکدا ..کە ئەگەر کورد دەستبەرداری کەرکوك بوایە ئێستا دەوڵەتێکی تەمەن درێژی هەبوو .. سەدامی خوێنڕێژ لەحەفتاکانەوەو دواتریش لە دوای (91) چەند جارێك ئەوەی راگەیاندووە کە ئەگەر کورد رازییە دەستبەرداری کەرکوك بێت با دەوڵەت دروست بکەن .. کورد بێ کەرکوك رازی نەبووە دەوڵەت دروست بکات ، ئێستا چۆن دەبێ دەهۆڵ بۆ فیدراڵییەك بکوتین کە کەرکوکی تیا نەبێ.بۆیە پێویستە ئێستا هەرچی توانای کوردی هەیە بیخەینە گەڕ نەك هەر بۆ ئەوەی داوا لە عەرەب بکەین کە کەرکوك بخرێتەوە سەر ئیدارەی کوردی بەڵکو دەبێ بەزۆر بیسەپێنین و لای خۆمانەوە رای بگەیەنین کەرکوك پایتەختەو وەك پایتەختی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ بکەین چونکە ناتوانین بە پاڕانەوە کەرکوك وەرگرینەوە. وەك چۆن نەمانتوانی بە شەفاعەت عەرەب رازی کەین بۆ فیدراڵی ، کە ئەگەر لە یەکەم رۆژی روخانی بەعسەوە بمانووتایە ئێمە دەوڵەتمان دەوێ ئەوجا ئەوان دەپاڕانەوە با پێکەوە بژین .. کە ئێستاش داوا بکەین کەرکوك لەسەر هەرێمی کوردستان بێ بێگومان رازی نابن ، بۆیە پێویستە لە مەودوا بڵێین کەرکوك پایتەختەو داوا لە خاوەن ئەو تێزانە بکەین کە گەر کەرکوکیان بە دڵ وقودس دەزانی با بێن هەموان خەبات بۆ بە پایتەختکردنی بکەین چونکە گەر تەنها بە دروشم بڵێین ( دڵی کوردستانە) ئەوا کاتێ ئەزانین (جەڵدە) لێی ئەداو گەر هەر بڵێین (قودسە) بەدەردی قودسی فەلەستین دەچێ.

*ڕۆژنامەی گەڕانەوە ژمارە(8) رۆژی 17 /1/2004

*ناونیشانی ئەم بابەتە مانشێتی لاپەڕە یەکی رۆژنامەکەبوو

# کەرکوک  لە دنگڵیفسی فیدراڵیدا

رەنگە ئەم ناونیشانە بەلای خوێنەرانەوە هەندێ نامۆبێت و لە خوێندنەوەی ناونیشانەکەدا لە مەبەستەکەم نەگەن.. بۆیە پێویستی بەوە هەیە هەندێ شیبکەمەوە..

کەرکوک بە هەموو مانایەك لای خەڵك روونە و هیچ قسەیەکم لەسەری نیە.. فیدراڵیش دەمێکە کردویانەتە بنێشتە خۆشەی سەر زمان و گەرچی لای ئێمە و لای عەرەب هەر یەکی مانایەکی هەیە ئێمە پێمان وایە خاڵی پێکەوە گرێدانەوەمانە بە مەرکەزەوە و ئەوانیش پێیان وایە جیابوونەوەیە.. بەڵام هەموو لایەکمان بیستومانە و پێویستمان بە وەنیە کەس فیدراڵیمان بۆ شیبکاتەوە..

بەڵام(دنگلیفس) کە کەوتۆتە نێوان کەرکوك و فیدراڵییەوە "پێویستی بە شەرح کردنە تا لای خوێنەران روون بێت و لە مەبەستەکەی منیش بگەن ..هەرچەندە ووشەی دنگڵیفس لە( دبلۆماسی و دەلنگ فش)ەوە نزیکە بەڵام لە واتایا لەیەك دوورن وەك چۆن کورد حیزبی تەڵیعی ناسری بە دۆست دەزانێ و ئەویش لەگەڵ پاشماوەکانی بەعس دا لە کەرکوك مزاهەرە لەدژی کورد دەکات..

ئەڵێن کاتی خۆی نیو سەدە بەر لە ئێستا هەندێ لە چاوشەکانی خۆمان لە سنووری کەرکوك کە بۆ هەر شاییەك دەعوات بکرانایە زۆر بە دڵسۆزی ماوەی چەند شەو و رۆژ دهۆڵ و زوڕنایان لێ ئەدا و لەبەرانبەردا پارەیەکی کەمیان دەدرایە..بژێوی ژیانی ئەوان لەسەر ئەو دهۆڵ کوتانە بوو دڵی خەڵکەکەشیان خۆش دەکرد..

بۆ شاییەکی گوندێکی جەباری بانگهێشت کرابوون و لەسەر داوای ماڵی زاوا حەوت شەو و حەوت رۆژ کوتاویانە و لەبەر کەم دەرامەتی خەڵکی ئاوایی لە جیاتی پارە(کەللە شەکریان) وەرگرتووە (شاباش بە کەللەشەکر) لە ماوەی ئەو حەوت شەوو حەوت رۆژەدا ئەوەندە کەللە شەکریان کۆکردۆتەوە ژوورێکی ماڵی زاوا پڕ کراوە لە کەللەشەکری (چاوشەکان).. دوایکۆتایی شاییەکە شەوێك بۆ پشودان هەر لە ئاوایی دەمێننەوە و وەك شەوانی ئاسایی لادێ لەماڵێکدا کۆبوونەتەوە و خەریکی بەزمی دیوەخان بوون کە یەکێ لەو یارییە کوردەواریانەی لادێ(کلاوێن) بووە.. شەو چاوشەکان دەکەونە بەرەیەك و ئاوایی لە بەرەیەکی تر کە زۆر جار یاری لەسەر شت کراوە(قەل و باڕۆکە و کەو و مریشك) کاتێ یاری نێوان(چاوشەکان و ئاوایی) دەست پێدەکات جەماعەتی ئاوایی داوا دەکەن لەسەر (قەل)بێت.. بەڵام چاوشەکان دەڵێن تەنها( دەهۆڵ و کەللەشەکر) شك دەبەین و دواجار لەسەر (کەللەشەکر) رێك دەکەون ، یاریەکەیان دەست پێدەکات و چاوشەکان هەرچی کەللە شەکری ئەو حەوت شەو و رۆژەیان هەیە لە شەوێکی کلاوێندا دایدەنێنەوە..

بەیانی کاتێ چاوشەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئاوایی خۆیان پێیان دەڵێن چیتان کرد ..؟ یەکێکیان دەڵێ بە(دنگڵیفس) هەمویمان دانا..(دەنگڵیفس) لە کۆندا و لە هەندێ ناوچەی کەرکوك بەیاری کلاوێن وتراوە ، ئێستاش لە کاتێکدا بە درێژایی مێژوویەکی دوور و درێژ خوێنمان بۆ کەرکوك رشتوە و لە پرۆسەی ئازادیشەوە ئەوەندە (دەهۆڵمان) بۆ هاوپەیمانێتی کورد و ئەمریکا لێداوە کە ئەمریکا شانازی بە شەریکایەتی کوردەوە دەکات و ئەوەندەش زوڕنامان بۆ یەکپارچەیی خاکی

عێراق ژەند کەهاتینە سەر مەسەلەی فیدراڵی و ساغ کردنەوەی کەرکوک بۆ سەر فیدراڵیەتەکەی کوردستان .. چارەنوسی کەرکوکمان خستە دنگلیفسەوە..

*هەواڵ ژمارە (64) لە 17 ی کانونی دووەمی 2004

# نیگەرانی شەقامی کورد

## لە کەمتەرخەمی سەرکردایەتییەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە

ماوەیەکەو بەتایبەتیش دوای ئەوەی پێنج ئەندامە کوردەکەی (مجلس الحکم) پرۆژەی فیدراڵیان پێشکەش بە ئەنجومەنی دەسەلاتی کاتی عێراق کردو داوایان کرد کەرکوک لە چوارچێوەی هەرێمی فیدراڵی کوردستان دا بێ، لە کاردانەوەی ئەم داخوازیەداو ئەو دەرئەنجامانەی کەلێی کەوتوونەتەوە گەلی کوردی تووشی نائومێدی کردووە.. بە تایبەتیش لەدوای کۆبونەوەکەی (پیرمام)ی نێوان سەرکردایەتی سیاسی کوردو بریمەرو بەشێك لە ئەحزابی عێراقی.

ئەوەی کە زیاتر هۆکاری نیگەرانی شەقامی کوردییە نادیاری چارەنووسی سیاسی کوردە لەعێراقی جارێکی تر عەرەبی‌داو بەتایبەتیش هێشتنەوەی مەسەلەی کەرکوك بۆ داهاتوو ئەو رابردووە تاڵانە بەیادی گەلی کورد دەهێنێتەوە کە بەدرێژایی مێژووی شۆڕشەکانی کاتێ قسە هاتۆتە سەر کەرکوك دەسەلاتی مەرکەزی رازی نەبووە قسەی جدی لەسەر کەرکوك بکرێت و لەیەك دوو لەو ئیتیفاقیانەی نێوان (کورد.. بەغدا) دا دۆزی کەرکوك بە هەڵپەسێردراوی هێڵدراوەتەوە تا سەر ئەنجام گەیشتە ئەو دۆخە پڕ مەترسیەی کە ناسنامەی خاوەنداریێتی‌یەکەی لە کوردەوە بۆ عەرەب بگۆڕن..

بەهۆی هاوپەیمانێتی کورد ئەمریکاوە فرسەتی زۆر گەورە هاتنەپێش کە کورد شارەکەی خۆی تاپۆ

بكاتەوە، بەڵام نۆ مانگی رابردوو لە پرۆسەی ئازادییەوە تا کۆبوونەوەکەی (پیرمام) ئەو راستیە ی دەرخست کە کورد نەیتوانیوە خۆی بەخاوەنی کەرکوك بکاتەوە..

کاتێ جارێکی تریش شانسێك درایەوە بە کورد کە بە (ئیستیفتا) کەرکوك یەکلایی بکرێتەوە بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی نۆ مانگی رابردووەوە کورد جورئەتی نەکرد کە رازی بێت بەڕاپرسی ..چونکە بەدڵنیاییەوە کورد لەو پرۆسەیەدا ئەیدۆڕان .. بۆیە ئەمریکا ماوەیەکی زۆری دانا بۆ ئەوەی کەرکوك بخرێتە بەر راپرسی و کەرکوکی‌یەکان خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.. کە ئەگەر کورد بە هەمان ئەو نەفسە بیر بکاتەوەو کار بکات کە لەنۆ مانگی پێشتردا کردوویەتی، ئەوا شانسی یار نابێ و لە پرۆسەیەکی زۆر ئازاد و دیموکراسیانەشدا ئەیدۆڕێنێ. چونکە ئەگەر لەنۆ مانگ دا توانیبێتی بەسود وەرگرتن لە هاوپەیمانێتی ئەمریکاو بێ خاوەنی عەرەبی دە هەزاری‌و بێ دەوڵەتی و بێ حیزبییان دا تەنها (دوو هەزار) خێزانی عەرەبی هاوردە بنێردرێتەوە ئەوا لەم ساڵ و نیوەشدا هەردوو ئەوەندە دەنێرینەوە و کە لەنۆ مانگ دا چوار هەزار خێزانی ئاوارەی هێنابێتەوە بۆ کەرکوك ئەو رێژەیە هەردووجار زیاد دەکات کە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی عەرەبی هاوردەدا لە کەرکوك کە سەرجەم خۆی لە (480000) چوار سەدو هەشتا هەزار عەرەب ئەدات ئەوا هیچی بەهیچ نەکردووە..

کەدێین لێرەوە ئاینده بخوێنینەوە مافی خۆمانە نیگەران بین‌و نەك هەر گلەیی بەڵکو رەخنەش بگرین‌و خەتی راست‌و چەپ بەسەر هەموو ئەوانەش دا بدەین کە کراون‌و بڵێین هیچ نەکراوە. چونکە..

-دەبینی دوای 9 مانگ هێشتا (قەرەهەنجیر)ئاوەدان نەکراوەتەوە کە (700) خانووی تیایە خەڵکەکەی لە چەمچەماڵدان‌و بێزوو بەوە وە دەکەن رێگایان بدرێ بگەڕێنەوە کەچی ناهێڵدرێ..

-دوای 9 مانگ لە رزگار کردنی کەرکوك‌و روخانی بەعس هەردوو ئیدارەکەی کەرکوك لە (دەربەندیخان‌و بنەسلاوە) ماونەتەوە.

-هیچ پشتیوانی‌یەکی ئاوارە ناکرێ بۆ گەڕانەوە کەدەکرا بەهۆی هاندانی جۆراوجۆرەوە دەرکراوەکان هانبدرێن بۆ گەڕانەوە. بۆ نموونە بۆچی لە سلێمانی هەر فەرمانبەرو پێشمەرگەو کەم ئەندام‌و کەس‌و کارێکی شەهید خانوو دروست بکات چوار هەزار دۆلار وەك عەقاری هاوکاری دەکرێت بەڵام ئەم بڕیارە کەرکوك ناگرێتەوە کە هەق بو بڕیارەکە وابوایە هەر فەرمانبەرو پێشمەرگەو کەم ئەندام‌و وارسی شەهیدێکی کەرکوك لە کەرکوك زەوی بکڕێ‌و بیکات بە خانوو دەبوو دووجار بەقەدەر ئەو هاندانەی سلێمانی بۆ تەرخان بکرایە..

-دەبوو هەندێ پرۆژەی شارو شارۆچکەکانی تر (تەعتیل) بکرایەو لەبەر ئەو حاڵەتە تایبەتەی کەرکوك، کە چارەنووسی کوردی پێوە بەستراوە بۆ کەرکوك تەرخان بکرایە.. من ناڵێم ئەو پرۆژانە زیادەن.. ناڵێم ناپێویستن.. بەڵکو زۆر زەروورن بەڵام دەبێ حیساب بۆ زەرورترین بکەین کە ئەمڕۆ کەرکوکە.. بۆ نموونە تەلاری هونەر لە سلێمانی بڕی (12) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.. کە ئەم ماڵی هونەرە زۆر پێویستە لەسلێمانی بەڵام دەکرێت دوا بخرێت بۆ ساڵێکی ترو بەپارەی چوار پرۆژەی لەو جۆرە ماڵە داگیر کراوەکانمان تاپۆ دەکەینەوە..

بەڵام هەست دەکرێت کەم تەرخەمی‌یەکە بە ئەندازەیەکە کەس بیر لە هەندێ وردەکاری نەکاتەوە.. کە دەبوو حزبی بەعس چەند وردەکارانەو چەند خۆی تەرخان کردبوو تا بەدراسەیەکی ورد کەرکوك تەعریب بکات.. دەبێ ئێمە دە ئەوەنە وردکارانەتر کار بۆ لەعەرەبی خستنی شارەکەو تاپۆ کردنەوەی بکەین.. دەبوو تائێستا چەندین لیژنەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تایبەت بەڕیشەکێش کردنی تەعریب دروست بکرایە.. بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم تائێستا یەك کۆبونەوەی لەو جۆرەش نەکراوە کە خەڵکی

کەرکوکم و بە حساب مەعینم بە قەزیەکە..

هەردوو هێزە سیاسییەکە خۆیان بەخاوەن کورد ئەزانن و کوردیش بەقەرزاری خۆیان،کەچی وەك ئەوەی هیچ هەڕەشەیەك لەئارادانەبێ لەسەر کەرکوك و زەروریەتی گەڕانەوەو هاندانی خەڵك بۆ گەڕانەوەی بۆ کەرکوك هیچ کام لەو دوو حیزبەماڵی شەش کادیری ئەساسی خۆیان نەبردۆتەوە بۆ کەرکوك " .راگەیاندنی هەردوولا بەتایبەت (کوردسات و سەتەلایتی کوردستان) بەم نۆ مانگە ئازادیەی دوای رزگاری کەرکوك بەقەدەر چوار ئەلقەی گۆرانی داواکراوو لەقتەی پڕوپاگەندەی (چایی مەحمود) کاتی خۆیان بۆ کەرکوك تەرخان نەکردووە . شتیتر زۆرن کەبخرێنە پێش چاو وەك رەخنە بەرزبکرێنەوە کە سەرچاوەی ئەو نیگەرانییەی شەقامی کوردین لەم دۆخە هەستیارەدا.. بەڵام ئەوەی پێویستە کە بکرێت ئەوەیە ئەم ماوەیەی لەپێشمان ماوە کەوەك فرسەتی زێڕین بەکورد دراوەتەوە بۆ تاپۆکردنەوەی کەرکوك چۆن وابکەین لەدەستی نەدەین هەرکەس لەئاستی خۆیەوە هانی دەرکراوەکانی کەرکوك بدات بۆ گەڕانەوە.. کەدەڵێم هاندان ئەمە یاری فتبۆڵێن نییە چەپڵەی قایمیان بۆ لێدەین..بەڵکوو پێویستە هاندانەکە هاندانی لابردنی کۆسپەکانی بەردەم نەچوونەوەی بێت .. بەر لەهەر شتیش لەهەردوو هێزە سیاسی یەکەوە دەست پێبکرێت کەزۆرجار وتومانە هەقە مام جەلال و کاك مەمسعود ماڵیان بێنن بۆ کەرکوك" ئەمجارە ئەو پێشنیارە نانوسم . چونکە ئەوان ئامادەنین بەسەردان بێن بۆ کەرکوك چ جای ئەوەی بڵێی بامالیان بێتە کەرکوك ، مرۆڤ توشی سەرسوڕمان دەبێ لەوەی کەدوای 9مانگ لەئازادی و ململانێی خۆبەخاوەن زانین و هەوڵی خۆبە خاوەن کردنەوەی کەرکوك کەچی هێشتا (مەسعود بارزانی )تەنها جارێك سەردانی کەرکوکی نەکردووە. (مام جەلال) یش دووەم رۆژی ئازادی هات ئەویش دوای چوونی بۆ پارێزگا سەردانی تەکێی تاڵەبانی و ماڵێکی تاڵەبانی کرد کەهەر ئەو رۆژ ئەیانووت بۆ ماڵی خزمەکانی هاتووە....!

دەبێ لێرەوە دەست پێبکەین لەسەرەوە پێیدا بێینە خوارەوە کەئەم ماوەیەی لەبەردەست دا وەك (گێمی ئیزافی ) دراوەتەوە بەکورد بۆ خۆبە خاوەن کردنەوەی کەرکوك ، ئەم گێمە زیادەیە لەدەست نەدەین .. چونکە دواتر هەرچی هەوڵمان هەیە بیدەین دەبێتە (کەپنەکی پاش باران ).

*هەفتەنامەی هاولاتی ژمارە(159)لە28 /1 /2004

# فیدراڵی لە قازانجی تورکماندایە

گەر ئاوڕێك بۆ رابردووی دەوڵەتی عێراق بدەینەوە , بەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەیەوە کە بێ خواستی هیچ کامیان و بەزۆر بەیەکەوە لکێنرابوون ... دەبوو دەوڵەتی عێراق زوو لەبەریەکهەڵبوشایەتەوە .

چونکە بەشێکی زۆری عەرەبی عێراق ( شیعە )ن و ئەوان خواستیان نەبوو لەگەڵ عەرەبی سوندا بژین , کوردو تورکمانیش گەرچی هەریەکیان لەبەر هۆکاری تایبەت بەخۆی بوو بەڵام هەردووکیان لە دژی پێکەوەلکاندنیان بوون بە عێراقی عەرەبییەوە ... بۆیە لەبەرئەوەی پێکهاتەکەی دەوڵەتی عێراق ناتەبیعی بوو , لە دروست بوونیەوە تا رووخانی حوکمی نا تەبیعی تیادا کراوە و لە مەلیکەوە تا سەدام یەکە یەکەی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی حوکمێکی نا

عادیلانــەی عێراقیــان کــردووە وحــوکمی کەمینــە بــوون و بەشــی زۆری عێراقییــەکانیان چەوساندوٚتەوە .

کورد کە نەتـەوەی دووەمـی پێکهاتـەی عێـراق بـوو بەدرێـژایی ئـەو ( 83) ساڵە لەهـەموو مافێـك بێبەشکرابوو لـە حـوکمی بەعسیشـدا مەترسـی سڕینەوەی کەوتۆتـە سـەر و هەڕەشـە لـە ژیـانی تـاك تاکی نەتەوەکەو خاکەکەشی مەترسی گۆڕینی سیمای کەوتۆتەسەر ...

تورکمانیش کە لە هەندێ شارەکانی کوردستاندا وەك کەرکوك و شەنگار و مووسڵ و کۆپری و دوز و داقـوق و کفـری دا ژمـارەی بەرچـاویان هـەبووە کـە نـاکرێ وەك کەمینەیـەك نەناسـرێن و ئـەوانیش بـەر ئـەو زوڵمـەی شـۆڤێنیەکانی عـەرەب کـەوتوون و خـاوەنی بچـووکترین مـاف و ئـازادی نـەبوون ... بۆیـە هەڵوەشـانەوەی ئـەم دەوڵەتـە لـە مانـەوەی قـازانجی زیـاتر بـوو بـۆ زۆرینـەی عێراقییـەکان و ئاینـدەی نەتـەوەکانی .... ئێسـتا کـە لەسـەروبەندی سـەرلەنوێ دروسـتکردنەوەی عێـراق دایـن , وەك ئـەوە وایـە زەمـەن گەرابێتـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی بـەر لەدروسـتکردنی دەوڵـەتی عێـراق ... ئەمجارە دەتوانین بەشێوەیەك بنیاتی بنێینـەوە کـە مـاف هەریـەك لەگـەل و نەتـەوە و ئـاین ومەزهەبـە جیاوازەکـانی عێـراق لێـی مـەحروم نـەبن و دەتـوانین سیسـتەمێك دابڕێـژین کـە مـاف هــەمووان دیاریکراوبێــت..... وەك چارەســەرێکی سیاســی و عادیلانــەی کێشــەی نەتــەوەکانی عێراق.

لەهـەمان کاتـدا بـۆ زەمانـەتی یەکپارچـەیی خـاکی عێـراق , سیسـتەمی فیـدراڵی بـە پەسـەندترین شێوازی حوکمڕانی دەزاندرێت و گفتوگۆی جدی لەسەر دەکرێت...

بـەڵام بـەهۆی نـاهۆشیاری و لـەژێر کـارتێکردنی بیرێکـی شـۆڤێنیانەدا هەنـدێ دەنگـی ناشـاز لـە دژی فیـدراڵی بـەرز دەکرێنـەوە کـە مایـەی نیگەرانییـە لـە دوای روخـانی بـەعس و دەسـتگیرکردنی سـەدامدا هێشـتا تەسـك بـین و شـۆڤینییەکان نەهاتوونەتـەوە سـەرخۆیان و ئامـادەنین دان بـەماف خەڵکی تردا بنێن ... کە هەق بوو لە عێراقدا تەنها کورد بە فیدراڵی رازی نەبوایا چونکە لەچاو قوربانییەکانی ومـاف نەتەوایـەتی کـوردا بچـووکترین مافـە کـە بـۆی دیـاریکراوە . چـونکە سـەرجەم عێراقییـەکان لـە کـورد پشـکی زۆرتریـان بەردەکـەوێت ،لـە دەسـەڵاتدا گـەلی کـورد لـە هەرێمـە فیدراڵییەکەی خۆیدا شەریکە بەشی هەیە ...گەر عێراق بکرێت بەسێ هەرێمی فیدراڵ . هەرێمی ( شـیعە و سـونە و کـورد ) ئـەوە عـەرەب جگەلـەوەی دوو هـەرێمی فیـدراڵی شـیعە وسـونەی دەبـێ لەبەرئەوەی ژمارەیەك عەرەب لە کوردستاندا دەژین بێگومان لە هەرێمی فیدراڵی کوردستانیشدا پشـکی دەسـەڵاتیان بەردەکـەوێت و تورکمـانیش بەشـێکی بەرچـاوی دەسـەڵات لـە فیدراڵییەکـەی کوردسـتان وەردەگـرن ... بۆیـە دەتوانرێـت بڵێـین لـەدوای عـەرەب تورکمـان زۆرتـرین قـازانج دەکـەن ... چـونکە تورکمـان لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی بەعسـدا ئـەوانیش وەك کـورد خـاوەن هـیچ مـافێکی سیاسـی و رۆشـنبیری نـەبوون و ئیسـتاش لـە پێکهاتـەی ئەنجوومـەنی حـوکمی عێـراق و ئەنجومـەنی وەزیرانی عێراقدا کەمترین بەشیان هەیە , کە ئەنجومـەنی حـوکم و وەزارەتـەکانی عێـراق نموونـەی عێراقـی داهـاتوون و بەهـەر پێوەرێـك بێـت چ بـەپێوەری مـاف نەتەوایـەتی و رێـژەیی دانیشـتوانیش تورکمان هەر ئەوەندەی بەردەکەوێت کە ئێستا لە عێراقدا بۆی دیاری کراوە.

بـەڵام ئەگـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەی فیدراڵییـەت عێـراق بینـا بکرێتـەوە ئـەوکات لـە هـەرێمی کوردستاندا لـە حکومەتەکـەیدا بەووپێیـەی تورکمـان نەتـەوەی دووەم دەبـن لانـی کـەم چەنـد وەزیـر

و چـەندین جێگـری وەزیـر و بەڕێوەبـەری گشـتی وەردەگـرن کـە دوور نییـە جێگـری سـەرۆك وەزیـرانیش بدرێتـە تورکمـان ... بۆیـە چەسـپاندنی ئـەو بنـەمای فیدراڵییـە بـۆ عێراقـی داهـاتوو قـازانجی زۆر بـە تورکمـان دەگەیـەنێ کـە ئەگـەر مـن ( تورکمـان ) بوایـام خـوێنم دەڕشـت بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو مافـە سیاسـیانە کـە لـە چوارچـێوەی حـوکمڕانی کـوردی و فیدراڵییەکـەی کوردستاندا بەریان دەکەوێت ...

بۆیـە ئـەرکی تورکمانەکانـە خـەبات بـۆ چەسـپاندنی فیـدراڵی بکـەن ، چـونکە تاکـە زامـنی بەدەسـتهێنانی مافـە سیاسـی و رۆشـنبیری و مەدەنیـەکانی تورکمـان لەوەدایـە کـە کـەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری بخرێنە چوارچێوەی بەشە فیدراڵییەکەی هەرێمی کوردستانەوە .

کە خۆشیان ئەزموونێکی باشیان هەیە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدا کە هەموو مافێکی تورکمان زامـن کرابـوو ... چـەندین رۆژنامـە و رادیـۆ و تەلـەفزیۆن و خوێندنگـەیان هـەبووە لـەژێر سایەی ئیداراتی کوردیدا.

لـە بەرامبـەردا هـیچ خوێنـدکارێکی تورکمـان لـە کـەرکوك لەسایەی بەعسـدا مـافی ئـەوەی نـەبووە نامەیەکی دڵداری بە زمانی تورکمانی بۆ خۆشەویستەکەی بنووسێ .

هەقـە تورکمانـەکان خۆیـان بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان لێـك بدەنـەوە و چارەنووسـی خۆیـان نەبەسـتن بـە بەرژەوەنـدی خـەڵکی تـرەوە ... چـونکە ئەگـەر بەرژەوەنـدی تورکمانیـان دەوێ ئـەوا لـە چوارچـێوەی هـەرێمی فیـدراڵی کوردسـتاندا دەسـتەبەر دەبێـت ... ئەگـەر بەرژەوەنـدی دەوڵـەتی تورکیایان دەوێت ئەوا بێگومان دەبێ لەسەر حسابی تورکمان بێ و ئەوانیش باجی بەرژەوەندی تورکیا بدەن .

* رۆژنامەی خەبات ژمارە (1360) لە رۆژی 10 /2 /2004

# کەرکوك و مودیرتەربیەیەکی بێتەربێت

هەرچـی بیرمەنـدو لێکۆڵـەرەوە و دەرون ناسـی دونیـا هەیـە لەسـەر ئـەوە کـۆکن کـە(پـەروەردە) کاریگەریـەکی زۆری بەسـەر دروسـت بـوون و هەڵکـەوتنی مرۆڤـەوە هەیـە.. گەرچـی هەنـدێ تێـژ و


www.dengekan.com

تێڕوانینی زانستی و دەرون ناسیش پێیان وایە کە(ویراسە)ش رۆڵێکی گەورەی هەیە و زۆر جار مرۆڤێك بە ئەندازەیەکی زۆر دەچێتەوە سەر پێشینەکانی خۆی،لە هەر حاڵێکیاندا بێت دەکرێت کردەوە و خووڕەوشتی مرۆڤێك بەوە بناسین کە پەروەردەیەکی چەوت کراوە و بە پێچەوانەشەوە، یاخود بیبەینەوە سەر ئەسڵی و زۆر جار لەبەرانبەر کەسێکی رەوشت بەرز و مەرد دا دەوترێت لە شوێنی باوانی چووە، کوڕی باوکی خۆیەتی.. لەم پێوەدانگەوە گەر بە هەریەك لەو حاڵەتانەی سەرەوە پێناسەیەکی(مودیر تەربیەی ئێستای کەرکوك)بکەین.. دەبێ یان هەر بە بنەچە ناکەس بەچە و نامەرد بێت یاخود دەبێ پەروەردەیەکی زۆر خراپ کرابێت بۆیە بەو شێوەیە(بێ تەربێتە)، چونکە ئەگەر بێ تەربێت و ناکەس بەچە نەبوایا دەبوو دوای ئەوەی بە بەرچاوی خۆیەوە دەست و دایەرەی عەفلەقیە شۆڤێنیەکان پێچرایەوە و لە دەرئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی چەوتی رەگەزپەرستانە و بیری شۆڤێنانەیاندا تەخت و تاراجیان تێکدرا و بەر نەفرەتی خەڵك و مێژوو کەوتن.. دەبوو ئەم بەڕێوەبەری پەروەردەیە کە هاتۆتە شوێنی بەڕێوەبەرێکی پەروەردە کەتا سەر ئێسك بە بیری شۆڤێنیانە گۆش کرابوو زمان و مێژوو و جوگرافیای دروستکراوی بیری شۆڤێنیستی خۆیان بەزۆر بەسەر گەل و نەتەوەکانی تردا سەپاندبوو بۆ نمونە لەم شاری کەرکوکەدا وا (من و ئەم بەڕێوەبەرە بێ تەربێتە)ی تیا ئەژین هەردوکمان لە زمانی خۆمان مەحروم کرابووین لە خوێندن و نوسین و مامەڵەی فەرمانگەکاندا، مامۆستا تورکمانەکانی ئێرە کەسیان مافی ئەوەیان نەبوو بەیانی باش بە زمانی تورکمانی لە خوێندکارە تورکمانەکانی خۆیان بکەن و گەنجێکی تورکمان مافی ئەوەی نەبوو بە زمانی تورکمانی نامەیەکی دڵداری بۆ کچە خۆشەویستە تورکمانەکەی بنووسێ، بۆیە دەبوو ئەم تورکمانە تۆرانیەی کە خواو ئەمریکا ئەو فرسەتەیان بۆ رەخساند لەسەردەمی ئازادی و پێکەوە ژیاندا شەرەفی ئەوەی پێببڕێت بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوك بێت کە لێوان لێوە لە زوڵم و چەوساندنەوە و ئازاردان.. دەبوو ئەم کابرایە پرۆژەیەکی داڕشتایە کە پەروەردەی نوێ و بە بەرنامەیەکی نوێ بناغەی یەکسانی و پێکەوە ژیانی داڕشتایە کە ببێتە نمونە و هەمومان پەنجەی ئاماژەمان بۆ درێژ کردبایە کە ئەمە بەرهەمی ئازادی و دیموکراسیە و کارێکی وای کردبایە کەس جورئەتی ئەوەی نەکربایە بیوتایە کە ئەم بەڕێوەبەرەی ئێستا بەوەی سەردەمی بەعس بەراورد بکەین.. دەبوو هێندە دادپەروەر بوایا نەك هەر بەیەك چاو بیڕوانایەتە گەل و نەتەوەکان، بەڵکو پێویست بوو بە ئەندازەیەکی زۆر دەستی بەسەر مناڵە زوڵم لێکراوەکانی خوێندنگاکاندا بهێنایە و دڵی بدایەتەوە کە قوتابیەکان هەستیان بکردایە ئەو لە جێی باوکیانە ، گەر وایکردبایە دەبووە نمونەیەکی جوان بۆ داهاتووی عێراق و لەم شارەدا هەموو چاویان لێدەکرد و بەو یەکسانی خوازیەی نەوەیەکی بەرهەم دەهێنا کە زامنی پێکەوە ژیان ویەکتری قبوڵکردن بوایا کە وەك بەردێکی بناغە کاری لەسەر بکرایا..

بەڵام جێی داخە نەك ئەوانەی نەکرد و مەنهەجی سەدامی خوێندنی نەگۆڕی و نەك بیری رەگەزپەرستی و دەستی شۆڤێنیەتی لە پەروەردەدا نەبڕی، بەڵکو خۆشی بوە درێژە پێدەری هەمان سیاسەت و بیری گەندەڵی نەتەوەپەرستی و هەموو ئەو فرسەتە گەورانەی لەدەست دا کە ئەیتوانی بە هۆیانەوە خۆی بکات بە نمونەیەکی دیار و گونجاو لە شارەکەدا کە هەرکەس وەك ئەو نەبوایا بکەوتایەتە بەر نەفرەت.. کەچی رێك پێچەوانەی مەهامی پەروەردە و مەهامی ئەم

قۆناغەی بنیاتنانەوە و پێکەوە هەڵکردن، بەهەمان ڕێچکەی بەعسیە شۆڤێنیەکەی پێش خۆیدا ڕۆیشت و وەك ئەوەی لەسەردەمی جەهالەتدا شمشێرێکی دوو دەمی دەستکەوتبێ بۆ گیانی ژن و منداڵی دووژمنەکانی ئاوا ئەم چەکەی ئێستای پەروەردە دژ بەگەل و نەتەوەکانی تری کەرکوك بەکار دەهێنێ و دەیەوێ (وەك خۆی کادرێکی کاڵفامی حزبێکی رەگەزپەرستە) دەیەوێ وەك شانەیەکی تەنزیمی حزبەکەی وا لە پەروەردە بکات خزمەت بە ئامانجی هێڵە سیاسیەکانی حزبەکەی بکات.. ئەم کابرا تۆرانیە دەیەوێ ئاوا مامەڵە لەگەڵ پەروەردەی کەرکوکدا بکات بۆ خزمەتی ئەوانەی وەك خۆی بیر تەسك و کاڵفامن.

قسەمان زۆرە لە سەری و لە فرسەتی تردا دەیانخەینە روو بەلام لێرەدا تەنها ئەم نووسراوەی باس دەکەین کە لە رۆژی 2003/11/26 ئیمزای لەسەر کردووە. کۆمەڵێ ناوی تورکمانین تا لەجێی چەند ناوێکی تر لە قوتابخانە و خوێندنگاکانی بنێ.. ئەبوو بەڕێوەبەری پەروەردە ناوە سەدامیەکانی لابردایە و ئەو دەیان و سەدان ووشەو ناوە پیرۆز و جوانانەی دابنایە کە دەربڕی ئاشتی و ئازادی و پێکەوە ژیان و برایەتی و خزمەت بە داهاتووی کۆمەڵی عێراق و بنیاتنانەوە و جوانکاری شاری کەرکوکن ، نەك ناوی (قەرەتەپە) بکات بە(قونجەگول)و نەهاوەند بکات بە(شفق) وناوەندی داقوق بکات بە(تورکمان ئیلی) و دەیان ناوی تر کە لە جێی ئازادی ناوی کوزلوبابا و لە جێی سەربەستی : تورکمان ئیلی داناوە کە دەبوو ئەو ناوە جوانانەی لێبنایە وەك ئازادی. سەربەستی. برایەتی. بنیاتنانەوە. پێکەوەژیان..

بەلام دیارە بیرو باوەڕێکی شۆڤێنی و پەروەردەیەکی شۆڤێنیانە هەر ئەم جۆرە کەسانەی لێدەکەوێتەوە کە هەق وابوو هەموو خەڵکی بەتایبەت کەرکوك عیبرەتی لەوە وەرگرتایا شۆڤێنیەکان چییان بەسەر هات.

*هەواڵ ژمارە (69) لە 21 شوباتی 2004

بسم الله الرحمن الرحيم

المديرية العامة للتربية في محافظة كركوك
قسم الدراسة التركمانية

العـــدد :
التاريـــخ : ٢٠٠٣/١٠/٢٩

إلى / المديرية العامة لتربية كركوك / مكتب السيد المدير العام

م / الأسماء التركمانية للمدارس المتوسطة والثانوية والإعدادية

تحيـــة طيبـــة

أدناه أسماء ومواقع المدارس المتوسطة والثانوية والإعدادية بأسمائها القديمة والأسماء التركمانية المقترحة للتفضل بالموافقة على الأسماء المقترحة مع التقدير .

| ت | أســـم المدرســـة الحاليـــة | الموقـــــع | الجنـس | الاسم التركماني المقتـــرح |
|---|---|---|---|---|
| ١ | متوسطة الرافدين للبنات | الخاصة | بنات | متوسطة رافدين للبنات |
| ٢ | ثانوية ~~الفرات~~ للبنات | حي المعلمين | = | ثانوية واسطي للبنات |
| ٣ | ثانوية الشهيد محمد عبيد حسن | نهاية مفرق دوميز | بنين | ثانوية ~~ايدن طيار~~ للبنين |
| ٤ | ثانوية المصلى للبنين | المصلى | = | ثانوية ~~ملا صابر~~ للبنين |
| ٥ | ثانوية المهلب للبنين | تسعين | = | ثانوية الصدر للبنين |
| ٦ | ثانوية الهدى للبنات | = | بنات | ثانوية ~~كونيش~~ للبنات |
| ٧ | ثانوية نهر القائد للبنات | = | = | ثانوية جلال رضا أفندي للبنات |
| ٨ | ثانوية تازة للبنين | تازة | بنين | ثانوية ~~خونكار بابا~~ للبنين |
| ٩ | ثانوية قرطبة للبنات | = | بنات | ثانوية قونجة كول للبنات |
| ١٠ | ثانوية نهاوند للبنات | داقوق | = | ثانوية شفق للبنات |
| ١١ | ثانوية خالد بن الوليد للبنين | ليلان | بنين | ثانوية كوزلوبابا للبنين |
| ١٢ | ثانوية المنصورية للبنين | المنصورية | = | ثانوية يايجي للبنين |
| ١٣ | متوسطة عمر بن عبد العزيز | المصلى | = | متوسطة ~~نجدت قوجاق~~ للبنين |
| ١٤ | متوسطة عمورية للبنات | المجزرة | بنات | متوسطة القلعة للبنات |
| ١٥ | متوسطة الغربية للبنين | صاري كهية | بنين | متوسطة ~~صلاح أوجي~~ للبنين |
| ١٦ | متوسطة يوم الراية للبنين | طريق بغداد | = | متوسطة بايراق للبنين |
| ١٧ | متوسطة تسعين للبنين | تسعين | = | متوسطة تسين شهيدلري للبنين |
| ١٨ | متوسطة نسيبة الأنصارية للبنات | = | بنات | متوسطة موطلو للبنات |
| ١٩ | متوسطة الحسين للبنين | داقوق | بنين | متوسطة الحسين للبنين |
| ٢٠ | متوسطة داقوق للبنات | داقوق | بنات | متوسطة توركمان ايلي للبنات |
| ٢١ | متوسطة زبيدة للبنات | ألتون كوبري | = | متوسطة ألتون صو للبنات |
| ٢٢ | إعدادية كركوك للبنين | صاري كهية | بنين | إعدادية كركوك للبنين |
| ٢٣ | إعدادية كركوك للبنات | خاصة | بنات | إعدادية كركوك للبنات |
| ٢٤ | إعدادية الجهاد للبنين | الواسطي | بنين | إعدادية ~~حسين دمirchi~~ للبنين |
| ٢٥ | إعدادية داقوق للبنين | داقوق | = | إعدادية داقوق للبنين |

نسخة منه إلى

التفتيش التربوي / للعلم
الاشراف الاختصاصي / للعلم
التخطيط / الابنية المدرسية / ملاك الثانوي / ذاتية الثانوي
حسابات الثانوي / الشؤون الفنية / الاعداد والتدريب
التجهيزات / النشاط الرياضي / التدقيق / النشاط الفني
الشؤون القانونية / ادارات المدارس اعلاه

خليل إمام ويردي محمد علي
مدير قسم الدراسة التركمانية
٢٠٠٣/١٠/٢٩

# کەرکوک و مەنەفێست

# حکومەتەکانی هەولێر – سلێمانی

لەیەکەم چرکە ساتی گەڕانەوەمانەوە بۆ کەرکوك هەمیشە دڵمان لای ئەوەبوو چی بکەین زوتر و زیاتر سیمای کوردێتی شارەکە دەردەخەین و ئاسەواری تەعریب دەسڕینەوە.. بۆ ئەم مەبەستە لە هاندانی خەڵك بۆ لەبەر کردنی جل و بەرگی کوردی و ناونانی منداڵ و زۆر هەوڵی ترمان خستە گەڕ.. سەرەتا لەوەوە دەستمان پێکرد کەناوی دوکان و بازاڕ و خوێندنگاو شەقام وگەڕەکەکان بکەینەوە بە کوردی..داوامان لە دوکانداریێك دەکرد کە ناوە عەرەبیە بەزۆر بەسەردابڕاوەکە بکەرەوە بە کوردی خۆمان خۆشنوسەکەشمان بۆ دەبرد و وێنەیەکی جوانمان دەگرد و لە رۆژنامەکاندا ناوی دوکانەکە و ناوە کوردیەکەشمان بلاودەکردەوە لە ژێرناوی (گەڕانەوەی جوانیەکان بۆ کەرکوك) و لە قۆناغی سەرەتای گەڕانەوەماندا رۆژنامەکانمان پڕکرد لەم جوانیانە.. تا هەرکەس بەشارەکەدا تێپەڕی لە سیمای شارەکەدا هەست بەوە بکات کە ئەم شارە زوڵم لێکراوە شارێکی کوردستانە..ئەم حاڵەتە گەشەی کرد و ئێستا لە کەرکوك پارێزگار و زۆر بەرپرسی ئیداری کوردن و سیمای کوردی بەسەرتاسەری کەرکوکەوە دیارە سەرباری ئەو گلەیی وگازەندانەی لە هەردوو حکومەت(هەولێر–سلێمانی) هەمانە کە لە ئاستی پێویستدا نەبوون بۆ کەرکوك..

بەهەرحاڵ ئەوانە تێپەڕین، بەڵام ئەوەی کە ئێستا قسەی جدی هەڵدەگرێ مەسەلەی مامەڵەکردنی هەردوو ئیدارەی(هەولێر–سلێمانی)یە لەگەڵ ئیدارەی کەرکوکدا سەبارەت بە ژمارەی کاتی ئۆتۆمبێل کە لە کەرکوك تۆمار دەکرێت و ژمارەی کەرکوك دەبەستن..حەق بوو هەردوو حکومەتەکەی کوردستان تەنها لەبەر خاتری ئەوەیکە ئەم ژمارەی ئۆتۆمبێلانە نوسراوە(کەرکوك) پێیان خۆشبوایا کە لە سەیارەی سەرکردەکانەوە تا دوا هاولاتی کوردی ژمارەی کەرکوك بوایا.. بەڵام جێی داخە هەر سەیارەیەك لێی نووسرابێ کەرکوك لە هەردوو حکومەتدا چونە ژوورەوەیان بۆ سلێمانی و هەولێر قەدەغەیە.. بەڵام نوسرابێ (تامیم) ئاسایە ،لەکاتێك ژمارە تۆمارکراوەکانی سەیارەی علوج وەك چۆن بێترس لە سلێمانی و هەولێر پیاسە دەکەن لە هەموو عێراقدا تەنها لە کەرکوکیش هەمان ئەو ئازادیەیان پێدراوە.. چونکە حکومەتەکەی کەرکوك دەیەوێت بە هەر هۆیەك و بیانویەکەوە بێت رایەڵەیەکی پەیوەندی روحی لەگەڵ شارەکانی تری دەستە خوشکیدا دروستبکاتەوە..کەچی بە پێچەوانەوە ئەم دوو حکومەتە ئازیزە بە زۆری زۆرداری دەیانەوێ کەرکوك لەخۆیان جیابکەنەوە، کە سەرەنجامی ئەم جیاکردنەوەو پاڵپێوەنانەی کەرکوك خراپ دەکەوێتەوە.. ئەگەر ئیداراتی سلێمانی و هەولێر لە ژمارەی سەیارەیەکەوە بەگژ کەرکوکدا بچنەوە ئەوە بەدوور نازانرێ حکومەتی کەرکوکیش سبەی بڕیار بدات نابێ سەیارەی تۆمار کراوی هەولێر و سلێمانی بێنە کەرکوك.. لەمەیاندا بە هەموو مانایەکی سیاسی کورد زەرەر دەکەین.. کە هۆکارەکەشی تەنها ئەوەیە کە دەیانەوێ ئەو سەیارە مەنەفێستانەی دێنە کەرکوك تۆماری دەکەن ناچاربن بێنە هەولێر یان سلێمانی و بە دزی مام بریمەرەوە شتێ عانەیان لێ وەربگرن.. کەرکوك لە هەمووشت پیرۆزتر و گەورەترە ئیداراتی

هەولێر–سلێمانی تکایە بەم بڕیارەتاندا بچنەوە.

* هەواڵ ژمارە (71) لە 6 ی ئازاری 2004

# بریمەر و سەندیکای بەقاران

سەبارەت بەوەی ئەزمونی حوکمڕانی کوردی زۆر نمونەی جوانکاری بینا کردووە کە جێی شانازی و شایانی ئەوەن بکرێت بە نمونەیەك و عێراقی داهاتووی لەسەر بنیات بنرێتەوە.. زۆر کەسیش ئەو شایەتیەی بۆمان داوە کە لە ماوەی دوو نێوانی راپەڕین تا پرۆسەی ئازادی زۆر پێشکەوتنمان لە شێوازی ژیان و خۆ بەڕێوەبردندا ئەنجامداوە کە لە رۆژهەڵاتدا جێی ئاماژە بۆکردنە.. بەلآم شانبەشانی ئەوجوانکاری و پێشکەوتنانەش جاری وا هەبوە هەڵوێستی ناشازیفەرمانبەرێك یان پۆلیسێکی سەیتەرە بۆتە لەکەیەکی ناشرین بە رووی گەشی ئەزمونەکەمانەوە دیارە.. کاتی خۆی گۆڤاری تەنز ئامێزی سیخورمە ئەوەی وروژاند کە حاکمەکەی چەمچەماڵ لە سلێمانیەوە بەرەو چەمچەماڵ هاتووە و لە سەیتەرەی کۆنی بەختیاری داوای ناسنامەیان لێکردووە کاتێ جەنابی حاکم ناسنامەکەی نیشان ئەدات کە وێنەی تەرازوی تیایە، کاکی سەیتەرە پێی دەڵێ لە(عەلوە ئیش دەکەی)!؟ لەم جۆرە حاڵەتانە زۆر روویداو زۆر نوکتە و بەسەرهاتی عاجباتیان بردە مۆزەخانەی مێژووی خۆ بەڕێوەبردنمانەوە تا ئەوکاتەی شەماڵی پرۆسەی ئازادی هەڵیکردو تەواوی عێراقی گرتەوە و تەختوتاراجی سەدامی بردە ژێر گڵەوە.. ئیتر لەدوای روخانی بەعسەوە خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە لەنێوان هەر شار و شارۆچکەیەکدا چەند جارێك داوای ناسنامەی لێنەکرێتەوە،یا ئەگەر کرا خەڵکانێکی قسەخۆش

و روح سووك بەڕێزەوە داوای ناسنامەی لێبکەن، هەرچەند تاریك پەرست و ئیرهابیەکان کارێکی وایان کردووە کە پێویستە لەنێوان هەر سەد مەترێکدا چاودێری زۆر وریا هەبێ بۆ ئەوەی ڕێگە لەکاری تیرۆریستی بگیرێت، بەڵام دەبێ ئەمەشیان هەر خەڵکانێکی بەڕێز و ژیر و کارامە بەوکارە هەڵسن نەك بەم شێوەیەی کە لەم ماوەیەی رابردودا برادەرێکی پارێزەرم لە کەرکوکەوە چووبو بۆ(بنەسلاوە)بۆ سەردانی کەسوکارەکەی.. لەیەکێ لەو فرە سەیتەرەیەدا کاتێ داوای ناسنامەی لێکرابوو پێناسی سەندیکای پارێزەرانی نیشاندابوو ، کاکی سەیتەرە کە تەماشای ناسنامەکەی کردبوو وێنەی تەرازوەکەی تیابوو بە برادەرە پارێزەرەکەی ووتبو(ها لە سەندیکای بەقارانی).!؟ لێرەوە جێی خۆیەتی بەو هێزە سیاسی و دەزگا ئیدارییانە بڵێین کە ئەرکی پاراستنی سەرو ماڵی هاولاتیان و پاراستنی ئارامی شار و ژیانی خەڵکیان کەوتۆتە ئەستۆ، هەقە خەڵکی گونجاو دابنرێت بۆ ئەو جۆرە کارانە نەك کەسێك کەناسنامەی (پارێزەران) بە تەرازوەکەیدا لێی ببێتە (بەقاڵ)، چونکە بەو شێوەیەو بەوجۆرە کەسانە بەر لە تیرۆر ناگیرێت و تیرۆریستان دەتوانن بەناو ناسنامەی جۆراوجۆرەوە خۆیان لەم چاودێرانە بدزنەوە.. گەر بەخۆشمان ناکرێ فێریان بکەین و خولی راهێنان و پشکنینیان بۆ بکەینەوە ئەوا با داوا لە(مام بریمەر) بکەین با ئەوان خولی جۆراوجۆری راهێنانمان بۆ بکەنەوە و فێرمان بکەن، کە پارێزەرێك و بەقاڵێك بە تەماشا بناسینەوە نەك ناسنامەکەیمان لێ بگۆڕێ..!!؟

* هەواڵ ژمارە (72) لە 13 ی ئازاری 2004

# کەرکوك و تووتییەکەی غەزعەل

ئـەڵێن کابرایـەکی کـورد تووتییـەکی هـەبووە هـەر خـۆی بـە بچـوکی گـەورەی کـردوە و فێـری بەخێرهاتن و هەندێ ووشەی کوردی کردوە .. زۆر تووتییەکەی خۆش دەوێ‌و زۆر هۆگری یەکتر دەبن .. ئـەم کـوردە داماوە سـەختی ژیـان وای لێدەکات ووردە ووردە کەلوپـەلی ماڵەکـەی هـەمووی بۆ ژیـان بفرۆشـێ و دوواجـار تووتییەکەشی لـە بەرامبـەر بڕە پارەیـەك دا ئەداتـە کابرایـەکی عـەرەب کە ناوی "غەزعەل" ە . ئەویش دەیـەوێت ئەم تووتییە بەخێرهاتنی میوانەکانی بکات .. بەڵام بە خواستی ئەو نابێت و هەرچەند دەکات تووتییەکە فێری زمانی عەرەبی نابێ‌و هەر بەکوردی بە میوانـەکان دەڵـێ ( زۆر بـەخێر بـێن .. خواتـان لەگـەڵ ) .. کـابرای عـەرەب زۆر سـەغڵەت دەبـێ و سـوێند لـە تووتییەکـەی دەخـوات لەمــەودوا هــەر میــوانێکی عــەرەبی هــات و ئــەم بــەکوردی بەخێرهاتنی بکات و لای میوانەکانی خەجاڵەتی بکات ئەوە ئەبێ "پـەڕێك" لەلەشـی تووتییەکە هەڵکێشـم و ئـیتر لـەو ڕۆژەوە وا دەکـات و ڕۆژانـە لـە بەرامبـەر هـەر ووشـەیەکی کـوردیدا تاڵـە پەڕێکی تووتییەکە هەڵدەکێشێت ، تا وای لێدێت پەڕ بە لەشییەوە نامێنێ‌و دیمەنێکی ناشرین و ترسناکی دەبێت و "مام غەزعەل" بڕیار ئەدات بیبات و بیفرۆشـێ ، کاتێ دەیباتـە بازاڕ و خەڵك دێـت و لـە دەوری کۆدەبنـەوە ، سـیمای وەهـا شـێواوە زۆر کـەس نـازانن چ جـۆرە "تەیرێکـە" زۆر قســەی ناشــرین و نــا شایســتەی پێــدەڵێن ، بــەڵام تووتییەکــە تێناگــات .. تــا دوو کــورد ڕێیــان دەکەوێتـە ئـەو بازاڕەو لـە قەفەسـێك دا چاویان بە تووتییەکە دەکـەوێت .. یـەکیان بـەویتر دەڵـێ : ئــەم تووتییــە بــۆ وای بەســەر هــاتووە .. تووتییەکــە خــۆی وەڵام دەداتــەوە و دەڵــێ : ( لەســەر کوردایەتی ) ..

کـەرکوکیش لەسـەر کوردسـتانی بـوونی بـەدەردی تووتییەکـەی غەزعـەل بـراوەو پـەڕوباڵیان هەڵکەندوە .. ئێستا بە تەنیشتماندا تێدەپەڕن و پێمان دەڵێن ئەم شارە بۆ وای بەسەردا هاتووە .. گـەلی براینـە کـەرکوك لەسـەر کـورد وای بەسـەر هـاتووە ، نـاکرێ چارەنووسـی سیاسـی جێبهـێڵن تـەنها بـۆ کـەرکوکییان و دەورو تەسـلیمان لەگـەڵ بکـەن ، نـاکرێ لەبـەر ئـەوەی شـارو ناوچـەکانی تری کوردستان کێشەیان نەماوە ئیتر دەسبەرداری ئێمە بن .. ئێمە لەبەر دەم ڕێگایەکی سەخت داین بەتەنها جێمان مەهێڵن .. بە تەنها بەرگەی ئازارەکان ناگرین ناتوانین لەبەردەم ئەو باڕەش و گەردە لوولانەدا خۆمان بە پێوە ڕابگرین ، لە کاتێکدا بەشێك لە خۆشمان ئامادە نین هاوکارمان بـن .. تکایـە وەرن بـا پێکـەوە بـەرگری لـە کـەرکوك بکـەین .. بـا پێکـەوە و بەهـەموومان بینـای بکەینەوە کە بۆ سبەی ماڵێك دەبێت بۆ هەمووتان دارێك دەبێت بەرەکەی بەشی هەمووان دەکات و نـەوەکانی داهـاتووش دەتـوانن لـە سـێبەریدا بحەسـێنەوە .. کـەرکوك ئـەمڕۆ پێویسـتی بـە هەمووتانـە .. پێویسـتی بـە یـەك دەنگـی‌و گەلـە کۆمەکێیـەکی کوردانـە هەیـە .. گـەر وانەکـەین دێوەزمـە دەیبـات ، دەچـێتە قـوڕگی شـێرەوە .. تکایـە تکایـە تکایـە هیمـەت کـەن لـە پێنـاوی کەرکوکدا ..

* هەواڵ ژمارە (73) 20 ی ئازاری 2004

# کەرکوك و پەرلەمانی کوردستان

ئێمەی بێ دەوڵەت و بێ کورسی نێودەوڵەتی " لەبەر نەبوونی دەستور و چوارچێوەیەکی نیشتمانی و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە سەرباری هەموو کەموکوڕی و پیرییەتیەکەشی هەر پەرلەمانمان بەتاکە سەرچاوەی دەسەلاّتی شەرعی زانیووە و زۆرجار و بۆ زۆر حاڵەت چاوەڕوانی هەڵوێستی پەرلەمان بووین کە قسەیەکی لە جیاتی کورد هەبێ .. هەر بۆیە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە رۆژانە لەم رۆژنامەو ئەو کەناڵی راگەیاندندا رەخنە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان دەکرا لەبەرامبەر ئەوەی بۆچی کۆبونەوەیەکی پەرلەمان ناهێنێتە شاری کەرکوك هەر بۆ تەحەدای ئەو دەیان ساڵ هەوڵی داگیرکاری یەی سەر کەرکوك تا پەرلەمانیش شان بەشانی هەوڵەکانی تر بۆ مەسەلەی ساغکردنەوەی کوردستانی بوونی کەرکوك هیمەتێك بکات و بۆ مێژوو ئەو شەرەفە بەخۆی ببڕێت کەیەکێ لە کۆبونەوەکانی لە کەرکوکدا کردووە ... بەلاّم کەمتەرخەمییەکە بەرامبەر کەرکوك وەك پەتا پەرلەمانیشی گرتووە و ئەویش دوو هەنگاو لە کەرکوك نەهاتە پێشەوە تا چارەنووسی کەرکوك بەو دەردەچوو کە ئایا دوای دوو ساڵ چی زەمانێك هەیە بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ دۆخی جارانی و بۆ باوەشی کوردستان، پێدەچێت ئەم نەوەیە سڵ لە مێژوو نەکەینەوەو یان بڕوامان وابێ مێژوو ئەوەیە کە تەنها خۆمان دەینووسین . من نازانم گەر مێژوو بدرێتە دەستی خۆشمان و بە ئارەزووی خۆمان لاپەڕەکانی پڕبکەینەوە لەبەرامبەر کەرکوکدا ,

پەرلـەمانی کوردسـتان وئەندامـەکانی چی مێژوویـەك بـۆ خۆیـان تۆمـار دەکـەن ... لەکاتێکـدا رەحمـەتی (فرانسۆ حەریری) پێشنیازی کرد پەرلـەمانی کوردستان لە (مـەیانی حـەیوانەکە) کۆبێتـەوە گـەر پێداگری زۆری لەسـەر بکرایـە ئـەوە دوور نـەبوو لەوێـدا کۆببنـەوە وەك چـۆن لـەژێر رەشمـاڵی ( دارەبـەن ) دا کۆبونەوەیەکی پەرلەمان سازکرا . کەچی وا ساڵێکە هـەموو کـورد داوا لـە پەرلـەمانی کوردسـتان دەکات کۆبونەوەیـەکی پەرلـەمان لە کـەرکوك بکـەن . بـەڵام پەرلـەمان خۆی لێکـردووە بـە کـەڕەی شـەربەت .. باشـە وەك ئـەویان ناکـەن هـیچ نـەبێ بـا ئەندامـە کەرکوکییـەکانی نـاو فراکسـیۆنەکانی پەرلـەمان نوسـینگەیەکی پەرلەمان لە کەرکوك بکەنەوە ... چونکە تاهەتایە ئەم میللەتە هەر بەم شێوەیە نامێنێتەوە ( وەعـی قـەومی ـ هۆشیاری نەتـەوەیی ) هەروا لاواز بێت ... چونکە رۆژێك دێت ئەم پێشکەوتنە ئەم میللەتـەی ئێمـەش دەگرێتەوە ... ئەوکاتە کە ئەم کاتەی ئێستای ئێمەو کارەکانمان هەڵسەنگێنن ئەوا کەمتەرخەمییەکانمان بە ( خیانەتی عوزما ) لەقەڵەم ئەدەن .

* هەواڵ ژمارە (74) لە 27 /ئازاری2004

# جەبهەی تورکمانیو تەجەموعی نیشتمانی تورکمانی

رەنگە هێشتا زووبێت بۆ بەراوردی سەنگو کاریگەری هەریەك لەو دوو بەرەیەی کە لەناو تورکماندا دروست بوون کە یـەکیان (جەبهـەی تورکمـانی) لـە هـەلو مـەرجێکی جیـاوازو دور لـە ژیـانی تورکمـانو واقیعـی تورکمـانو بـە فیـتو پشـتیوانی وڵاتـی دەرەوەی عێـراقیش دروسـت کـراوە لـە مـاوەی رابـردووی تەمەنی ئەم (جەبهەیەدا) تائێستا جگە لە کۆمـەڵێ کێشەو گیروگرفتو دروست کردنی ناکۆکیو برین لـە جەستەی تورکمان هیچ داهێنانێکی تری بۆ تورکمان پێ نەبووەو گـەر بـواریش بدرێتو بۆی بچێتە سـەر لە داهاتووش دا کێشەی گەورەترو برینی قوڵتر دەخاتە جەستەی تورکمانەوە..(تەجەموعی نیشتمانی تورکمانی) کە لە دوای پرۆسەی ئازادیو لەناو خەڵکی تورکمانو لەسەر ئەرزی واقیعی تورکمانو لەسـەر خواستی تورکمانو لە هەلو مەرجێك دا لەدایك بوو کە زەمینەیەکی لەبار بۆ تورکمانەکانی کوردسـتان رەخسـاوە کـە مافـە سیاسـیو رۆشـنبیریو مەدەنیـەکانی خۆیـان بـەدیبهێنن.. کـە هـەر لـە بـەلاغی خۆناسـاندنی ئـەم (تەجەموعـە)وە تـا بڵاوکـراوەو هەڵوێستەکانیان لەگـەڵ نەتـەوەو ئـاینو مەزهەبـەکانو رووداوەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی شاری کەرکوك هەڵوێستی ژیان دۆستیو پێکەوە ژیانو برایـەتی بـووە لـە پـاڵ دانیشـتوانی کـەرکوك دا، کـە یـەکێ لـە تایبەتمەندیـەکانی تورکمـانیش هـەر لـە رابـردووەوە وابـووە کـە خـەڵکانێکی (کاسبکارو ژیـان خـواز) بوونـە. ئێسـتاش لـەکاتێك دا بـەهۆی هـەلو مـەرجێکی نائاسـاییو ئاشـوبو ئـاژاوەی (صـدامیەکانەوە) کـە بەشـێکیان خزاونەتـە نـاو (جەبهـەی تورکمـانی)یـەوەو خەریکـە بـە ئاراسـتەیەکی هێنـدە قێـزەون کاربکـەن کـە ببێتـە مایـەی شـەرمەزاری بـۆ تورکمان.. بەڵام لە بەرامبەر ئەوەش دا خەڵکانی ژیرو خەمخۆرانی تورکمان کەوتونەتە خۆیانو لە دەوری ئـەم (تەجـەموعی نیشـتمانیی‌ەی تورکمـانی) کۆبوونەتـەوە.. تـا ئەگـەر نەشـتوانن ئـەمڕۆ سەدەرسـەد ئاراستەی رەوتەکە بگۆڕن لە هەوڵی ئەوەدان کە خەڵکانی پاشکۆو وابەستەی بەرژەوەندی دەرەکی نەبێتە دەم راستو بە خاوەنی تورکمانو دەیانەوێ خەباتی تورکمان بۆ تورکمان بێتو تێکۆشانیان لە پێناو خواسـتو ویسـتی تورکمـان دا بێـت. کـە بەدڵنیاییـەوە ئـەم تەوەجووهـە لـە داهـاتوودا سـەردەکەوێتو تورکمانـەکانی کـەرکوك بەرچاویان رونتر دەبێتو ژیانو بەرژەوەندیو خۆشگوزەرانی ئایندەی خۆیـان دەدۆزنەوە کە ئێستا (تەجەموعی نیشتمانی تورکمانی) رابەرایەتی ئەو هێڵە سیاسییە بەرچاو رونەی

تورکمان دەکات و ئایندەش بێگومان پێشوازی لەم جۆرە تێروانین و هەڵوێستانە دەکات.
* هەواڵ ژمارە(81) 15ی ئایاری 2004

# کەرکوك وسیاسەتی کوردی

لەکوردەواریدا هەر قسەیەك رووی مەجلیسی نەبێت و پێویست بێ بوترێ ئەوەی بۆ دەکەن بەپاساو کە دەڵێن (پەرژینێکی قایم بێت) هەست دەکەم منیش لەم نوسینەدا پێویستم بەهەمان پاساو هەبوو تا ئەم نمونەیە بگێڕمەوە بۆیە بەر لەوەی دەست پێبکەم دەڵێم : (پەرژینێکی قایم بێت لە عمومی مەملەکەت)

دەگێڕنەوە پشیلەیەك سیاسەتی رێوی‌پەیڕەو دەکردو بەوفێڵبازیەی خۆی رۆژانە چەندین مشکی راودەکردو وای لێهاتبوو لەناو مشکەکاندا وەك (ئیزرائیل ) ناسرابوو لە هەرکات و ساتێکدا بیویستایە مشکی خۆی حاسڵ دەکرد.. مشکەکان بۆ ئەوەی رێگا چارەیەك بۆخویان بدۆزنەوە ، بانگەوازی کۆنفرانسێك دەکەن ولە رۆژی کۆنفرانسدا مەترسیەکانی و سیاسەتی ئەو پشیلەیە دەخەنە روو داوا دەکەن هەرکەس لە راستی خۆیەوە بیر لە رێگاچارەیەك بکاتەوە و بیخاتە بەردەم کۆنفرانس ..زۆر قسەی لابەلاو جۆراوجۆر و پێشنیار بەرز دەکرێنەوە ، بەلاَم کۆنفرانس ، هیچ کام لەو پێشنیارانە بەپەسەند نازانێ تا لە ریزی دوا دواوەی دانیشتنەکەدا مشکێکی (دنیا دیدە) ئیقتراح دەکات بۆ ئەوەی خۆمان لەداوی ئەم پشیلە حیز فرسەتە رزگار بکەین کە بەردەوام لە ناخافڵدا ئازیزێکمان دەڕفێنێ ، با زەنگۆڵەیەك بکەینە ملی ئەو پشیلەیە تا لەهەر کاتێکدا و بەهەر شوێنێکدا تێپەڕی دەنگی زەنگۆڵەکەی ملی بەئاگامان بهێنێتەوە .....بەشداربوانی کۆنفرانس بۆی دەکەن بە چەپلە رێزان ، بەلاَم مشکێکی زیتەڵەی خوێن گەرم کە رەنگە ئەوە یەکەمین بەشداری کۆڕی مشکانی بوبێ دەچێتە سەرمینبەر و پێیان دەڵێ نەفامینە چەپڵەی چی دەکوتن راستە گرنگە گەر زەنگۆڵەیەك بکەینە ملی ئەو پشیلەیە، بەلاَم کێ زەنگۆڵەکە بکاتە گەردنی ؟ مشکە بەشدار بوەکانی کۆنفرانس لە بەر ئەوەی گوێیان نەدایە ئەو پرسیارە و بەدوای میکانیزمێکی تردا نەگەڕان ، ئیتر لەو رۆژەوە نەتوانیان زەنگۆڵەکە بکەنە گەردنی پشیلەکە و نەتوانیان خۆیشیان بپارێزن ........... ئێمەش لە کەرکوك خەریکە بەو دەردە دەچین رژێمی بەعس 35ساڵ سیاسەتی ئەو پشیلەیەی لەم شارەدا پەیڕەو کردووە ودوای روخاندنی بەعسیش شۆڤێنیەکانی عەرەب و کرێگرتەکانی ولاَتانی دراوسێ درێژە بەهەمان سیاسەت دەدەن ، کاتێ قسە دێتە سەر چۆنیەتی خۆپاراستن و بەرگری ، زۆر پێشنیازی جوان و بەدیقەت دەکرێت ، بەلاَم کێشەکە لەوەدایە کەهێشتا لەوە نەگەیشتوین کە لە کەرکوك کێ سیاسەتی کوردی هەڵدەسوڕێنێ، یان دەتوانین لە کەرکوکدا چی بکەین .. سیاسەتی کوردی لە کەرکوك لە دەستی گروپی کوردی دایە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك کە لەناویاندا هەیە زوڵمی لێکراوە براوەتە ئەو شوێنە هەستیارە ..بۆیە دەیڵێم ئێستا ئێمە لە کەرکوك وەك گروپی کوردی ناتوانن زەنگۆڵەکە بکەنە ملی پشیلەکە پێویستە کورد بیر لە میکانیزمێکی تر بکاتەوە.

* گەڕانەوە ژمارە (12) لە 27/ 5/ 2004

# گەڕانەوەی کەرکوکییەکان بۆ کەرکوک پێویستییەکی قۆناغەکەیە

بەهۆی لەدەستدانی ئەو فرسەتانەی کە لەسەرەتای پرۆسەی ئازادیدا بۆ کورد رەخسان بۆ ریشەکێشکردنی (تەعریب)و نەبوونی بەرنامەی کاری هێزە سیاسییەکان بەو ئاراستەیەو خراپ مامەڵەکردنی کادیرە حیزبییەکانی کورد لە کەرکوک، ئەنجامەکەی واکەوتەوە کە کەرکوک نەبێتەوە بە بەشێك لە نیشتمانە بەزۆر لەیەکتری دابڕاوەکەی.. دواتریش سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیتوانی لەدەستوردا ئەوە ساغ بکاتەوەو ژیرانە هێزی جەماوەریان وەك فشار بۆ سەر مەجلیسی حوکم بەکار نەهێنا، بۆ نموونە خەڵکی کفریو کەلارو چەمچەماڵو دوزخورماتوو با چەندین رۆژ مانیان بگرتایەو خۆپیشاندانیان سازبکردایە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر کەرکوك، ئەوەش نەکرا !.. تا ئەنجامەکەی بەوە گەیشت کە لە دەستوری کاتیی عیراقدا کەرکوك وەك حاڵەتێکی نائاسایی لەگەڵ


www.dengekan.com

بەغداد دەمێنێتەوەو ناخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان تا دوای هەڵبژاردن و ئەوکات خەڵکی کەرکوک خۆی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات.. ئەم حاڵەتەی کەرکوک و هێشتنەوەی بەو شێوەیەو بەستنەوەی چارەنووسی شارەکە بە ئارەزووی خەڵکەکەوە وایکردووە رۆژ لەدوای رۆژ کێشەی کەرکوک ئاڵۆزتربێ و لەئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیدا ئیتفاقیاتی لەسەر بکرێت و نەخشەو پیلان دابڕێژن تا چارەنووسی کەرکوک نەخرێتەوە دەستی کورد.. لە بەرامبەر ئەو هەموو جوڵەو خۆ بۆ تەرخانکردنەی عەرەب و تورکدا بۆ کەرکوک، هەست بە سستییەکی لەرادەبەدەری سەرکردایەتی سیاسی کوردی دەکرێت بەرامبەر بە کەرکوک و راشکاوانە دەیانەوێ دەوروتەسلیم لەگەڵ کوردەکانی کەرکوکدا بکەن و پێیان بڵێن: بڕۆنەوە ئیتر خۆتان لە چارەنووسی سیاسی شارەکەتان بەرپرسن ! کە ئەم جۆرە تێڕوانینە لە خۆدزینەوەو دەستبەرداربوونی کەرکوک زیاتر هیچ ماناو مەغزایەك نابەخشێ.. بەڵام لێرەدا ئەرکی ئێمەی کەرکوکییە کە خۆمان دەستبەرداری شارەکەی خۆمان نەبین و لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵە عەرەبی و تورکی و کوردییانەی کە دەیانەوێ کەرکوک لە کوردستان دابڕن دەبێت خۆمان وەك چۆن بە درێژایی مێژوو شەڕمان لەسەر مانەوە کردووەو بەرگەی زۆرترین زەبرو زەنگمان گرتووە لەم قۆناغەی داهاتووشدا تێکۆشانمان درێژە پێبدەین کە هەر چەندە هەلومەرجەکە ئاڵۆزو سەخت و دژوارە بەڵام رێگای تێکۆشانەکە ئاسانەو هەموو کوردێکی کەرکوك لەهەر کوێیەکی دنیادا بێت دەتوانێت بەشداری لەم قۆناغەی خەباتدا بکات کە چارەنووسی شارەکەی پێوە بەندە، خەباتکردنەکەیش گەڕانەوەیە بۆ کەرکوك.. بۆ سەر زێدی باو وباپیری خۆمان و گوزەراندنی ژیانە لەو وەتەنەی کە هەمیشە خەونمان پێوە دەبینی بۆی بگەڕێینەوە.. چونکە بەو شێوەیە دەتوانین سەنگەری تێکۆشانەکەمان بەهێزتر بکەین و ببینە پشتیوان بۆ تێکۆشەرانی کەرکوك کە قۆڵی خەباتیان لێ هەڵکردووە لەپیناوی گەڕانەوەی کەرکوکدا بۆ ئامێزی نیشتمان.

بۆیە پێویستە هەموو کەرکوکییەکان بگەڕێنەوە بۆ کەرکوك چونکە لە داهاتوودا لە هەڵبژاردن و راپرسیدا تەنها کەرکوکییەکان مافی دەنگدانیان هەیە لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

*رۆژنامەی گەڕانەوە ژمارە (12) لە 27 /5 /2004

# کەرکوك و ڕۆژی قیامەت

ئۆمەتی ئەم زەمانە ئەوەندە بێعارو لەخوا نەترسن نەك تەنها نوكتە بۆ باوباپیرانمان دروست دەكەن ، نەك تەنها لە ژیانی ڕۆژانەی ئێستادا دەیان و سەدان نوكتە ئەدەنە پاڵ ئەم قەوم و ئەو شارو ئەو تیرەو تایفە ، بەڵكو نوكتە بۆ ڕۆژی قیامەتیش هەڵدەبەستن .. وەك ئەوەی دەگێڕنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا (خوای تەبارەك وتەعالا) كۆمەڵێ مەنجەڵی زۆر گەورەی داناوە لەسەر ئاگرو خراپەكارەكانی هەر شارێك دەكاتە ناو هەریەك لەو مەنجەڵانەوە و هەریەكەو مەلایكەیەكی بەقامچیەكەوە لەدیار داناوە تا هەر كەسێك ئەگەر ویستی لە مەنجەڵەكە بێتە دەرەوە مەلایكەكە بەو قامچییەی دەستی یەك قامچی بداتە سەروتەپۆڵكی سەریداو بیخاتەوە ناو مەنجەڵەكە .. بەڵام ئەو مەنجەڵەی كە كەركوكییەكانی تیایە خوای گەورە هیچ مەلایكەیەكی بەدیارەوە دانەناوە .. ئەوانەی وەك چاودێر سەردانی ئەم مەیدانی سزایە دەكەن سەریان لەو دیمەنە سوڕدەمینێ بۆچی تەنها مەنجەڵەكەی كەركوك مەلایكەی قامچی بەدەستی لەدیار نییە .. كاتێ دەچنە دیاریو لێی وورد دەبنەوە تەماشادەكەن ،گەر كەركوكیەك بیەوێ لەمەنجەڵەكە بێتە دەرەوە كەركوكییەكانیتر لەخوارەوە خۆیان قاچی ڕادەكێشن .. چاودێرەكان كاتێ ئەم دیمەنەیان بینی لە حیكمەتی ئەوە گەیشتن كەبۆچی (رب العالمین) مەلایكەی قامچی بەدەستی لەدیار مەنجەڵی كەركوكییەكان دانەناوە ..

قەومێل ئەم نوكتەیەم بۆ ئەوە نەگێڕایەوە پێبكەنن .. بۆ ئەوە نوسیومە كە تەریق ببنەوە و ئیتر قاچی یەكتری ڕانەكێشن ، چونكە كەركوك بایی ئەوەی پێوە نەماوە قاچی یەكتری ڕاكێشن و پێویستە هەریەكی لایەكی گوریسەكە بگرنە دەست ، چونكە مەترسییەكانی سەر كەركوك هەمەلایەنەیەو پێویستی بەوە هەیە پشت بۆ قاچی یەكتری دانەوێنین تا كەركوك لەم دۆخە ئاڵۆزە ڕزگار دەكەین .. گەر وانەكەین ئەوە دەبێ دڵنیاببین نەك ناتوانین كەركوك ڕزگار بكەین ناتوانین خودی خۆشمان لەمەترسییەكانی ئەو ئاگرە كە وەك مەنجەنیق بۆمان داخراوە دورخەینەوە .

* هەواڵ ژمارە(83) 29ی ئایاری 2004

# کێ لەم هەموو تیرۆرەی کەرکوک بەرپرسیارە

نا هوشیاری لەولاتی ئێمەدا هێندە بەقولایماندا شۆڕبۆتەوە، کەسمان هەست بەبەرپرسیارێتی سەرشانمان ناکەین و لەمەسئولیەتەکەمان تێناگەین . کەسێك دەکرێت بە بەڕێوەبەری ئاسایشی شارێك یان پۆلیس یان تەواری و چیوچی ،ئەوەندە هەست بەبەرپرسیارێتی دەکات کەخۆی بپارێزێ، لەوە ناگات پاراستنی ژیان و سەروماڵی خەڵك لەئەستۆی ئەودایە . لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوان و تاوانکاریانەی کەدەکرێن ، کەسێکمان نەبینی لەولاتی ئێمەدا لەبەرامبەر کەمتەرخەمی خۆیدا دەست لەکار بکێشێتەوە ، خەڵکیش هێندە ناهوشیارین ،نەچووین رەخنە ئاراستەی کەس بکەین کاتێ رۆژانە دەیان تاوان روودەدەن .ئەوەی لەماوەی یەك ساڵی رابردوودا لە کەرکوك روویداوە ،جێی سەرسوڕمان و هەڵوەستە کردنە کەزیاتر لە300کەسی بێتاوان لەحاڵەتی جیاجیادا تیرۆر کروان . بەم دواییەش لەماوەی یەك مانگدا چەندین بەڕێوەبەری کورد تیرۆر کران .. لە بەرانبەر تیرۆرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك و ئەو چەندین بەرپرس و بەڕێوەبەرەدا هیچ هەڵوێستێك و هیچ ئیجرائاتێك نەکراوە ، تەنانەت لەبەرامبەر کوشتنی بەڕێوەبەرە کوردەکاندا وەك (ئەزعەف ئەلئیمان) گروپی کوردی لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك تاکە بەیاننامەیەکی نارەزاییشی بلاو نەکردۆتەوە کە ئەم بێدەنگی و بێهەڵوێستییەی کورد خۆی لەبەرامبەر ئەو هەموو تیرۆرەدا کارەساتێکی گەورە ترە لەتیرۆر کردنمان و جێی تێرامانە . ناکرێ هەر رۆژێ ئازیزێکمان تیرۆر بکرێت و لێی بێدەنگ بین لە کاتێکدا لە کەرکوك بوارێکی باش رەخساوە بۆ کارکردن دژی تیرۆریستان و پاشماوەکانی بەعس ئێستا لە 42٪پۆلیسی کەرکوك لەکورد پێکهاتووەو ICDC زۆربەی هەرەزۆری کوردن .دەزگای ئاسایش و چی و چیمان هەیە ، کەچی ئەم هەموو کارە تیرۆریستییە دەکرێت و کورد وتەنی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت. بێگومان بەشێکی زۆری لەئەستۆی ئەو دامودەزگایانەدایە کە ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی شارو ژیانی خەڵکەکەیان لەئەستۆدایەو بەهۆی کەمتەرخەمی وخەمساردی ئەوانەوە کە لەئاستی پێویستدا نین ، ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام دەدرێت ، دەبێ رووبەڕووی رەخنەی توندبکرێنەوەو هەقە گلەیی لەهەردوو حزبی سەرەکی (پارتیو یەکێتی ) بکرێت کەنابێ چارەنووسی کەرکوك و بەرپرسە ئیدارییەکان و خەڵکەکەی( بەقەدەر) بسپێرن و دەبێ بیر لەرێگەچارە بکەنەوە ،چونکە بەردەوام بوونی ئەو حاڵەتەی کەرکوك لەدواجاردا زیانی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە.

* کوردستانی نوێ ژمارە (3379) لە30 /5 /2004

# چۆن ئەم دیاردەی تیرۆرەی کەرکوك بنبڕ بکەین؟

لەم نووسینەدا , لەم هەلومەرجە ئالۆزەی کەرکوکدا , ناچمە سەر ئەو هۆکارانەی کەرکوکیان گەیاندە ئەم رۆژەو ئەو نائارامی و بارە خراپەیان دروستکردووە کە کەس هەست بەئەمان نەکات . لەهاولاتییەکی ئاساییەوە تا یەکە یەکەی بەرپرسان بەیانی کە لەخەو هەڵدەسن دڵنیانین ئێوارە دەگەڕێنەوە . دەمەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەم کەچۆن ئەم حاڵەتە کۆتای پێبهێنین بەتایبەت کە چەند رۆژێکی تر دەسەلات

دەدرێتەوە خۆمان . ئایا دوای ئەوەی لەم وەهمە گەورەیە رزگار دەبین کەئەمریکامان کردۆتە کاریزما و چارەنووس و مانەوەو ژیانی خۆمان داوەتە دەستی قەدەرێك کە ئەوان دەمانپارێزن , وا لەپەنای ئەو وەهمەدا رۆژانە تیرۆری کورد دەکرێت , بەڕێوەبەری فەرمانگەکان تیرۆر دەکرێن , بەڵام تەنها ئەو بەڕێوەبەرە کوردانەی کە تازە دانراون . هەر دوێنێ وپێرێ بوو بەزنجیرە ژمارەیەکی بەرچاو بەرپرسی دەزگاکان تیرۆرکران , دوێنی تەرمی شێوێنراوی (5) لاوی کورد لەسامەڕاوە هێنرایەوە کەرکوك کەسەریان لەلاشەکانیان کرابوەوە هەرپێنج تەرمەکە پێکەوە سوتێنرابوون و ئەمڕۆش غازی تاڵەبانی و سبەی دەیانی تر .

هەمووومان بینیمان کەچەند هاووڵاتییەکی ئەمریکایی لەفەلوجە لاشەکانیان سوتێنرا , هەموو ئەمریکا و بەریتانیای وروژاند و لەتۆڵەی ئەوە فەلوجەیان وێرانکرد , ئایا تاکەی کورد بەرگەی ئەو هەموو کوشت و بڕە دەگرێت ؟ تاکەی هێزە سیاسییەکانی کورد بەر بەرقی پەنگخواردووی خەڵکی کەرکوك دەگرن ؟ کەئێستا ژیانیان وەك سەردەمی سەدام لەمەترسیدایە ؟ ئایا دوای ئەوەی ئەمریکا گوڕەپانەکە جێدێڵێ و چارەنووسی ئەم شارە پڕلەکێشەیە دەداتە دەستی ئەو پۆلیسانەی کەبەشێکیان گومان دەکرێت خۆیان کارئاسانی بۆ ئەمجۆرە تیرۆرکردنانە بکەن . ئایا ئەم هەوڵی تیرۆر کردنانە هەڕەشەن بۆ بەرگرتن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك یان هەڕەشەن بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ دۆخی پێش هاتنی بەعس و گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر کوردستان , ئەی وەڵامی کورد لەبەردەم ئەم هەڕەشە بەردەوامانەدا چییە ؟ ئایا هێزە سیاسییە کوردییەکان لە کەرکوك هەروەك هەڵوێستیان لە بەرامبەر کارە تیرۆرستیەکانی تردا دەرکردنی بەیاننامەیەکی چوارچێوە بەهێڵی سور کێشراو دەبێت ؟ ئایا گروپی کوردی لەئەنجومەنی پارێزگا هەروا بێهەڵوێستی خۆی رادەگەیەنێ کە تائێستا لە بەرامبەر ئەو هەموو تیرۆرەدا بەبەیاننامەیەکی لاوازیش ئیدانەی تیرۆرستانی نەکردووە ؟ ئەی ئەو ناڕەزایی و بێزارییەی خەڵکی کەرکوك لەهێزە کوردییەکان دەگاتە کوێ ؟ ئەمانە هەمووی پرسیاری ئەمڕۆن دەبێ وەڵامیشیان بدرێتەوە , چونکە ناکرێ ئەم تیرۆرە بەردەوام بێت و هەموومان وەك نۆرەگرتنی منداڵ لەفڕنی سەرکۆڵانی گەڕەك نۆرەمان بۆمەرگێکی لەو شێوەیە گرتبێ

دەبێت هێزە کوردییەکان , سەرکردایەتی سیاسی کورد , خوێندنەوەیەکی خێراو وردی ئەم دۆخە ئاڵۆزەی کەرکوك بکا کەبەدڵنیاییەوە لەدوای 6/30 تا سەرژمێری عیراق لە کۆتایی ئەمساڵدا بارودۆخی کەرکوك ئاڵۆزتر دەبێت . دەبێت بەر لەهەمووشت کورد بیر لەوە بکاتەوە لەو بەشەی لە ئیداراتی کەرکوك دراوەپێی و دەیدرێتێ کێ دادەنێت و چۆن پڕی بکاتەوە , ئەمە پێویستە لە پۆلیسێکی ئاساییەوە تا پارێزگار کە کوردە بکەوێتە بەر هێڵەکی ئەم خۆئامادەکردنە بۆ قۆناغی دوای 6/30 . دەبێت ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کورد و هێزە سیاسییەکانی کەرکوك فشار بخەنەسەر ئەمریکا کەرکوك چۆن جێدەهێڵێ و تەسلیمی کێی دەکات , وەزعی ئەمنی کەرکوك بەتایبەت کورد هەروا لەبەردەم چارەنووسی مەترسی و مەرگدا دەبێت , کەمومکین نییە ئیتر خەڵکی کەرکوك ئەوە لەحزبە کوردییەکان قبوڵ بکەن لەپێناو ئیحراج نەبوونی خۆیاندا لەمەجلسی مەدینەو کۆبوونەوەکانیاندا , خەڵکەکەی کەرکوك ژیان و گوزەرانیان لێتێکبچێت و نەتوانن دوای سەعات (11) شەو جەڵدەش لێیان بدات , لەماڵەکانیان بێنەدەرەوە . دەبێ بەپەلە بیر لەم وەزعەی کەرکوك بکرێتەوە کەبەر لەهەرکەس پارتی و یەکێتی لێی بەرپرسن , چونکە لاوازی هەڵوێستی گروپی کورد لەپارێزگاو لق و مەڵبەند وایکردووە هەر رۆژەی بەڕێوەبەرێکی کورد بکوژرێ و سەدان خێزانی کوردی کەرکوکی نەفرەت لەبێدەسەڵاتی و هەڵوێستی

خۆیان بکەن .

* کوردستانی نویّ ژمارە (3395) لە 17 /6 /2004

# کەرکوك و ئەمریکاو جەباری رەحیم عەزە

پێش ئەوەی بچمە ناوەرۆکی باسەکەوە پێویستە شتێ لەسەر مام (جبار رەحیم عەزە) بڵێم تا خوێنەر وەك کەرکوك‌و ئەمریکا لەم باسەدا ئاشنا بێت بەناوەکەی..

(مام جەبار) کوڕی بنەماڵەی عەزیز شەریف جەلیلە بنەماڵەیەکی ناودارو ناسراوی هۆزی شوانن‌و لە چەمچەماڵ نیشتەجێیە پیاوێکی خۆش قسەیەو زۆر جار مەسەل‌و نوکتە بۆ قسەکانی خۆی دەهێنێتەوە.. رۆژی 31 ئابی 1996 بوو پەلاماری سوپای عێراق بۆ سەر هەولێر دەستی پێ کردبوو مەترسی ئەوەش هەبوو کە لەبانی مەقانەوە پەلامار بەرەو چەمچەماڵ‌و سلێمانی دەست پێ بکات.. هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عێراق لە سەنگەردا بەرامبەریان لە یەکتری گرتبوو.. هەواڵی ئەوە گەیشت کە دەبابە داخلی ناوشاری هەولێر بوونەو زۆر بارەگایان گرتووە بە بینایەی (پەرلەمانیشەوە) هەمووان کزوداماو دانیشتبووین کورد واتەنی (پەلە پیتکەت لێدایاین شەقمان دەبرد).. گەورە بەر پرسێك تەلەفونی کرد کە بەهێزەکانی سنوری چەمچەماڵ رابگەیەنن کە هەر ئێستائەمریکا تەداخول دەکات‌و تەیارە دێت لەجەیشەکە ئەدات.. ئەم تەلەفونە بەشێکی بۆ بەرز کردنەوەی مەعنەویات‌و بەشێکیشی مەعلومات بوو کە فرۆکەی هاوپەیمانان ئێستا نا کەمێکی تر غارەدەکەن‌و لە جەیشەکەی عێراق ئەدەن.. هەبوو پێی وابوو لەگەڵ یەکەم غارەی تەیارەکانی ئەمریکاو بەریتانیادا هەرچی ئەو دەبابەو چەك‌و جبەخانەیەیە دەبێتە مولکی رۆڵەکانی گەل‌و پێشمەرگە دەستیان بەسەردا دەگرێت.. بەدیار رادیۆو تەلەفزیۆنەوە دانیشتبووین‌و چاوەڕێی راگەیاندنی هەواڵ‌و زانیاری زیاتر بووین‌و گوێ قولاغ بووین کە هەواڵی بۆردوومانی تەیارەی هاوپەیمانان ببیستین.. لەناکاو یەکێ لەکەناڵە عەرەبییەکان ئەو هەواڵەی راگەیاند کە لە بەرامبەر پەلاماری سوپای عێراق بۆ هەولێری پایتەخت فرۆکەکانی هاوپەیمانان چوونەتە سەر ئاسمانی عێراق‌و بۆردومانی یەکەیەکی سەربازی عێراقیان کردووە لە شاری (ناسریە).. ئەو هەواڵەی کە ئێمە چاوەڕوانمان دەکردو هیواو ئومێدی مانەوەی کوردو ژیانی خۆمان پێوە بەستبوو بەو شێوەیە راگەیاندراو ئەو (پەلەپیتکەیە بوو کە پێویست بوو شەقمان پێ بەرێت) بەلام شەقمان

نەبرد.

لەم کاتەدا (مام جەبار) کەوتە قسەو وتی ئەوە کابرایەك دانی ژانی کردبوو لە تاو ئازارو بەپەلە خۆی کردبوو بە عیادەیەك داو لەبەردەم دکتۆردا خۆی دا بوو بەزەویدا عیلاجم بکە وا شێت بووم.. بێ ئەوەی ئەو لەوە بپرسێت کە ئەمە دکتۆری چی‌یەو بێ ئەوەی دکتۆریش لە نەخۆشی‌یەکەی بپرسێتەوە. کە بەو شێوەیە دەبینێ هاوار هاوارێتی خێرا (بەنجی) دەکاتو عەمەلیاتی مایەسیری بۆ دەکات.. دوای ئەوەی نەخۆشەکە وردەوردە دێتەوە سەر خۆیو بەنج بەری ئەدات.. دکتۆر دەچێتە دیاریو لێی دەپرسێ ئێستا ئازارت چۆنە ؟.. کابرای بەهەڵە عەمەلیات بۆ کراو دەست ئەگرێتە لاڕوومەتی‌یەوەو ئەڵێ خەریکە ژان دەکاتەوە.. دکتۆرەکە پێی دەڵێ بۆچی دەست لە روومەتت دەدەی..؟ نەخۆشەکە ئەڵێ ئەی دانم ژانی ناکرد.. دکتۆر شپرزە دەبێت ئەزانێ شتێ خراپ قەوماوە، بەنەخۆشەکە دەڵێ ئەی کە دانت ژانی دەکرد بۆچی بێ دەنگ بووی کە من تەماشای( پاشەوەتم کرد) ووتم هەر ئێستا عەمەلیاتت بۆ دەکەم..؟ نەخۆشەکە دەڵێ وامزانی لەڕەگەوە دەری ئەکەیت..

ئێستا لە کەرکوك دا هەمان حاڵەت زوو زوو دووبارە دەبێتەوە.. بە هۆی ئەوەی کەرکوك ئازاد کرا لەلایەك کورد خۆی کەمتەرخەمی کردو بە هۆی تالانو بڕووە ئاگای لەو بەرپرسیارێتی‌یە نەما کە پێویست بوو چی بکات لە کەرکوكو دواتریش ئەمریکا بەشێوەیەك مامەڵەی کرد کە پاشماوەکانی بەعس بەچەكو تفاقی خۆیانەوە بمێنێتەوەو چەند گەڕەکێکیش وەك ناوچەی ئازاد کراو بۆیان بووە پەناگەی خۆ حەشاردانو شوێنی داڕشتنی کاری تیرۆرستیو پەلامار بۆ سەر هاوپەیمانەکان.. لەو کاتەوە بەبەردەوامی شەوانە تەقو تۆقو هاوەنو کاتیۆشا تێگرتن هەیە.. شەونی‌یە ریزێك کاتیۆشا خۆی نەکات بەناو (مەتار)دا.. لەگەڕەکەکانی (مەمدودەو عروبەوە) تەقە لە ئەمریکی‌یەکان و پیاوانی دەزگاکانی دەوڵەت دەکرێت. کەچی هەر جارێ کاتیۆشاکان کاریگەر بنو ئازار بگەیەننە جەرگی ئەمریکا حەیاتەکە بە پەلە مەفرەزە ناحاڵییەکانیان دەست بە پشکنینو دانانی سەیتەرە دەکەن بەڵام لە ئازادیو شۆڕیجەو ئیمام قاسمو سەیتەرەکەی چەمچەماڵ.. پێدەچێت ئەوانیش بیانەوێ لە شۆڕیجەو ئیمام قاسمەوە رەگی مەمدودەو عروبە دەربێنن..

*هەواڵ ژمارە (86) 19ی حوزەیرانی 2004

# لەدوای (6/30)، پۆڵ هارڤی چی لەگەڵ خۆی دەباتەوە؟

ئەم عیراقە لەدروستبوونییەوە تا ئێستای سەرلەنوێ بیناکردنەوەی، چەند جارێك هێزی تری دەرەوەی عیراق دەستیان لە حوکمڕانیکردنیدا هەبووە، چ بەشێوەی راستەوخۆ چ بە ناڕاستەوخۆ، بەتایبەت بەریتانییەکان کە لەسەردەمی دروستکردنی دەوڵەتی عیراقدا خۆیان ئەندازیاری دروستکردنی بوونو ئێستاش بەهۆی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئەمریکاداو رۆڵیان لە پرۆسەی ئازادیی عیراقدا، لەم ساڵو

چەند مانگەی رووخانی بەعس تا 6/30 کەوادەی گەڕانەوەی دەسەڵاتە بۆ عیراقییەکان، بەریتانییەکان بەتایبەت لەخوارووی عیراقداو لە بەغداش رۆڵی زۆریان بینی لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانەکان، ئەگەرچی هێزەکانی کەرکوکی سەر بەهاوپەیمانەکان هێزی (ئەمریکا)یی بوون و ئەوان کۆنترۆڵی کەرکوکیان لەدەستبوو، بەڵام کارەکانی (CPA) لە کەرکوك ماوەیەکە کەسێکی بەریتانی بەناوی (پۆڵ هارڤی) بەرپرسیارێتی درابوویێ، بەوپێیەی کە کەسێتییەکە شارەزایی لەبواری ئیدارەدانی ململانێی نەتەوەیی و رەگەزیدا هەیەو ماوەیەك لەو بوارەدا کاری جیاجیای کردووە، بەڵام گەر لە کەرکوکدا بەراوردی پێش هاتنی پۆڵ هارڤی و دوای هاتنی ئەو بکەین، هەست بەشکستی کارەکانی دەکرێت و بەهۆی تەرەفگیری ئەوو تێنەگەیشتنی ئەو لەکێشەکانی ناوچەکە، تەسەور دەکرێت لەپاش چوونەوەیشی لەدوای 6/30 کۆمەڵێ گیروگرفت و کێشەی تر بەجێبهێڵێ کەبەشی زۆری بەهۆی کارەکانی ئەوەوە خوڵقاون.

لەم ماوەیەیدا کە لە کەرکوکدا بەرپرسی کارەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بوو، دەیتوانی مێژووو بیرەوەرییەکانی ئەو گەڕیدەو کاپتن و بەرپرسە بەریتانیانە بخوێنێتەوە کە لەسەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عیراقدا لەم ناوچەیە بوون و واقیعی ژیان و خاوەندارێتی ناوچەکەیان نووسیووەتەوەو دەستیان هەبووە لەپێکەوەلکاندنی ئەم ویلایەتە بە عیراقی عەرەبییەوە، ئەویش لەدوای چوار ساڵ لەدروستبوونی دەوڵەتی عیراق، هەروەها دەبوو پۆڵ هارڤی یاداشتی ئەو لیژنەیەی (عصبە الامم)ی لەبەردەست بوایە کە هاتن و داوایان لەخەڵکی ئەم شارە کرد دەتانەوێ لەگەڵ مەرکەزی عیراقدابن، خەڵکەکە بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە لەدژی لکاندنیان بە عیراقەوە دەنگیان دا، هەروەها دەبوو پۆڵ هارڤی ئەو واقعە تاڵەی دوو نێوانی دروستکردنی دەوڵەتی عیراق تا رووخانی و ئەو هەوڵانەی بۆ تێکدانی باری دیمۆگرافی ئەم ناوچەیە نراون، بەڕوونی بیخستایەتە پێش چاوی خۆی تا لە ململانێ و هاوکێشەکاندا بیزانیایە لەسەر چ بنەمایەك هەڵوێستی خۆی یەکلای دەکاتەوە، کەزۆر کەس لەگەڵ هاتنی پۆل هارڤی-دا بڕوایان وابوو کە معادەلاتەکان بەرەو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و گەڕانەوەی بۆ سەردەمی بەر لەشێواندن و بەر لەهاتنی بەعس دەچێت و رەنگە ئەمجارە سیاسەتی بەریتانییەکان قەرەبوو کردنەوەی ئەو زوڵمە گەورەیە بوو بێت کە لەسەرەتای سەدەی رابردوودا لەدانیشتوانی ئەم ناوچەیەیان کردووە. پۆڵ هارڤیش وەك خۆی کە ئیدیعای ئەوەکرا کەسێکی لێهاتووە لە ئیدارەدانی ململانێ و راگرتنی تەوازندا، گەرچی ئەو جۆرە سیاسەتەش هەر درێژەدان بوو بەو زوڵمانەی کەبەعس کردوویەتی، کەچی نەك ئەوەشی نەکرد کە معادەلاتەکان و ململانێکان وەك خۆی بهێڵێتەوە، بەڵکو بەهۆی پشتگیری و پشتیوانی بۆ لایەك لەلایەنەکانی ململانێکان، خەریکە هاوکێشەکان دەگۆڕێن و زۆر کۆسپ و لەمپەری لەبەردەم ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەدا دروستکردووە کەئەوە پێچەوانەی مەهامی هاوپەیمانەکان و عیراقییەکانیشە لە داهاتووی عیراقدا، هەروەها ئەوە وایکردووە کە ئاژاوەو نائارامی لەناوچەکەدا باشتر تەشەنە بکات، چونکە مانەوەی ئەو دۆخەی بەعس خوڵقاندوویەتی، مانای بەردەوامی دۆخی نائارامی ناوچەکەیە ئەم هەڵوێستانەی( هارڤی ) رۆڵێکی خراپی لەدروستکردنی حەساسیەتدا بینیوە لەنێوان دانیشتوانی ناوچەکەداو پاش چوونەوەی خۆیشی ئاسەوارەکانی ئەو حەساسییەت و رق لێبونەوەیە باشتر سەرهەڵدەدەن، کەهەقە پۆل هارڤی ئەو پرسیارە لەخۆشی بکات کە دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی چی لەدوای خۆی جێ دەهێڵێت و چ لەگەڵ خۆی دەباتەوە؟ چی پێیە لە کەشکۆڵەکەیدا تا سبەی یاداشتەکانی خۆی لە کەرکوکدا بنووسێتەوە، کە ئەگەر راستگۆیانە تۆماری کردبن، من دڵنیام دەبێتە

مێژوویەك بۆ خۆیو وڵاتەكەشی كە قابیلی رەخنەگرتنی زۆرو نیگەرانی زۆری دانیشتوانی راستەقینەی كەركوك بیَ لەو سیستمەو دەسەڵاتەی كەئەمی كردووە بە بەرپرسی ئیداری شارەكە. دەبێت بەر لەوەی بچێتەوە بەكارەكانی خۆیدا بچێتەوەو خۆی رەخنەی خۆی بكاتو داوای لێبوردن لە دانیشتوانە رەسەنەكەی كەركوك بكاتو لە كەركوكەوە بە نەوەكانی داهاتووی وڵاتەكەی خۆی بڵێت، هیچم پیَ نییە یاداشتی بكەم بۆتان، چونكە ئەگەر بیاننووسمەوە، رووسوری بۆئێوە جێناهێڵم. زۆر رەوایەو هەقە هارڤی ئەوە بكات، بۆ ئەوەی ببێتە وانەیەك بۆ دوای خۆی تا كەسی تر لاسایی نەكاتەوە.

*كوردستانی نویَ ژمارە (3397) لە2004/6/20

# كورد دەستبەرداری كەركوك نابێت

نەگەلی كورد ئەوەی لەبیرچۆتەوە و نەدوژمنانی كوردیش هێندە ساویلكەن كەئەو راستییە نەزانن بەدرێژایی مێژووی شۆڕش و راپەڕینەكانی كورد لەم پارچەیەی كوردستانی بە عێراقەوە لكێنراودا , كورد خوێنی لەپێناوی كەركوكدا رشتووەو لە هەموو گفتوگۆیەكی نێوان كورد و دەسەڵاتی عیراقدا مەسەلەی كەركوك و دەستبەردار نەبوونی كورد لە كەركوك جەوهەری گفتوگۆكان بووەو هەر كەركوكیش خاڵی پێكنەگەیشتن و هەڵوەشانەوەی هەمو رێككەوتن و گفتوگۆیەك بووە .

بەدرێژایی ئەو دەیان ساڵەیش كەهەوڵی شێواندنی كەركوك و گۆڕینی باری دیمۆگرافی و بەعەرەبكردنی خاك و خەڵكەكەی دراوە , كورد لەبەرامبەردا , تێكۆشانی درێژە پێداوەو توانیوێتی پارێزگاری لە خۆی و لە سیمای شارەكەش بكات تا بەمەرگی بەعس كۆتایی بەقۆناغی تەعریب هات و سەرەتای ریشەكێشكردنی ئاسەوارەكانی تەعریب دەستیپێكرد , بەڵام لەدوای رووخانی بەعس و پاش ئەوەی مەسەلەی كەركوك و گەڕانەوەی بۆ سەر ئیدارەی كوردستان هێڵدرایەوە بۆ دوای ئاساییكردنەوەی بارودۆخی كەركوك , هەست بەنیگەرانییەك و تێنەگەیشتنێك دەكرێت لەبەرامبەر كەركوك و خەڵك پێیوایە كەدەستبەرداری كەركوك بووین , كە تێنگەیشتنەكە لێرەوەیە , هێشتنەوەی كەركوك بۆ دوای ئاساییكردنەوەو پاش ئیستیفتاكردن لەدەستبەرداربوونی كەركوك حاڵین .

منیش خۆم گلەیی و رەخنەم زۆرە لەبەرامبەر هەوڵ و تێكۆشانەكانمان بۆ كەركوك . بەڵام كەمتەرخەمی ئەم حزب و حكومەت و ئەو سەركردە ناكاتە دەستبەرداربوونی كەركوك , چونكە گەر هەموو كوردەكانی ئەم سەردەمەش بەوە رازیبن مساوەمە لەسەر كەركوك بكرێت , ئەوە نەوەكانی داهاتوو دەستبەرداری كەركوك نابن , گەر هەموو كوردی ئەم بەشەی كوردستان دەست لە كەركوك بشۆن ،ئەوا كوردی پارچەكانی تری كوردستان واز لە كەركوك ناهێنن , خۆشبەختانە بەڕاشكاوی ئەم رایە راگەیەندراوەو لەلایەن سەركردایەتی سیاسی كوردەوە دراوە بە گوێی هەموو ئەوانەی كەكەم تازۆر پەیوەندییان بەكێشەكانی كەركوكەوە هەیە . بەرێكەوت لەم ماوەیەدا منیش ئامادەی دیدارێكی هەندیَ كەسایەتی و ئەحزابی عەرەبی عیراقی بووم كەخۆیان بەخاوەن عەشیرەت وعەرەبەكانی حەویجەو كەركوك دەزانن لەگەڵ مام جەلال-دا كۆبوونەوە , من خۆم دانیشتبووم كەقسە لەسەر كەركوك دەكراو لەبەرامبەر

هەندێ بۆچونی ئەواندا سەبارەت بە(پارێزگاری کەرکوك) مام جەلال پێیووتن : حەزدەکەم لەوە دڵنیابن ئامادەین سەد ساڵی تر خوێن برێژین لەسەر یەك بستێکی تاشەبەردێکی چیای حەمرین .

پێم خۆش بوو ئاوا بەڕاشکاوانە هەڵوێستی روونی کوردیان بیست و پێویستە زۆر زوو زوو بیخەینەوە پێش چاویان و تێیان بگەیەنین کەنەرمیمان نەلەلاوازیمان دایەو نەدەستبەرداربوونی کەرکوکە , کە ئەگەر تا ئەو ماوەیەی دانراوە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك پاشان سەرژمێری بکرێت کەئێستا بەهۆی کەمتەرخەمی و سستی (CPA) ەوە لە کەرکوك ئەو پرۆسەیە تووشی شەلەل هاتووە , گەر بەو هۆیەوە تاوادەی سەرژمێری عەرەبە هاوردەکانیش نەچوونەوە و نەشمانتوانی شارو شارۆچکەکانی کەرکوك کەبەعس دایڕیبوون بخەینەوە سەر کەرکوك و گەر نەشمانتوانی ئاوارەکان هەموو بگەڕێنینەوە و گەر لەسەرژمێریشدا ئەوان لە کورد زۆرتردەرچوون , ئەوە مانای دەستبەرداربوونی کەرکوك نییەو کەرکوك شارێکی کوردسانییەو خەباتی لە پێناودا دەکەین .

* کوردستانی نویێ ژمارە (3400) لە23 /6 /2004

# کورد پێویستی بە کاك(جەلعود) هەیە

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود

لێتان ناشارمەوە گەر گەلی کورد رۆژی بەم رۆژە نەگەیشتایە و بارودۆخەکە واینەخواستایە کە کورد پێویستی بەیەك هەڵوێستی و یەك ئیرادەیی و یەك هێزی سیاسی و یەك سەرکردایەتی ژیر و ئازا نەبوایە.. هیچ لەگەڵ ئەوەدا نەبووم کە(یەك بن) و بگرە خۆزگەم دەخواست دە حیزب و دە سەرکردەی هاوشێوەی ئێوە و باشترمان هەبوایە و حەزیشم دەکرد هەمیشە دید و بۆچونتان جیاواز و پرۆژە و

بەرنامەی کارتان جیاواز بوایە، تا لە نێوان کێبڕکێی ئێوە و بەرنامە و بۆچوونتاندا وەك ولاتە پێشکەوتووەکان هەر چەند ساڵ جارێك گەل یەکتانی پەسەند بکردایە..بەلام بۆ کورد ئەو رۆژە زۆری ماوە و لە پێناوی گەیشتن بەو رۆژەدا، ئەمرۆ پێویستمان بەیەك دەنگی و یەك هەلوێستی هەموو گەلی کورد هەیە و لە سەرووی هەموشیەوە پێویستمان بە یەك سەرکردە و سەرکردایەتی ورد و هۆشیار هەیە بۆ رابەرایەتی کردنی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئاراستە کردنی هێزی گەل بۆ خەبات و بەدیهاتنی ئامانجەکانی.. بەتایبەتیش لەوەها رۆژێکدا کە هەرەشەی جۆراوجۆر لەسەر گەلی کورد هەیە و رۆژانە پیلانی جۆراوجۆرمان لەدژ دەگێردرێت.. دوو لەتی ئەم هەرێمە و دوو ئیدارەیی و دوو شێوازی حومڕانی جیاواز و دوو بیرو بۆچونی جیاجیا وای کردوە کە مەترسیەکانی سەر ئەزمونەکەمان زیاتر بن و دەرفەتی ئەوەی بۆ نەیارانی رەخساندووە کە دەست بنێنە بینا قاقای.. بۆیە بۆ ئەمرۆ پێویست بوو وە زۆریش پێویستە کە:-

لە پێناو پەڕاندنەوەی بزوتنەوەی گەلی کوردستان لەم دۆخە ئاڵۆزە و قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانەی بە هۆی پرۆسەی ئازادی عێراق و لە داهاتووی شەڕی دژە تیرۆردا لە ناوچەکەدا روودەدەن، ئێمەی کورد خاوەنی یەك هێزی سیاسی و یەك هەلوێستی کوردانە بین کە بزوتنەوە سیاسیەکەمان و شەقامی کوردی پێکەوە لە ژێر سایەی ئەو سەرکردایەتیەدا بە یەك ئاراستە تێبکۆشین. چونکە لەم هەلومەرجەدا دوژمنانمان سودی زۆریان لە دوو پارچەیی و دوو حکومەتی هەرێمەکانی کوردستان وەرگرتوە و رێگری بەردەم خواستە نەتەوەییەکانمان بەشی زۆری لە دوو لەتیمانەوە سەرچاوەی گرتوە و نەیارانی خواستە نەتەوەییەکانمان سودیان لە لاوازی ئێمە وەرگرتوە بۆ بینا کردنی هەلوێستە دژەکانیان.. بەتایبەتیش دوو لەتی و دوو هەلوێستی و دوو خوێندنەوەی جیاواز وبەرژەوەندی جیاوازی هەردولا وایکرد کەرکوك بەو دەردەبچێت و لە داهاتوشدا زیانی گەورەترمان بەردەکەوێت و دەرفەتی باشترمان لەدەست دەچێت بەهۆی ئەم دوو بەرەییەوە، بۆیە پێشنیاز ناکەم بۆ ئەوەی حکومەتەکانتان یەك بخەن و ئیدارەیەکی یەکگرتوتان هەبێ و خۆتان وەك دوو هێزی سیاسی لە دەرەوەی ئەو ئیدارەیەوەبن کە بێگومان ئیدارەیەکی ئیفلیج دەبێت .. چونکە بەر لە شەڕی ناوخۆ و دوو لەتبونی هەرێمی کوردستان بینیمان هەموو دەسەلاتەکان لە دەرەوەی پەرلەمان و حوکومەتەوە بوون ، بۆیە لەگەل دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی نێوان( یەکێتی و پارتی)حکومەت و پەرلەمانیش بونە دوو کەرتەوە.. من پێشنازتان بۆ دەکەم کە(ی.ن.ك) و (پ.د.ك) تێکەڵ یەك بکەن و ببکەن بە حیزبێکی سیاسی نوێ و ناوێکی تازەی لێبنێن کە دەربڕی ئەو یەکگرتن و یەکێتیەی کوردان بکات کە تاکە وەرەقەیەکی سیاسیە بەدەستمانەوە مابێت و بتوانین مەرامە گلاوەکانی ناحەزانی کوردی پێ پوچەڵ بکەینەوە.. بۆخۆشتان دەبێتە شەرەفێکی گەورە و لە مێژوودا هەمیشە بە شانازیەوە ناوتان دەبرێت.. کە بە درێژایی تەمەنتان لە پێناوی ئەم میللەتەدا تێکۆشاون و خەباتان کردووە و هەر یەکی چەند ساڵێکی تەمەنتان ماوە با بەسەر بەرزی و شانازیەوە بیبەنە سەر.

چونکە بارودۆخی کوردستان و گەلەکەمان ئەوەتان لێدەخوازێ و قۆناغەکە وای پێویستە..کە یان دەبێ یەکتان هەموو تەنازولێك بۆ ئەوی ترتان بکەن و چارەنووسی کوردی بدەنە دەست.. یا ئەوەتانێ دەبێ یەکبگرن کە بەو یەکگرتنە هەموو ئەو برینانە سارێژ دەبێت کە بە درێژایی تەمەنی ئەم دوو شۆڕشە شەڕی براکوژی لەجەستەی کوردا دروستی کردووە.. با یەکگرتنەکەش بەو شێوەیە بێت کە هێزێکی سیاسی فراوان دروست بکەن تا جێگای هەموتانی تیا بێتەوە بۆ ئەوەی نەیاری نەبێ لە ناوخۆتاندا، با

سەرکردایەتیەکەی دوو جار بەقەدەر ژمارەی ئێستای سەرکردایەتی هەریەك لە حیزبەکانتان بێت و مەکتەبی سیاسیش بەهەمان شێوە و رێکەوتنێك ئیمزا بکەن کە هەر شەش مانگ جارێك یەکتان سەرۆك و ئەوی دیتان سکرتێربن ودەسەلآت و ئیمتیازەکان دابەشبکرێن و بڕیارەکان بەدەنگی زۆرینە بێت.. حکومەت و پەرلەمانیش جێگای زۆرترین ژمارەی کادیرەکانی هەردوولاتانی تیادەبێتەوە.. کە دڵنیام هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر لە هەر کوێیەکی دونیادا بێت پشتگیری و پشتیوانیتان دەکات.. بارودۆخی کورد و کوردستانیش وادەخوازێ بۆیە هەق نیە بەرژەوەندی شەخسی و حیزبی ببێتە رێگر لەبەردەم ئەم خواستە میللیەدا کە دڵنیام ئەم پێشنیازە لەناو دڵی هەموو کوردێك دایە ئەگەر( رق و کینە و بەرژەوەندی شەخسی) لەخۆی دابماڵێ..ئێوەش هەریەکی دەستبەرداری بەشێك لەناوەکانتان بن(جەلال) (جەل) وەرگرین و (مەسعود) (عود) وەرگرین، دەبێتە (جەلعود) کەمانای بزێو و هەڵسوڕاو دەگەێنێ و ئەمڕۆش کورد پێویستی بەسەرکردایەتیەکی هەڵسوڕاو هەیە.. کەبەڕاستی ئەم قۆناغە پێویستی بە کاك (جەلعود)هەیە و ئێوەش لە هەموو کەس شیاوتر و لە پێشترن بۆ ئەو سەرکردایەتی کردنە بۆیە خۆزگە دەخوازم واتان بکردایە و یەکتان بگرتایە لە ژێر ناوێکی نویێ و وەك حزبێکی سیاسی نویێ بهاتنایەتەوە مەیدانی کوردایەتی.

کە بە دڵنیایەوە گەر ئەمە بکەن لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا کورد بەری رەنج و خەبات و خوێنی شەهیدەکانی و خواستە نەتەوایەتیەکانی دەچنێتەوە.. گەر واش نەکەن ئەوە لە ئایندەیەکی نزیکتردا جارێکی تر بە هۆی هەڵبژاردنەوە شەڕە پەڕۆ و شەڕی راگەیاندن و جارێکی دی سەنگەر لەیەك گرتن دەست پێدەکاتەوە و ئەوەشی بەدەست هاتووە ئەمجارە لەدەست دەچێت، چونکە کورد بەرگەی شەڕێکی تری ناوخۆ ناگرێتەوە..

*هەواڵ ژمارە(92) لە 2004/7/31

# کوردو وتورکیا

هەرچەندە کوردو تورکیا رابردوویەکی تاڵمان هەیە لەپێکەوە ژیاندا , لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانی و بەتایبەتیش لەدروستکردنی تورکیای نوێدا کەڕەچاوی ئەو بەڵێن و پەیمانانە نەکران کەپێشتر لەسەردەمی شۆڕشدا , هەردوولا لەسەری ریککەوتبوون , ئەو فەرامۆشکردنەی گەلی کورد و مەحرومکردنی لەمافەکانی لەو ولاّتەدا ئەو رووداوانەی لێکەوتەوە کەبەدرێژایی مێژوویەکی زۆر خوێن لەلاشەی هەردوو گەلی ( کورد و تورك ) رژاوە , لەدەر ئەنجامی شەڕو شۆڕشیشدا ئەو سیمایانەی نیشانداوە کەبڕوایەك لای ئەوروپاییەکان بچەسپیٚ کەتورکیا ناشیٚ ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا , لەبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت لەبەر کێشەی کورد , کەئەگەر تورکیا ولاّتێکی ئەوروپایی بوایە یاخود ببوایەتە ئەندام لە ئەوروپا , ئەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کێشەی کوردیش دەچووە ناو کێشەکانی ئەوروپاوە بێگومان چارەکردنی ئاسانترو زامنتر دەبوو لەوەی کەتائێستا چاوەڕوانی لێدەکرێت , بەئەندام نەبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا چەند زیانی بەتورکیا گەیاندووە چ وەك دەوڵەت و چ وەك نەتەوە , ئەوەندەش زیانی بە گەلی کورد گەیاندووە کە بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا بە ئەوروپاییبوونی بەشێك لە خاك و خەڵکی کوردستانیش بوو , کە ئەویان زۆرترین قازانجی بە کورد دەگەیاند .

ئێستا لە کاتێکدا تورکیش درك بەوە دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ولاّتەکەی لەسەروی هەمووشیانەوە کێشەی ئابووری پێویستی بە تێکشکاندنی دەرگا و لەمپەرەکانی چوونە ژورەوەیە بۆ ئەوروپا و ئەو راستییەش دەزانیٚ , بۆ ئەوەی چوونە ژورەوەی زامن بکات , پێویستی بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە , دەبێت لەوەها حاڵێکدا گەر تورکیا هەنگاوێك هاتە پێشەوە , پێویستە گەلی کورد دەهەنگاو بنێت , چونکە خاڵی هاوبەشی بەرژەوەندییەکانی هەردوولای ناکۆك لەوەدا یەکدەگرێتەوە و لەروانگەی جیاجیاوە هەردوولا قازانجی زۆر گەورەی تیا دەکەین کە ئەمڕۆش بەرژەوەندی زاڵبووە بەسەر هەموو ئایدیاو بۆ چوونێکی سیاسیدا , بۆیە دەکرێت لەو روانگەیەوە هەردولا ( کورد وتورکیا ) چاو لەرابردووی یەکتری بپۆشین و پێکەوە کار بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانمان لەسەرووی هەموو شتێکەوە بکەین , کەلەدووا رۆژدا خزمەتی زۆر گەورە بەنەوەکانی داهاتوومان دەگەیەنێت و وولاّتەکەمان پێش دەخات , بەتایبەتی ئێستا لە کاتێکدا دەروازەکانی بەردەم پێکەوەژیانمان رۆژ لەدوای رۆژ فراوانتر و کراوەتر دەبن و لە یەکتر نزیکمان دەکەنەوە , پێچەوانەی ئەوەی کە لەم بەشەی عیراقدا سەرباری هەوڵ و تەنازولاتی بەردەوامی کورد بۆ پێکەوەژیان , خەریکە لەمپەری گەورە لەبەردەم ئەم پێکەوە ژیانەیان دروست دەبێت , بۆیە دەکرێت لەهەردوو گەلی کوردو تورك و بەتایبەتیش بەهیمەت و رۆڵی تورکمانەکانی کەرکوك و باقی شارەکانی تری کوردستان لێرەشەوە ئەو خولیا و حەزی ئەوروپایی بوونە بڕوێنین ,

بۆ ئەوەی کەلەم بەشەی کوردستاندا بەدابینکردنی مافەکانمان ئامادەن لە گەڵمان بژین , ئەوە لەمێژە خەڵکی کوردستان پەیامی برایەتی و پێکەوەژیانی هەڵکردووە , گەرنا , ئەوا بەخۆمان وبەخەڵك وخاکی کوردستانەوە داوای پێکەوەلکاندنی ئەم بەشەو بەشەکەی تری کوردستانی سەر بە تورکیا لەچوارچێوەی

فیدراڵییەکی تورکیای ئەوروپایدا , ئایندەیەکی گەش بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان مسۆگەر بکەین , کەبەپێی هەموو پێشهات و خوێندنەوەی ژیرانەی رووداوەکان ئەو بڕیارە خزمەت بەهەردوو گەلی کورد و تورک دەگەیەنێت .

*کوردستانی نوێ ژمارە(3408 ) 2/ 7/2004

# کەرکوک عەربەت نەبوو!!

زۆر جار لەم ولاتەی ئێمەدا گلەیی و ناڕەزاییەکی زۆر دروست دەبوو لەسەر ئەوەی کارێك بەکەسێك دەسپێردرا کە نەك پسپۆر نەبوو لەو بوارەدا، نە لە دوور و نە لە نزیکەوە پەیوەندی بەو کارەوە نەبوو..! بەلام لەبەر ئەوەی ئەو وردە ئیش و کارانە گەرچی پەیوەندی راستەوخۆشیان بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەبوو بەلام لە جۆرە ولاتێکی وەك ئێمەدا ئەو حاڵەتانە بە ئاسایی تێدەپەڕن.. رەنگە نمونە زۆر لەبەردەستدا بن تا ئاستەکانی پارێزگار و وەزیریش بەم جۆرە خەڵکانە پڕ کراونەتەوە، سەرباری ئەوەی رۆتینیات و مەخسەرەی زۆر عەجایەبیان خستە ئەرشیفی حوکمڕانی کوردیەوە بەلام تێپەڕین و سەرمان سەلامەت بوو..

ئەوەی کە بەڕاستی کارەساتە و کارەساتی لێکەوتەوە ئەوەیە کە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و ئیدارەی کورد کەرکوکیشیان بەوشێوەیە تەسلیم بە هەندێ خەڵك کرد کە ناکرا شارێکی پڕ لە کێشە و ململانێی وەك کەرکوك کە رەمزی ناسنامەی کوردە و بە درێژایی شۆڕشەکانمان خوێنی بۆ دراوە و پاش روخانی بەعس بۆ مەسەلەی چارەنووسی کەرکوك و دیاری کردنی مافی خاوەندارێتییەکەی پێویست بو زۆرترین توانا و لێوەشاوەیی و باشترین جۆری کادری ئیداری و سیاسی بخرایەتە کەرکوکەوە کە بیانزانیایا چۆن ئیدارەی ململانێکانی کەرکوك ئەدەن، کەچی بە چاوی (عەربەت) روانیانە کەرکوك و وەك ئەوەی شارۆچکەیەکی بێ کێشە و گیروگرفتی وەك عەربەت بێت خەڵکانێکیان دانا کە نوێنەرایەتی کورد بکات لە ئەنجومەنی ئیدارەی کەرکوك ئیدارەی ململانێکان و سەرکردایەتی کردنی مەهامە سیاسیەکانی کورد کەلە ئاستی بەڕێوەبردنی شارۆچکەیەکی وەك(عەربەت) دابوون، بۆیە دەبینی لە دوای ساڵێك و

چوار مانگ بەسەر روخانی بەعسدا و لە دوای شانزە مانگ گەڕانەوەمان بۆ کەرکوك، وەزعی کەرکوك بەو شێوەیەیە کە نائومێدی و نیگەرانیەکی زۆری لای تەواوی خەڵکی کەرکوك و هەموو خەڵکێکی هۆشیاری ئەم گەلە دروست کردووە.. بۆیە هەق وایە خەڵکی کوردستان دوورە پەرێز نەبن لە چارەنووسی خۆیان و نیشتمانەکەیان و هەستی خۆ بەخاوەن زانین دەبێ لە ناخی تاك تاکی ئەم میللەتەدا چەکەرە بکات و بێدەنگ نەبن لەوەی بە میزاج مامەڵە لەگەڵ چارەنووسی خاك و میللەتەکەدا بکرێت.. دەبێ داوابکرێت باشترین و هۆشیارترین خەڵك لە جۆرە ململانێیەکی وەك کەرکوکدا نوێنەرایەتی کورد بکات.. چونکە ناکرێ چارەنووسی کەرکوك کە چارەنووسی کورد و کوردستانی پێوە بەندە بدرێتە دەست قەدەر. کەرکوك عەرەبەت نی‌یە!

* گەڕانەوە ژمارە ( 13)

# کەرکوك و یەکەم سەرژمێری سەردەمی ئازادی

ئێمەی کورد بێ خواست و ویستی خۆمان بە عێراقی عەرەبی‌یەوە لکێنراوین کەنەك تەنها بێ رەزامەندی خۆمان بووین بە بەشێك لە "ئومەی عەرەبی" بەڵکو کاتێ لە ساڵی 1924 کە تیمێکی "عصبە الامم" هاتن و رای خەڵکی کەرکوك و دەورو بەریان وەرگرت. لەدژی ئەوەش دەنگمان دا بمانلکێنن بە عێراقەوە کەچی رێزی رای خەڵکەکە و ناڕازی بوونەکەشمانیان قبوڵ نەکرد.. ئیتر لەو کاتەوە تاپووخاندنی دەوڵەتەکەی بەعس لە (مەلیکەوە بۆ صدام) هەمیشە بە ئاراستەی دژ بە کورد کار کراوە و رێگای جۆراوجۆر گیراونەتە بەر بۆ بە بچوك نیشاندانی کورد و تواندنەوەی لە بۆتەی عەرەب دا.. یەکێ لەو رێگا پڕ لە ساختە کاریانەش (سەرژمێری) بووە کە بەردەوام دەسەڵاتەکانی عێراق ویستویانە لەم رێگەیەشەوە خزمەت بەو ستراتیژە شۆڤێنیە بکەن کە کورد کەمینەیەکی بچوکە لە عێراق داو بەتایبەتیش لەناوچەکانی کەرکوك دا هەوڵیان داوە ژمارەی کورد زۆر زۆر لەوە کەمتر نیشان بدەن کە هەبووە.. بەو پێیەی سەرژمێری دەبێتە بەڵگەیەکی بڕوا پێکراو و کاری لەسەر دەکرێت و رەوای یاسایی هەیە، بۆیە زۆر ساختەکاریشیان لە "سەرژمێری کردنەکان دا کردووە".. تاکە سەرژمێری لە عێراق داو بەتایبەتیش بۆ شاری کەرکوك کە کورد بە سەرژمێری‌یەکی واقیعی بزانێ. سەرژمێری ساڵی (1957)ە. کە ئێستاش دوای تێکدانی باری جوگرافی و دیموگرافی ناوچەکە و پاش روخانی بەعس و لە سایەی ئازادی‌دا کە قسە لەسەر کەرکوك دەکرێت. کورد داوا دەکات ئاماری (57) بکرێتە پێوەرو بنەما بۆ راستی‌یەکانی کەرکوك... جا ئەگەر ئێستای دوای سەدام و لەسایەی ئازادی و لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و بەحزوری هاوپەیمانەکان سەرژمێری لە عێراق دا بکرێت بێگومان لە مێژووی عێراق دا دەبێتە بناغەیەکی تۆکمە بۆ عێراقی داهاتوو وە دەبێتە بنەما و پێوەر بۆ دەرخستنی رێژەی هەریەك لە دانیشتوانی شارەکان و گەلانی عێراقیش، کەبۆ هەتا هەتایە رەنگە لە هەر ململانێ و ناکۆکی‌یەك دا بگەڕێنەوە بۆ ئاماری (2004) بەو پێ‌یەی بە راستگۆترین ئامار دا دەنرێت..

بەڵام بۆ ئێمەی کورد مەترسی‌دار ترین ئامارە چونکە ئێمە کەدوای روخانی پەیکەرەکەی صدام لە

بەغدا خۆمان کرد بە کەرکوك داو وتمان کەرکوك رزگاری بوو لەبەر ئەوەی زۆر شت هەبوو دەبوو بمان کردایا و نەمانکرد دەبوو ئەو واقیعە مەترسی دارەی بەعس دروستی کردووە تێکمان بشکانایا و نەمانکرد.. دەبوو تەعریبمان هەڵبوەشانایەتەوەو ئەویشمان نەکرد.. دەبوو هەموو دەرکراوەکانی کەرکوك هەموویمان بگەڕانایەتەوەو ئەویشمان نەکرد.. دەبوو ئەو قەزاو ناحێیانەی کە بەعس لەساڵی 1976 لە کەرکوك دایبڕیبوون و خستوونیەتێ سەر تکریت و دیالەو سلێمانی بمانگەڕانایاتەوە سەر کەرکوك و نەمان کرد.. دەبوو دوای پرۆسەی ئازادی هیچ نەبوایا گوندەکانی دەورو بەری کەرکوکمان ئاوەدان بکردایەتەوەو ئەویشمان نەکرد..

بۆیە زۆر خراپ دەکەین ئەگەر بەشداری لەم سەرژمێرییەدا بکەین کە لەداهاتوویەکی نزیك دا بریارە ئەنجام بدرێت.. خوایە وەك ئەوانی پێشوومان نەکرد ئەمەشیان نەکەین.. بەلآم زۆر دەترسم بچین ئەمەیان بکەین و بەشدرای ئەو سەرژمێرییە بکەین کە تیایدا دەیدۆڕێنین و بۆ هەتا هەتایە دەبێتە بەڵگەیەکی بڕوا پێکراو و مێژوویی کە لەسەردەمی ئازادی و لەژێر چاودێری UN دا کراوەو کورد لە کەرکوك دا تیایدا دۆڕاوە..

بۆیە لە ئێستاوە تکا دەکەین کە بەشداری لەو سەرژمێرییەدا مەکەن و وەك زۆر شتی ترتان دۆڕان و بەقسەی کەستان نەکرد.. خێرتان ئەگات ئەمجارە بەقسەمان بکەن.

* هەواڵ ژمارە(89)لە 2004/7/10

# کارەساتێك بەڕێوەیە

سەربارى هەموو ئەو کارەساتانەی کە لەرابردوودا بەسەر کەرکوك دا هاتوون لەوکاتەوەی کەبەزۆر لکێندراوە بەعێراقی عەرەبییەوە تاڕوخانی بەعس و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق

...لەڕوخانی بەعسیشەوە تائیستا کەبەچەند قۆناغێکی زۆر هەستیارو ترسناک دا تێپەڕ بووە .. هیچ کام لــەو هەوڵــە داگیرکــاری‌و زەبروزەنگانــە کــەرکوکیان لــەڕووی یاســاییەوە لەکوردســتان دانــەبڕی‌و شــەرعییەتێکی قانوونییــان نەدایــە جیاکردنــەوەی کــەرکوك لەکوردســتان ..بــەلاّم کارەســاتی گــەورە لەدواوەیە، ئێستا خەریکە خۆمان کەرکوك لە کوردستان جیادەکەینەوەو بەچاوی کوردەکانی رومادی‌و فەلوجــە دەڕوانینــە کــوردی کــەرکوکیش..ئەمــەش بــەوەی کەلــەوادەی هەڵبــژاردنی گشــتی لــەعێراق نزیــك دەبینــەوەو گــەر بــارودۆخی ئــاڵۆزی عێــراق ماوەیــەکیش دوای بخــات ســەرئەنجام هەڵبژاردنــە کــە هــەر دەکرێــت‌و دەبــێ هاوکــات هەڵبــژاردنی هــەرێمی کوردســتانیش بکرێــت ئــەوەی کــە لــەو هەڵبژاردنــەدا وەك مەترسی‌و کارەساتی گەورە رووبەڕووی دەبینەوەو پێشتر دراسە نەکراوە (مەسەلەی کەرکوکە ) خەریکە دەیسەپێنێ لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دا کەرکوك بۆی نەبێ بەشداری لەدەنگدان بۆ هەڵبــژاردنی پەرلــەمانی کوردســتان بکــات ..کەلەســاڵی 1992لەهەڵبــژاردنی پەرلــەمانی کورســتاندا ســەرباری ئــەوەی کــەرکوك داگیرکــراو بــوو هەرێمەشــەی دەرو جــیران لەســەرمان بــوو بــەلاّم ژمارەیــەك کــەرکوکی بوونــە ئەنــدامی پەرلــەمان‌و ژمارەیــەك لەماڵــە کــانی کــەرکوك ســەرباری هەڕەشــەکانی بــەعس هــاتن‌و لەناوچــە ئازادەکــان دا دەنگیــان بــۆ پەرلــەمان دا و لــەدوای هەڵبــژاردنی پەرلەمانیشــەوە تاپرۆســەی ئازادی هەمیشە پەرلەمان کەرکوکی بەپارچەیەك لەجەرگی کورستان داناوە.,. بەلاّم ئەوەی لەماوەی کورتی داهاتوودا رووبەڕووی دەبینەوە بەزۆر دابڕینی کەرکوکە لە کوردستان‌و هیچ پاساو بیانوویەك نامێنێت کەئیدیعای کوردستانی بوونی کەرکوکی پێ بکەین کەخۆمان رازی بین پەرلەمانمان هەبێ‌و خەڵکی کەرکوك لەسەردەمی ئازادی‌و دوای سەدام دەنگیان بۆ نەدابێ‌و کەرکوکی نەیەتە پەرلەمانی کوردستانەوە .. کە لەڕووی یاساییەوە دابڕینێکی واقعی کەرکوکەو بەستنەوەیەتی بەعێراقی عەرەبیەوە.. بەڕاستی سەپاندنی ئەم بڕیارە بەسەر کورددا گەورەترین کارەساتەو ناکرێ‌و نابێ ئەمە قبوڵ بکرێت بەهەر پاساوو بیانویەکەوە بێت. بۆیە تکا دەکەم کەخەڵکی کوردستان ئەوە قبوڵ نەکەن‌و گەر پەرلەمانی کوردستان بەوشێوەیە نوێ دەکرێتەوە کە دەساڵێکە خەڵکی کوردستان داوای نوێ کردنەوەی دەکەن هەر هەڵنەبژێردرێتەوە باشترەو پەرلەمانە کۆنەکە سەرباری ئەوەی کە پارتی کتێبی لەسەر چاپ کرد، ( پەرلەمان شەهیدەو شەرعییەتی نەماوەو یەکێتێش بەگەراجی دەبابە ناوی بردە مێژووەوە) ،سەرباری ئەوەی خەڵکی کوردستانیش بەبێ دەسەلاّتترین دەزگای ناو دەبەن ، بەلاّم هەرچۆنێك بێت لەو پەرلەمانە باشترە کە ببێتە هۆی دابڕانی کەرکوك و دوزو خانەقین ودوبزو شەنگارو ژمارەیەکی تری ناوچەی کوردستان. بۆیە لەم کورتە نووسینەم دا داوا لەخەڵکی کوردستان دەکەم کەبەو بیانووە ناشەرعیانە قایل نەبن کەبەهۆی فشاری هاوپەیمایان‌و دەستوری عێراق‌و چی‌و چی‌یەوە بسەپێندرێت.. دەبێ کورد هەڵبژاردنی پەرلەمانەکەی وا بکات کەهەموو خەڵکی کوردستان تیایدا بەشدار بن‌و نوێنەریان تیایدا هەبێ. گەر وا نەبێ با هەڵبژاردن نەکرێت‌و خەڵکیش نابێ دەنگ بەپەرلەمانێك بدا کە کەرکوك لە کوردستان دابڕێت...

* هاولاتی ژماره (189) له 2004/9/1

# گروپی کوردی له کەرکوك، قارەمانن..!!

پێشتر چەند جارێك لە نووسین و بۆنەی جیاجیادا قسەم لەسەر گروپی کوردی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك کردووە و بەشێکی هۆکاری هێشتنەوەی بارودۆخی کەرکوك بە هەڵپەسێردراوی و بگرە ئاڵۆزتر بوونیشیم بۆ لاوازی گروپی کوردی گەڕاندۆتەوە.. چونکە ناکرێ ئۆباڵی هەموو کەموکوڕی وکەمتەرخەمیەکان بگەڕێنینەوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردی و بڵێین (مام جەلال و کاك مەسعود) دەیانتوانی لە بەغدا هەموو شتێك بۆ کەرکوك بکەن و نەیانکرد..ئەوە تێڕوانینێکی هەڵەیە و من پێم وایە کە بەرپرسانی کەرکوك ئەم قسەیە دەکەن خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی سەر شانی خۆیان، چونکە دەکرا زۆر شت لە کەرکوکدا بکرێتە(ئەمری واقع) و دەبوو لە کەرکوکەوە هەندێ جوهدی باش بکرایە بۆ پشتیوانی هەوڵەکانی گروپی کوردی لە ئەنجومەنی حوکم لە بەغدا..بەلأم لە کەرکوك(دەست گیرابوو بە کلأوەوە تا با نەیبات)..

بەهۆی ئەم وردە سەرنج و کورتە نووسینانەوە برادەرانی گروپی کوردی لێمان بەگلەیین و ناڕازین لەوەی رەخنەمان لێگرتوون.. دیارە ئەوان وا لە راگەیاندن گەیشتوون وەك چۆن زۆر جار وایان بۆ کراوە کە وێنەیان لێوەرگیرێت و خۆت پرسیارەکانیان بۆ بنوسی و وەلأمەکەشیان بۆ بدەیتەوە و بۆیان بلأوبکەیتەوە.. رەنگە وافێربوبن کە ئیعلام ئەوە مەهام و کارەکەیەتی و گەر لەوە تێپەڕی ئەو رۆژنامە نووس و کەناڵی راگەیاندنە لە هێڵی سوور لایداوە و دەبێت سەر زەنشت بکرێت.. لاتان سەیر نەبێ گەر بڵێم یەکێك لە برادەرانی خۆم کە ئەندامی گروپی کوردیە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و بەر لەوەی رەخنەیان لێبگرم هاوڕێ و خۆشەویست بوین، کەچی لەدوای ئەم یەك دوو قسەیەوە ئێستا (قسەم لەگەڵ ناکات) .. مەغزا ترسناکەکانی پشت ئەم هەڵوێست وەرگرتنە لە رەخنە، هێندە ترسناکە ناکرێ مرۆڤ لێی بێدەنگ بێت و توشی راچەنین دەبێ لەوەی کە ئیتر چۆن بڕوات بە گۆڕان و پێشکەوتن و کرانەوە هەبێ، کە هێشتا عەقلیەتی تەسکی حزبی رەخنەی پێ قبوڵ نەبێت.. ئیتر چۆن بڕوات بەوە هەبێ کە بەرانبەر قبوڵ

دەکـرێ و جیاوازیـەکان بـە جـوانی دەمێننـەوە.. بەتایبـەتی لـە شـارێکی وەك کەرکوکـدا کـە پـڕە لـە جیاوازی..

جـا گروپـی کـوردی رەخنـەی هـاوخوێن و هاوخـەبات و هـاوبیرێکی خـۆی قبـوڵ نـەکات.. دەبـێ بتـوانێ یاریـەکی جـوان لـە نێـوان ئـەو هـەموو جیاوازیانـەدا بکـات..؟! ئەمـە پرسـیارێکە دەبـێ ئـەو ئازیزانـە لـە خۆیـانی بکـەن.. چـونکە کارەسـاتە، جـارێکی تـریش دەیڵـێم، گـەلی کـورد چارەنووسـی خۆی لە شارێکی پڕ لە کێشەی وەك کەرکوکدا کە شانۆی جگە لە ململانێی ناو کەرکوك بەڵکو دەر و جیران و زلهێزەکـانی دونیـاش لـە کـەرکوك نمـایش دەکرێـت.. نـاکرێ ئەکتـەرەکانی کـورد پانتۆمـایم ئاسا لـەو ئاستەدابن و گـەر برادەرێکـی خۆیـان پێیـان بڵـێ(بـەری چاوتان بـە کلەوەیـە) ئیتر مەرحـەبای نەکەن.

دەبـێ بڕوایـان بـەو پەنـدە هـەبێ کـە(دۆسـت ئـەو کەسـەیە دەتگرێنـێ و دوژمنـیش دەتهێنێتـە پێکـەنین).. دڵنیـابن (لێمـان زویـر بـن و قسـەمان لەگـەڵ نەکـەن و تەقـەشمان لێبکـەن) ئێمـە هـەڵتان ناخەڵەتێنین بڵێین گروپی کوردی قارەمانن..!!

*هەواڵ ژمارە (98) 11ی ئەیلولی 2004

# یەشاری تورکمان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان

یەشـار خالیـد اعلامییـەکی تورکمـانی شـاری کەرکوکـە ئامادەکـارو پێشکەشـکەری بەرنامـەی " لقاوات " ە لـە تـەلفزیونی ( العراقیـە ) پەخشـی کـەرکوك ... کوردییـەکی سـەروگوێ شـکاو دەزانـێ و زۆر حـەزی بـە رەفاقـەتی کـورد هەیـە . تورکمـانێکی ژیـرەو بەرژەوەندییـەکانی تورکمـانی لامەبەسـتەو ئـەزانێ تورکمـان لەچـی دا قـازانج دەکـات ولەچـی دا زەرەر ... زۆر جـار دەردە دڵـی خـۆی دەکـات بـەوەی کـە تورکمـان تووشـی سـەرگەردانی بووەو پێویسـتی بـەوە هەیـە رابـەرێکیان تیـا هەڵکـەوێ کـە بزانـێ تورکمـان بەچـی ئاراستەیەك دا هەڵدەسـوڕێنێ ... بەشـێکی تـری نەگبـەتی تورکمـانیش لـەوەدا دەبینێتەوە کە کوردیش یەکگرتوونین .

چـونکە ئـەو پێـی وایـە کـوردو تورکمـان چارەنوسـی هاوبەشـیان هەیـەو قـازانجی تورکمـان لـەوەدا دەبینێتـــەوە کەبەشـــێك بـــن لـــە دانیشـــتوانی هـــەرێمی کوردســـتان , زۆر خـــەم خۆرانـــە بەتـــەنگ یەکگرتنـــەوەی هـــەردوو ئیدارەکـــەی هـــەرێمی کوردســـتانەوە دێـــت .. لـــەزۆر دیـــدارو چـــاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی دا ئەم خەمەی بەئاشکرا بەیان دەکات ..

لەشـــەوی 6/7-10-2004 دا لەبەرنامەیـــەکی دیـــداری تایبـــەت لـــە تەلـــەفزیۆنی کەرکوکـــدا کەمیوانداری هەریـەك لـە ( رزکـار عـەلی و کـەمال کـەرکوکی ) کرابـوو کەهـەر یەکـەیان ئەنـدامی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی (پـارتی ویـەکێتی ) ن و هـەردوکیان ئەنـدامی ئەنجومـەنی پارێزگـای کەرکوکیشـن ... گەرچی بەرنامەکەیان بەزمانی کوردی بوو ( یەشار خالیـد ) کە کوردی تێدەگات بـەڵام لـە قسـەکردندا خراپـە . بـەزمانی عـەرەبی بەتەلـەفون بەشـداری بەرنامەکـەیانی کـردو داوای کـرد کەئیـدارەکانی هـەرێمی کوردسـتان یەکبخەنـەوە کەمـەرجی سـەرەکی سـەرکەوتنی کـورد و تورکمانـە .. لەوەڵامـدا میوانـەکان کـە گـەر مـن بوایـام دەمـوت ئیتر شـەرمەزاریە یەکنەگرینـەوە کـە تورکمـان داوام لێبکـات بـۆ یەکگرتنـەوەو بەمـەرجی سـەرکەوتنی کـوردو تورکمـانی بزانـێ ... کەچـی بـرا میوانـەکان وتیـان جێگـای شانازیە بۆ ئێمە کە تورکمان داوامان لێبکات ئیدارەکان یەکبخەینەوە .

بـۆ شـەوی دواتـر کەتەلـەفزیۆن دیـداری هاوبەشـی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی ویـەکێتی نیشـان داو هـەردوو بـەرێزان ( مـام جـەلال و نێچـیرڤان بـارزانی ) لێـدوانێکیان بـۆ کەناڵـەکانی راگەیانـدن دا ... یەشار خالید تەلـەفۆنێکی بـۆمن کـرد و زۆر خۆشـحاڵی خـۆی دەربـڕی کـە ( مامـەو بـارزانی ) پێکـەوە قسـەی گرنگیـان کـردوە لەسـەر مەسـەلەی کـەرکوك و هەلۆێسـتی هاوبەشـیان هەیـە .. بـەزمانێکی زۆر کەساسـانە دەپاڕایـەوە توخـوا ئیـدارەکانتان یەکبخـەن ... ئـاخر مـن تورکمـانم ئـەزانم هـیچ لـە عـەرەب هـەڵناکرێنین و مـن ئـەزانم لەگـەڵ کـوردا بـژین و سـەربە هـەرێمی کوردسـتان بـین زۆر قـازانج دەکـەین بـەڵام ئـاخر مـن ئێسـتا ئەگـەر داوا بکـەم ,رێپێـوان بکـەم , مـانبگرم کـەدەبێ سـەر بـە حکومـەتی کوردستان بم . بەڵام سـەربە سلێمانی بم یان هـەولێر ... توخـوا دە وەك تورکمـان سـەری لـێ شـێواوە و غـەدری لـێ دەکرێـت ئێـوە ماڵەکـەتان رێکبخـەن بـا لەسـایەی ئێـوەدا بکەوینـەوە سـەر خۆمـان ... دوای تەلەفۆنەکـەی زۆر خۆشـحاڵ بـووم کـە هەسـت دەکـەم ئـەو شـعورە لای تورکمـان دروسـت بێـت کـە زەرورەتێـك هەیـە بـۆ پێکـەوە ژیـان و لەلایـەکیش زۆر هەسـتم بەشـەرمەزاری دەکـرد کـە خۆمـان دەربەسـتی خۆمـان نەیـەین وخـەڵك ئامۆژگاریمـان بکـات و لێمـان بپاڕێتـەوە کەماڵەکەمان جوان بکـەین ...

بـۆ ئێمـە زۆر گرنگـە ئـەو هەسـتە لای خۆمـان دروسـت بکـەین کـە مەسـئولیەتی خـەڵکی تریشـمان لەسەر شانەو ژیانی ئێمە کاریگەری لەسەر دەرەوەی خۆمان هەیە.

*هەواڵ ژمارە (104) لە تشرینی یەکەمی 2004

# کورد لە کەرکوک لە گوێی گایا نوستووە..!!

یەکێکی تر لە کارەساتەکانی کورد ئەوەیە بەدەر لەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر بایەخیان بە کەرکوک نەدا و فەرامۆشیان کرد و ئامادە نەبوون وەك خۆیان نەهاتن بۆ کەرکوك، کەوادر و سیاسەتمەداری بەهێزی خۆیان بنێرن و بە میزاج مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخی کەرکوك و چارەنووسیدا کرد.. ئامادەش نەبوون گوێ لە هاوار و ناڵەی کەس بگرن لە کەرکوك و هەرچی رەخنە و گلەیی خەڵکی کەرکوك و نووسەر و رۆژنامە نووسان و تەنانەت کادری حزبەکانی خۆشیانیان نەخوێندەوە وەك ئەوەی سوێندیان خواردبێ گوێ لە کەس نەگرن هەرچی وترا دەربارەی ئەم شارە وەك ئەوە وایە بە بادا درابێ.. ئەگینا وا ساڵێك زیاترە خەڵکی کەرکوك داد و بێ دادێتی لە دەست ئەوەی کە رۆژ بە رۆژ لە کەرکوکدا لە پاشەکشەداین و لە موعادەلاتەکاندا دەیدۆڕێنین . وەکو یاری فبۆڵێن وایە و لە هەموو خولێکدا گۆڵی زیاترمان لێ دەکرێت و کە قسەش دەکەین پێیان ناخۆشە و نیگەران دەبن..

لێرەدا ئەوەم بە بیردا هاتەوە کە لە نەوەدەکاندا یانەی وەرزشی چەمچەماڵ لە هەموو خولێکی کوردستاندا ئەیدۆڕاند و تا سەرەنجام لە پلە یەکەکانی کوردستان دەرکرا لە کۆتایی هەموو یاریەکیشدا راهێنەرەکەیان ئەیوت: راستە دۆڕاین بەڵام حەقی ساحەمان داوە. لەوە نەدەگەیشتم حەقی ساحە مانای چیە تا رۆژێك یەخەم پێ گرت : تۆ ئابڕوی چەمچەماڵت بردووە یاری نییە نەیدۆڕێنن هەقی ساحە چیە..؟ وتی راستە دۆڕاین بەڵام یاری جوانمان کردووە.! لە کەرکوکیش بەو دەردە چوین هەمیشە دۆڕاوین و لە پاشەکشەداین ئەڵێین جوان سیاسەت دەکەین و کەرکوك پێویسی بەوەیە لەسەر خۆ و هێمن و بە شێنەیی کاربکەین بەوەش سەرکردایەتی سیاسی کوردیان هەڵخەڵەتاندووە ، بەڵام پێویستە

خاوخليچكى و تەمەڵى لە سياسەتى هێمن و هەنگاوى لەسەر خۆ جيابكرێتەوە.

زۆر هاوارمان كرد كەركوك بەدەر لە ململانێ و كێشە ناوخۆيەكانى " ململانێى دەرو جيران و زلهێزەكانى دونياى تيا دەكرێت پێويستە كورد ياريزانەكانى لەم لوعبەيەدا بەهێز بن ، جارێكى ديكەش ئەم قسەيەم كردووە كە بە چاوى(عەربەت) روانيانە كەركوك و ئەوانەى تەمسيلى سياسەتى كوردى دەكەن نەيانتوانيوە وا بكەن كورد لەم گەمە سياسيەدا براوە بێ.. ئەوەتانێ لە كەركوك ليژنەيەك دانراوە بەناو بۆ سەرپەرشتى هەڵبژاردن لە (10) كەس پێك هاتووە (6) عەرەب (2) دوو توركمان و(1) يەك ئاشورى و (1) يەك كورد.. عەرەبێكى عزو فەرع كراوەتە سەرۆكى ليژنەكە ، ئەم ليژنەيە يەكێ لە پێشنيارەكانيان ئەوەيە كە، هەر ئاوارەيەك لە دواى 6/30 وە گەڕاوەتەوە بۆ كەركوك مافى دەنگ دانى نەبێت ، هەر عەرەبێكى دەهەزارى كە چووەتەوە شوێنەكانى رەسەنى خۆى مافى هەيە بگەڕێتەوە خۆى لە كەركوك ناونوس بكات و دەنگ بدا.. پێشنيارەكانيان زۆرترين سندوقى ئينتيخابيان لە گەڕەكە عەرەبى و قەزاو ناحيەكانى عەرەب داناوە.. لێرەوە دەپرسم ئەى كورد لە كوێ بوون ئەم ليژنەيە دانرا..؟! گروپى كوردى(وێن..!)، ئەوەيە كە دەڵێم كورد لەگوێى گايا نوستووە.. ئەگەر لەگوێى (گا)شدا بوايە مشەمشى گايەكە بە ئاگاى دەهێنايەوە .. پێدەچێت لە شوێنى خراپتر دا نوستبێ.. ئەوەبوو كە هاوارمان بۆ دەكرد.. ئەوەى چاوەڕوانيش دەكرێت لە داهاتووى كەركوكدا لەوە باشتر نابێ ، بەلاّم كارەساتە ، نەكەس گوێ دەگرێ و نەكەس بڕوا دەكات وەزعى كەركوك وا خراپە، چونكە لە سەرەوە زۆر خراپ هەڵخەڵەتاون بەوەى كە وەزعى كەركوك زۆر باشە.. هەر كەسێكيش رايەكى پێچەوانەى خستبێتە روو بە ناڕاست و چەواشەيان زانيوە.

* هاولاّتى ژمارە (197) لە 3 /11 /2004

# خانەقینم نەبینی بوو چووم بینیم..!!

بەهۆی ئەو بارودۆخانەی ناو عیراق و شەڕوشۆڕ زەبرو زەنەگی بەعس و داخستنی سنور بەسەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان و بەشێکیشی بەهۆی شەڕی ناوخۆی کوردەوە، زۆرن ژمارەی ئەوانەی کە کەمترین شارو شارۆچکەی کوردستان و عیراقیان بینیووە.. نەوەیەك دروست بوون یا خود بڵێین ژیانی ئەم نەوەیە وابوو کەزۆرێکیان تەنها ئەو شارەی بینیووە کەتیایدا دەژیا.. تەنانەت لەسەردەمانێکدا وای لێهات لەسلێمانی مافی سەردانی هەڵەبجەو تەوێڵەو بیارەشت نەبوو.. نەتدەتوانی بچیتە هەولێرو ناوچەی بادینان.. دوا وێستگەت تا چەمچەماڵ و کفری و رانیە بوو..!!

من خۆم یەکێکم لەوانەی تا دوای پرۆسەی ئازادی عیراق تەوێڵەو بیارەم تەنها لەوێنەدا بینی بوو.. (خانەقینیش) لە (کۆردەرە)کەی خەسرەو جافەوە دیمەنی دەهاتە پێش چاووم.. دوای پرۆسەی ئازادیش هەریەك بەئەندازەیەك سەرقاڵبووین کەبواری سەردانی و پیاسەیەکیشمان نەما.. ئەوکاتەی (مەلا بەختیار) لەخانەقین بوو، سێ چوار جار لەگەڵ شوان داودی و چەند برادەرێکی تردا مەوعیدمان دادەنا سەرێکی لێ بدەین، هەر جارەو بەهۆی سەرقاڵی ئەوی ترمانەوە نەدەپەرژاین و هەر رێکنەکەوت ئەو سەفەرە بکەین کەزۆر حەزم دەکرد وەك شارێکی ئازار چەشتووی نیشتمانەکەم بیبینم و بەتایبەتیش کەزۆر قسە لەسەر وێرانەیی دەکرا دەمویست بچم بزانم لەنێوان وێرانەی کەرکوك و خانەقیندا چ جیاوازییەك هەیە، ئەو بوارەم هەر بۆ رێکنەوت.

کە بەم دوادواییە پارێزگاری دیالە لەهەڵمەتێکی چەپەڵانەدا ویستی جارێکی تر سیمای داگیرکاری بگەڕێنێتەوە (خانەقین)و کە لەڕاگەیاندنەکاندا قسە لەسەر ئەو ژمارە (عەرەبە) دەکرا کەهەموویان عەرەبی هاوردەی داگیرکەربوون و نێردرابوونەوە بۆ ئەودیووی سنوور (حەمرین) ئەوجا خولیای بینینی زیاتری خانەقین بووم.. لەگەڵ چەند برادەرێکدا چووین و لە کەلار سەلام عەلی و دوو برادەری ترمان لەگەڵ خۆمان برد چووینە (سەعدیەو جەلەولاو خانەقین) لەڕێگەی نێوان هەریەك لەو شارو شارۆچکانەو لەناو هەرەیەك لەبازاڕو کۆڵانەکانیشیدا هێندەم پرسیار لەڕابردووی ئەم ناوچانە دەکرد کەهەستم کرد خەریکە هاوڕێکانم بێزار دەکەم و لەگەڵ ئەو واقیعەدا بەراوردم دەکرد کە بەچاوی خۆم دەمبینی.. بەراورد کردنەکە هێندە نەگونجاوەو ناکرێ و نابێ ئەو دوو قۆناغە پێکەوە بەراورد بکرێن کەجیاوازیان وەك (کەواو سەڵتەو مانگی دەستکرد وایە)..!

لەباسکردنی نێوان خۆماندا مەسەلەی بەپارێزگاکردنی خانەقین و کەلارمان هاوردە گۆڕێ کەبرادەرە کەلاریەکانم رایان وابوو (کەلار) ناوجەرگەی گەرمیانەو خانەقین ناوچەیەکی سنورییەو هەر دەبێ کەلار پارێزگا بێت، کە بەرلەوەی خانەقین ببینم منیش رام وابوو.. بەڵام پاش بینینی خانەقین و ناوچە بەهەشتییە فراوانەکەی رام وایە کورد دەبێ شەڕی گەورە لەسەر بەپارێزگاکردنی (خانەقین) بکات.. یەکەم لەبەر گرنگی و دەوڵەمەندی شارەکەو ئامادەیی خەڵکەکە بۆ هەر فیداکاریەك و دووەم لەبەرئەوەی بەپارێزگاکردنی خانەقین هەدووك لە (جەلەولاو سەعدیە) لەگەڵ خانەقیندا کەئێستاش بەشێکن لەخانەقین دەگەڕێنەوە ئامێزی دایکیان.. بەڵام بەپارێزگاکردنی (کەلار) زامنی گەڕانەوەی ئەو ناوچانە نییە.. بەتایبەتیش لەبەر ئەو پاکسازییەی کە لەخانەقیندا کراوە کەهەر باخ و بێستان و گوندێکم دەبینی و کەوەڵامی پرسیارەکانم ئەدرایەوە کەئەوانە هەموو موڵکی کورد بوون و داگیرکرابوون و ئێستا خاوەنە

راستەقینەکانی بۆی گەڕاونەتەوە مووچڕکی خۆشحاڵی دەیهەژاندم بەودیمەنە ئومێد بەخشانە، کە لەوێشەوە بەکەرکوك و دەوروبەری بەراوردم دەکرد گریانم دەهات بۆ لەدەستچوونی ئەو رۆژگارو فرسەتە زێرینانەی کە لەکەرکوك لەدەستدران، سەرباری ئەو بڕوایەی لام چەسپیووە کەرکوکی بوون شەرەفێکی گەورەیە. لەوێ شەرم دایدەگرتم ئێمە چیمان لەخانەقینیەکان کەمتربوو..! بۆ کەرکوکمان رزگار نەکرد..! لەوێوە لەگەورەیی ئەو بەرنامەو پیرۆزی ئەو هێزو تێکۆشەرانەم دەڕوانی کەدەهاتنە بەرچاوم چۆن یەکەیەکە کلیلی خانووە داگیرکراوەکانیان دەخستەوە دەستی کوردە دەرکراوەکانی خانەقین و ریزی لۆری و شۆفڵ و شیش و پەمووی کەرکوکیش دەهاتە بەرچاوم کەخەریکی تالانی بووین.. لەوێ درکم بەزەروریەتی هۆشی خاوەن ماڵی دەکرد..!

لەوێ بڕیارم دا بنوسم گەر ئەو خانەقینیانەی ئەم پیرۆزی و ئەم سەروەری و ئەم گەورەییەیان خوڵقاندووە بڵێم (رەمزن) لەوێ بڕیارمدا بنوسم گەر ئەو رابەرانەی خانەقین سەراپای بالایان غەرقی خوێنی لاوانی کورد بێت و هەموو تەمەنیان لەبەرەی دژ بەگەلدا بووبن تەنهاو تەنها ئەو سەروەرییەی خانەقینیان بەسە تا پەیکەری نەمریان بۆ بکرێت، چ جای ئەوەی خۆیان هەمیشە کاروانیی رێگەی ئەو سەرکەوتنە بوون.. لەوێوە ئەو بڕوایەم لا دروست بوو کە رۆژێك دێت گەر ئێمە لەگۆڕیشدا بین لەسەر کەرکوك دادگایمان دەکەن.. خۆزگە نەدەمردم و رۆژێك کەرکوکیشم وەك خانەقین دەبینی و بەزندوێتیش دادگایی دەکراین..!!

* کوردستانی نوێ ژمارە (3531) لە 2004/11/26

# بۆ ئەوەی کەرکوکمان لەدەست نەچێ..! باهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا بخەین..

هیچ گومانی تیا نییە کە ململانێکانی کەرکوك یاخود بڵێین شەڕ کردن لەسەر کەرکوك لە ململانێکانی ناو کەرکوك و عێراق گەورەترن و یاری دەولیان لەسەر دەکرێت .. ئاینـدە دەریدەخات کاملاسەرکەوتوین ..

بۆ ئەوەی خۆمان هۆکارێکی سەرەکی دۆڕاندنمان نەبین ، یاخود پاساو وبیانویەکی یاسای نەدەین بۆ لە دەستدانی کەرکوك کە لە دەستوردا زەمینەی بۆ رەخسێنراوە ، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخەین ... لەبەر ئەوەی مەسەلەی یەکلای کردنەوەی چارەنوسی کەرکوك و خستنەوە سەرهەرێمی کوردستان یاخود بەیەکجاری مارەکردنی لە عەرەب هێڵراوەتەوە بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دواتر لە راپرسی خەڵکەکەدا بڕیار لەچارەنوسی ئەدرێت ،کەئەمەش بێ خواست و ویستی پێشوەختی خۆمان لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دابڕانی کەرکوك لەهەرێم و بەستنەوەیەتی بە بەغداوە و لەڕووی یاسایی و لە کاریگەری دەرونی ناخی خەڵکی کەرکوکیشدا دابڕینێتی لە کوردستان ... کە

ناکرێ ئەمڕۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێ بکرێت و خەڵکی کەرکوک ماف بەشداری کردنی پەرلەمانی کوردستانیان نەبێ و ناچار بکرین دەنگ بە پەرلەمانی عێراق بدەن، پاش مانگێکی تر راپرسی بکرێت بە خەڵکەکەی بڵێی دەتەوێ تۆ سەر بەکام لابیت ؟ بڕوام وایە کارییگەری مەحرومکردنی کەرکوکیەکان لە پەرلەمانی کورستاندا هەروا بە زوویی لە دەرونیان ناسڕێتەوە کە رەنگە بڕیاری پێچەوانە بدەن .. یان دوای ئەوەی کەرکوکیەکان ناچار بوون دەنگ بدەنە بەغداو نۆینەرەکانیان لە بەغدا کورسی بۆ دانرا کێ دەڵێ ئەو راپرسیەش دەکرێت بۆساغکردنەوەی چارەنوسی..بۆیە هەقە هەر لە ئێستاوە کار بۆ ئەوە بکرێت کە پەرلەمانی کوردستان دوا بخرێت بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و دوای راپرسی و یەکلاییکردنەوەی چارەنوسی ناوچە کوردییە تازە رزگاربووەکان بۆ ئەوەی بۆ دونیای بسەلمێنین کە ئەو ناوچانە بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانن ولە رووی دەرونیشەوە ئامادەسازییەکی زۆر باشە بۆ ئەو راپرسیەی کە دەڵێن دەکرێت ...!! هەست دەکەم کارکردن لەسەر ئەم بۆچونە وەرەقەیەکی تری سیاسی گرنگە بۆ کورد کاری لەسەر بکەینەوە بۆ وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانمان کە دوژمنانمان دەیانەوێ قوماریان لەسەر بکەن و بێ ئاگایانە دەیانەوێ خۆشمان پەلەکێشی سەرمێزی قومار کردنەکە بکەن..

با بەبێ کەرکوک و دوزو خانەقین و شەنگار و دێ بەدێی کوردستان نەچینە هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی عێراقەوە وبێ ئەو ناوچانە و بێ خەڵکەکەی با خۆشمان هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نەکەین....!!

هەواڵ کۆتایی 2004

# کەرکوك و تەجاوزی گەورە

من وەك خۆم دژی هەموو جۆرە (تەجاوزێکم) لەو ڕۆژەوە کەرکوکمان ئازاد کردووە، هەمیشە هاوارم بۆ ئەوەبووە ئێمەی کورد نموزەجێکی زۆر جوان نیشان بدەین لە کەرکوك بەوپێیەی کە ئەزموون و حوکمڕانی کوردیمان هەبووە، ڕێگە نەدەین بچوکترین کاری نایاسایی لەلایەن هیچ هاوولاتیەکی کوردەوە رووبدات و ماوەیەکی زۆریش کۆنترۆلی خەڵکمان کرد. تا ئەوکاتەی کە خەڵکی کەرکوك، ئاوارە گەڕاوەکان، بێ ئومێدبوون لەوەی کە حکومەتی عیراقی (بیر لە قەرەبووکردنەوەو نیشتەجێ کردنەوەی ئاوارەکان بکاتەوە) و دڵنیابوون لەوەی کە هێشتا شۆڤێنی و عەقڵ گەندەڵی پاشماوەی بەعس زۆرن کە ڕێگرن لەبەردەم بچوکترین مافی ژیان کە گەڕانەوەو نیشتەجێ بوونەوەی ئاوارەکانە.

بۆیە هەندێ خەڵك چ لەناوشار کە بێ جێ و ڕێ بوون و ژمارەیەك ئاوارە کە گەڕابوونەوە نەك نەیانتوانی بچنەوە خانووەکانی خۆیان، بەڵکو گەڕەکەکەشیان کرابووە شەقامی دووسایدو سەربازگەو مەتارو باروتخانەو چی و چی.. ناچار پەنایان بردە بەر ئەوەی کە لەکەلاوە رووخاوی سەربازگەکاندا شوێنی ژیانی خۆیان بکەنەوەو کردیان بە گەڕەك.. کە ئێستا لەجێی باروتخانە گەڕەکی خەڵك و سەربازگەی خالیدو فەیلق بووەتە شوێنی ژیانی ئاوارە گەڕاوەکان.. لە بەرامبەردا لەجیاتی ئەوەی هەوڵی دابینکردنی پێداویستیە زەرورییەکانی وەك ئاوو نەخۆشخانەو خوێندنگەو کارەباو پێداویستییەکانی تریان بۆ دابین بکرێت.. کۆمەڵێ پاشماوەی بەعس و سوودمەند لە دەسەڵاتی پێشوو کە ئەمڕۆ خزاونەتە ناو حیزبە سیاسییەکانی عیراق و کەوتونەتە ناو ئەنجومەنی پارێزگاکانداو بەتایبەت ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و کەوتونەتە دژایەتی کردنی ئاوارەکان و ڕۆژانە دەهۆڵ بۆ ئەوە دەکوتن کە ئاوارەکان تەجاوزیان کردووە.. کە بەبڕوای من خەڵکی کەرکوك کە ماوەی (35) ساڵ بوو لە هەموو شتێك بێبەش کرابوون و مەحروم بون تەنانەت لە خانووەکانی خۆیشیان و ڕێگەنەدراوە نەخانوو نەزەوی بکڕن بەڵکو ئەوەی هەشیان بووە لێیان زەوت کراوەو دراوە بە عەرەبی هاوردەو زەوی و زاری کورد کراوەتە دیاری دەسەلات بۆ عەرەب.. بۆیە خەڵکی کەرکوك لەسەر هەربستە زەوییەك خێوەتگەی هەڵدا موڵکی خۆیەتی و بەدووری نازانم لەو شوێنەی کە خێوەتگەی لێ هەڵئەدات لەژێر زەوییەکەیدا گۆڕی بەکۆمەڵی خوشك و برا ئەنفالکراوەکانی بێت.. شۆڤێنییەکان ئەوە بە تەجاوز دەزانن بەڵام چاوی خۆیان کوێر کردووە لەوەی کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا چەندین گەڕەکی عەرەب نیشنی تەجاوز دروست کراون کە زەوییەکەی موڵکی کورد بووەو لەسەر داهاتی نەوتی خەڵکی کەرکوك ئیمتیاز دراوەتە (شروگی یەك) لە ناوەڕاست و خواروی عیراقەوە هێنراوە لەسەر ئەو زەوییە کە لە (تەسمیمی بنەڕەتی شاردا) بۆ باخچەو یاریگاو شوێنی زانکۆو پەیمانگاو پارکی شار دانراوە بێ گوێدانە نەخشەی شار کراوەتە گەڕەکی عەرەب نشین و دەیان

هەزار خێزانی عەرەبی بۆ هێنراوە.. ئەمەیان بە تەجاوز نەزانراوەو بێ ویژدان و دەروون نەخۆشەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئێستا ئەوە بە تەجاوز نازانن کەچی لە بەرامبەر کەلاوەی ئاوارەیەکی ناو فەیلەق دەیکەنە هەلا (ئاوارە تەجاوزی کردووە)..!

دەبێ لایان روون بێت تەجاوزی گەورە ئەوەیە بەعس کردوویەتی کە هەر بۆ نموونە تەنها لە گەڕەکەکانی (الحریە، الحجاج، العروبە، الوحدە، النور الاول والنور الپانی) کە هەموویان گەڕەکی تەجاوزی عەرەبنشینن و هەموویان عەرەبی هاوردەن نیشتەجێ کراون.

لەهەردوو گەڕەکی (حەی واستی واحد حزیران) (53517) کەس نیشتەجێ کراون.. ئەمانە بە تەجاوز نازانرێ بەلام ژمارەیەکی کەمی ئاوارە کە گەڕاونەتەوەو لەسەر رێگای لەیلان لەسەر زەوی و زاری جووتیارانی کوردی (پەنجا عەلی) خانوویان دروستکردووە بێ ئەوەی حکومەتەکەی عیراق شعور بەوە بکات بچووکترین هاوکاریان بکات.. ئەمە بە تەجاوز دائەنێن.. بەلام ئەو ژمارە زۆرە داگیرکەرەی کە حکومەتی عیراق هێناویێتیە کەرکوک و ئیمتیازی زۆری داوەتێ و خانووی بۆ کراوەو موچەی بۆ بڕاوەتەوە.. ئەمەیان تەجاوز نییە.. بۆیە دەبێ کورد راشکاوانە رایبگەیەنێ دەبێ تەجاوزی گەورە بڕوخێندرێ و لە بەرامبەر لادانی هەر خێوەتی ماڵە ئاوارەیەکدا پێویستە گەڕەکێکی تەجاوزی عەرەبنشین بڕوخێندرێت.

* ئاسۆ ژمارە (33) لە 2004/12/3

# پەرلەمانی کوردستان
# یان ئەنجومەنی عەشایەری کورد

پەرلەمانە کۆنەکەی کوردستان کە لە یەکەم دانیشتنییەوە تائێستای سەرلەبەری قابیلی رەخنەیەو جارێك شەرعیەتی نەماو دەسەلاتمان لێ وەرگرتەوە و بڕیارەکانیمان پێشێلکردو بەئیتیفاقی حیزبی بردمانە ژێر( ڕەشماڵی دارەبەن )و چی وچی ... سەرباری هەموو ئەوانە ژمارەیەکی باش کادرو روناکبیرو خوێنەواری کوردی تیابوو .... سەرباری هەوڵی بەردەوامی حیزب بۆ زیاتر بە پاشکۆ کردنی ، هێشتا هەندێ بڕیاری گرنگی دا .... گەرچی خەڵکی کوردستانیش لەمێژە لێی بێزار بووبوون و داوای گۆڕین و تازەکردنەوەیان دەکرد ... نەوەیەك پێگەیشتن کە پەرلەمان بە نوێنەری خۆیان نەزانن چونکە دەنگیان بۆ نەدابوو , زۆریش لەوانەی کە نەك جارێك دەنگیان دابوو بەڵکو پەنجەی مەرکەباویان بەتێزاب سڕیبووەوە تا چەند جارێك دەنگ

بە پەرلەمان بدەن ئەوانش پەشیمان بوونەوە لە دەنگەکانیان .... بۆیە تازە کردنەوەی پەرلەمان بەدەر لە زەروریەتی ، بوو بووە یەکێك لە ئەمانجە میللیەکانمان و کەچی هەر بڕیاری هەڵبژاردنەوەیمان نەدا تا شەقی زەمانە ناچاری کردین دەبێ پەرلەمان هەڵبژێرینەوە .. کە بەر لەهەرشت دەبوو سەرکردایەتی سیاسی کوردی بیرێکی لەوە بکردایەتەوە ئەرکی ئەم پەرلەمانەی داهاتوو چیە ؟ وە بەقۆناغی پەرلەمانی پێشوو بەراوردێکی بکردایا ئەوجا بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمانیان بدایا ..

چونکە لەپەرلەمانە کۆنەکەدا وەك کورد بەمیزاجی خۆمان کارمان کردووە و بریارمان داوە ... لەقۆناغی داهاتوودا زۆرشت لە یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەتی عیراق دا دەکرێتە چوار چێوەی کارەکانمان و زۆر بڕیاریش بەسەرماندا فەرز دەکرێت . .کە پەرلەمانی عیراق (275) کەسە، لای زۆرییەکەی (70 ) کورسی بۆ کورد دەبێ ، کەواتا بڕیارەکانی پەرلەمانی عیراق بەدڵنیاییەوە مەشروعی کوردی نابن .. بەڵکو فەرز دەکرێت بەسەر کورد دا ... بۆیە دەبێ پەرلەمانی داهاتووی کوردستان لە خەڵکانێك پێك بێت کە زۆر ژیرو هوشیارو بەئەزمون بن و شارەزای کون و کەلەبەری هەموو بەندوو برگە یاساییەکان بن , بۆ ئەوەی هەر بریارێك لەمەرکەزەوە بەسەر ئەم هەرێمەدا فەرزکرا یان هەریاسایەك دەرچوو ئەم پەرلەمانە ئازیزەی ئێمە هێندە کاراو لێوەشاوەبێت لەبەرژەوەندی کورد بڕیارەکە بەیاسای بکات گەر رەتکردنەوەشی بێت .. چونکە ئێمە پێشتر هەموو شتێك لەدەرەوەی پەرلەمان ولەمەکتەبی سیاسی حیزبەکان تاتوێ دەکراو بۆ دیکۆر دەبرایە پەرلەمان بۆ مناقەشەو بریار لەسەر دانیان .. لەمەودوا حیزب خاوەن بڕیار نابێ و شەڕی ئێمەو(ناوەند ) لەبەغدا پەرلەمان دەیکا .. عەمەلیەی سیاسی کورد بۆ پارێزگاری لەخۆی لە خاکەکەی لە سامانی سروشتی لەسەروەرییەکانی لەداهاتووی هەمووی پەرلەمان دەیکات ، بۆیە دە بوو پەرلەمانی کوردستان ئاوها هەڵسەنگێندرایا ئەوکات بریاری لەسەر بدرایا.. بەڵام جێی داخە ئەوەی ئێستا دبینرێت و کورد واتەنی (تاریکی مانگ سەر لە ئێوارە دیارە) پەرلەمانێکی کارا نابێ، کە ئێمە خوا ستمان بوو پەرلەمانی داهاتوو هێندە پەرلەمانێکی چالاكو بەدەسەلات بێت بتوانێ دادگایی حیزب و حکومەت بکات .. کەچی ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکرێت و لە کاندیدکردنی پالێوراوان دا لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان دا دیارە کەزۆربەی کورە (ئاغاو شێخ و میروپاشاو خێڵ وعێل و تایەفەیە) من دەزانم کۆمەڵی کوردی پێکهاتەکەی پێکهاتەیەکیی خێڵەکیە و ئەزانم وەلا بۆ عەشیرەت زۆرترە لەنیشتمان و فکرو فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاو پرۆژەو بەرنامەی کاری نەتەوەی .. حیزبەکانیش بۆ ئەوەی کورسی بەدەست بهێنن مافی خۆیانە پەنا بۆ ئەو عەشیرەتو تیرەوتایەفانە بەرن .. سەر باری مەترسیەکانی من رازیم پەرلەمان بەسەر عەشیرەتەکانی کوردستان دا دابەش بکرێت ، بەلام دەبێ بپرسین کێ لە فلانە عەشیرەت تەرشیح دەکرێت کە ئەمڕۆ لە کوردستان دا بەوهۆیەی لە 3 پارێزگا دا (4) زنکۆمان هەیەو دەیان کولیەوزیاتر لە(30) پەیمانگاو هەموو خاوەن بڕوانامەو مامۆستاو روناکبیرو سیاسیەکانی ئەم ولاتەش کوڕی ئەم میللەتەو کوڕی ئەم تیرەو تایەفەیەن ، دەکرا هەر حیزبێك کە دەیەوێ موراعاتی عەشیرەتێك بکات و کورسی پەرلەمانی بداتێ با مەرجی هەبوایا پالێوراوەکەت بڕوانامەی دکتواری هەبێ ، کە لەخوا بەزیاد بێت هیچ عەشیرەتێك نییە دکتۆراو ماستەری نەبێ ........ بەڵام کارساتەکە لێرەدایە کە تەنها بۆ موراعات کردنی دڵی ئەوان رازی بوونە کە تەنها

(يقرء ويكتب) بكرێتە پێوەری بەئەندام بوونی پەرلەمان .. زۆر جێی داخە کە لەکاتێك دا هەر وەفدێك دێتە ئەم وڵاتە چاوی بەعیراق دەکەوێت بەراوردە کە بەوشێوەیە دەکات کە بەغدای پایتەخت (15) ساڵ لە دوای سلیمانیەوەیە ،

ئێمەی کورد بووین جیاواز لە وڵاتانی دەوروبەر کە ژن مافی دەنگدانی نیە ژنمان کردە وەزیر کردمانە دادوەر قایقام بەڕێوەبەری ناحیە .. بڕیاری یەکسانی ماف و ئەرکی ژن وپیاومان دا . ژنی کورد بوو چون لە بەغدا رێپێوانیان لەدژی بڕیاری مجلس حوکم کرد لەسەر(قانون احوال شخصی ) کەچی ئێستا لە بەغداوە داوامان لێدەکرێت دەبێ‌لە(25٪) پەرلەمانەکەتان ژن بێ ، ئێمە خەریکە لە دژی دەبین.. لەبەغداوە داوامان لێ دەکرێت پەرلەمانەکەتان دەبێ لانی کەم بڕوانامەی ئامادەیی پێوەری ئەندام بوونی بێت ، ئێمە لەدژین ..

کە دەبوو بۆئەوەی بەدونیا بڵێین ئێمە لەهەرێمی کوردستان لەبەغدا پێشکەوتوترین با ئەوان چاو لە ئێمە بکەن هەق بوو پەرلەمانمان پڕپڕ بکردایا لە دکتورا .....!!

ئێستاش من وەك یەکێتی‌یەك داوا لە حزبەکەی خۆم دەکەم بۆ ئەوەی جیاوازیەکانی

جوانتربن لای خۆیەوە ئەو مەرجە دابنێت .. ئەو جیاوازیە بکات بە پرۆژەی پەرلەمان .. چونکە کارەساتە دوای ئەزموون و حوکمڕانی 13 ساڵ دوای ئەوەی وا قەزاو ناحیەکانیش پڕکران لە کۆلێژو لە پەیمانگا . تازە تازە بڵێین مەرجی ئەندامێتی بۆ پەرلەمان (یقرا و یکتب) وەك ئەوەی ئەم وڵاتە ژمارەی خوێندەوارەکانی دەگمەنبن .. تکایە تکایە تکایە هەرێمەکە (50) ساڵ مەگەڕێننە دواوە....پەرلەمان مەکەن بە ئەنجومەنی عەشیرەت .. ئەوە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانە ..!!!!

* هەواڵ ژمارە (109) لە 2004/12/4

# سیاسەتی بەریتانیا لەکەرکوك

# بانێکەو دوو هەوا

ماوەیەك لەمەوبەر لەرێگەی راگەیاندنەکانەوە زانیمان کە پارەیەکی زۆر لەبودجەی عیراق تەرخان کراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی (نەجەف) و دوای شەڕەکانی (فەلوجە)ش بڕێکی زۆر پارەیان تەرخان کرد بۆ قەرەبووی خەڵکی (فەلوجە) و ئەمەش لەسەر زاری ئەیاد عەلاوی سەرۆك وەزیرانی عیراقەوە

راگەیاندرا..هەرچەندە تەرخانکردنی هەر بڕە پارەیەك بۆ بنیاتکردنەوەی هەر بستە خاکێکی عیراق و قەرەبووکردنەوەی هەر زیانلێکەوتوویەك بەقازانجی گەلانی عیراق تەواو دەبێت بەڵام ئەولەویەتدان بە (نەجەف) و لەبەرامبەر ئەو هەموو تیرۆرو کوشت و بڕەی خەڵك لەرێگەی کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوەوە کە (فەلوجە)ش سەرچاوەکەیەتی و ئێستاش پێش هەریەك لەشارو شارۆچکەکانی عیراق، قەرەبووی (فەلووجەییەکان) دەکرێتەوە...جێگەی هەڵوەستە کردن و تێڕامانە، کەلەکاتێکدا حکومەتی نوێی عیراق تا ئێستا قسەیەکی لەبارەی (ئەنفالەکانەوە) نەکردووەو هیچ ئامادەییەکی دەرنەبڕییوە بۆ بچوکترین قەرەبووی ئەو سەدان هەزار خێزانەی کە لەسەر دەستی بەعس لەشوێنی ژیانی خۆیان دەرکراون و ماڵ و موڵکیان داگیرکراوە..لێرەوە دەیان پرسیار لەو هەڵوێستەی (عەلاوی) دروست دەبن..رەنگە هەندێ خەڵکێش بەوە قەناعەت بەخۆی بهێنێ یاخود وەڵامی پرسیارەکانی خۆی بداتەوەو بڵێ (علاویش) هەر عەرەبەو عەرەبیش هەر چۆنێك بێت کە دەسەڵاتی بوو دەچێتەوە سەر خەسڵەتی عەرەبایەتی و دەبێتە کوڕی (عروبە) و عروبەش ئەوە بەرهەمەکەیەتی..

بەهەر حاڵ ئەوە وتمان (عەرەب) هەموویان وا بیردەکەنەوەو ئامادەنین لەسەر داهاتی نەوتی خۆمان کەمترین بودجە بۆ سارێژکردنی برینی جەستەمان تەرخان بکرێت و نایانەوێ بچنە ژێر باری ئەوەی دان بەتاوانباری خۆیاندا بنێن لەقەتڵ و عامی کورددا (ئەنفال) و ئێستا بەهەمان نەفەس و بیرکردنەوەی سەدامدا هاوبۆچونن لەدژی کوردی کەرکوك و ئیتر چۆن رازی دەبن دەرکراوەکانی کەرکوك کە لەسەردەستی صدام لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکران و ماڵ و موڵکیان زەوت کرابوو درابووە عەرەب و ئێستا حکومەتی عیراقیی ئامادە نیە بچوکترین قەرەبووی ئەم کوردە غەدر لێکراوە راگوێزراوانە بکات و گەر عەلاوی دەسەڵاتی هەبێ رێگرەبێ لەوەی تاکە ئاوارەیەکیش بگەڕێتەوە زێدی خۆی..

بەڵام پرسیارەکە لێرەدایەو جێ هەڵوەستەیەکی گەورەیە کە ئێستا بەپێی ئەم زانیاریانەی وا لێرەدا دەیخەینە بەردەست، ئەو عەرەبە داگیرکەرانەی کە هاتبوونە سەر ماڵی ئێمەو لەسەر زەوی ئێمەو بەداهاتی سەروەتی خاکی ئێمە ئیمتیازیان دراوەتێ و خانوویان بۆ کراوە لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق و پاش ئەوەی ژمارەیەکی کەم لەو عەرەبە داگیرکەرانە بەپارەیەکی زۆر خانووەکانیان فرۆشتووە بەئێمەی کورد کە لەسەر زەویەکەی خۆمان و بەپارەی خۆمان دروست کرابوو کەچی ئەو برا عەرەبە چاوڕەشە تەعویز دەکرێت بەو بیانووەی کە لەسەردەستی کورد دەرکراوە..بەڵام ئەو عەرەبانەش نا کە چونەتەوە زێدی لەدایکبوونیان ، بەڵکو ئەوانەی کەچونەتە خوار کەرکوکەوە لە (حەویجە) و دەوروبەری نیشتەجێ بوونەتەوە..سەیر لەوەشدایە کە تەعویزکردنی لەلایەن (قونسولیەتی بەریتانیاوە لە کەرکوك)دەکرێت کە هەر لەرەفتارەکانی (پۆل هارڤی)دا لەکەرکوك بەدەرکەوت کە بەریتانیا درێژە بەهەمان ئەو غەدرە دەداتەوە کە لەدروست بوونی دەوڵەتی عیراقدا کردوویەتی..ئەگینا بۆ دەبێ بەدیمەنی منداڵێکی چاوگەشی ئاوارە قەڵس بن و لەبەرامبەردا پارە بدەنە ئەو عەرەبە داگیرکەرانەی کە هاتبوون ماڵی کوردیان داگیرکردبوو کە بەپارەش خانوو ماڵەکەی خۆمان پێ دەفرۆشێتەوە کەچی وەك زەرەرمەندو دەرکراو تێی دەڕوانن و قەرەبووی دەکەنەوەو ئەو هەزاران خێزانە کوردە دەرکراوەش لەژێر خێوەت و نایلۆندا لەگوزەرانێکی خراپدا دەژین و لەسەر زەوی و زارەکەی خۆیان بەئاوارەیی ژیان دەگوزەرێنن ویژدانی کونسولیەتی بەریتانیا بەدیمەنی پڕ لەحوزنی ئاوارە نایەتەجۆش و بەزەیی بەمناڵی ئاوارەدا نایەتەوە بەزەیی بە مەزلوم نایەتەوە جەرگی بۆ زاڵم ژان ئەکات..ئامادە نییە هاوکاری ئەو ژن و مناڵانە بکات کە (صدام) لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان بەزۆر دەری کردون و ژیانێکی سەختی دەربەدەری و

ئاوارەییان چەشتووەو ئێستاش پێویستیان بەهاوکاری هەیە تا بگەڕێنەوە هەواری خۆیان..بەریتانیەکان ئامادەنین هاوکاری ئەم ئاوارانە بکەن بەڵام لەبەرامبەردا ئەو عەرەبە داگیرکەرەی کە بەهاتنی بۆ کەرکوك ئیمتیازی دونیای دراوەتیۆ و زەوی کوردی پێ بەخشراوەو پارەو پوڵو کەرەسەی بینای پێ دراوە. کە صدام دەڕوخیۆ و ئەم ماڵو خاك داگیرکەرە کە بەخۆشی خۆی خانوەکەی دەفرۆشێ بەپارەیەکی زۆرو بار دەکات دەچێتە ناوچەکانی حەویجەو خۆی بەدەرکراوی دەستی کورد ناونوس دەکات ئەو قەرەبوو دەکرێتەوە بەڵام ئەوی صدام دەری کردووە قەرەبوویان ناکەنەوە.. ئەوەی لەم بەڵگەنامەیەدا دەیخەمە روو راستی و دەرخستنی ئەو سیاسەتەی بەریتانیەکان دەردەخات کە سیاسەتی (بانێك و دوو هەوا) پەیڕەو دەکەن و کۆمەکی (1375) خێزانی عەرەبیان کردووە کە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانیان نزیکەی (8000) نەفەرە گەر ئەم کۆمەك کردنە بۆ ئەو عەرەبە هاوردانە بوایا کە شارەکەیان داگیر کردووەو ئەم قەرەبووکردنەوەیە کۆمەکی چوونەوەیان بێت بۆ شارەکانی خۆیان ئەوە هەقی ستایشی بەریتانیەکان بوو بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە ئەم کۆمەکە بۆ ئەو (عەرەبە سەختەچیانەیە) کە لەگەڕەکە جیاجیاکانی کەرکوك خانووەکانیان فرۆشتووە بەپارەیەکی زۆرو چون لەخوارووی کەرکوك و لەناوچەکانی حەویجەو هەیانە هەر لەناو کەرکوکدا چوونەتە گەڕەکەکانی ترو خۆی بەدەرکراوی دەستی کورد نوسیووەو قەرەبووکراوەتەوە.. هەر لەم خشتەیەدا ئەو راستییە دەردەکەویت کە (محمد عبداللە نعمە) کە تەلەفونی ماڵەکەیان ژمارە (417592) نوێنەرایەتی (321) ماڵ دەکات (کەلەشوێنی جیاجیای ناو شاری کەرکوك) دەژین لەبەر ئەوەی لەشوێنی خۆیان دەرکراون. باشە گەر لەناوشاری کەرکوك دەژین ئەی لەکوێوە دەرکراون..؟ ئەوە دەلیلە لەسەر ئەو حاڵەتانەی کەلەهەندێ گەڕەك خانووەکانیان دەفرۆشن و دەچن لەگەڕەکێکی تر خۆیان بەدەرکراو دەنوسن..لێرەوە دەپرسم ئایا سیاسەتی بەریتانیایە یاخود عەرەب خاوەنیان هەیەو لەئێمە ژیرانەتر کار دەکەن وا بەپارە خانووەکانیان دەفرۆشن و ناشرۆنەوەو قەرەبووش دەکرێنەوە..!!

وا لێرەدا دەقی خشتەکە دەخەینە روو کە ژمارەی ئەو خێزانانەو کۆی نەفەرەکانیان و ناوی ئەوانەشی تیایە هەر یەکەیان نوێنەری ژمارەیەك لەو ماڵانەن و ژمارەی تەلەفونەکانیشیانی تیایە کە زۆربەیان ژمارەی مۆبایلی (ئاسیا)یان داوە کەواتا لەسنوری پارێزگای کەرکوکدان و خۆیان بەدەرکراوی دەستی کورد لەشاری کەرکوك و گوندەکانی دەوروبەری ناونوس کردووە کە ژمارەی تەلەفونی ماڵەکانیان و مۆبایلەکانیان ئەوە دەسەلمێنێ کە هەر لەناوچەکانی کەرکوك دەژین و تەنها بۆ دروستکردنی کێشەو ناشرین کردنی کوردو وروژاندنی گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و رێگری دروست کردن لەبەردەم ئاسایی بوونەوەی کەرکوك ئەمەیان کردووەو هەموویان لەو بازنەو چوارچێوە شۆڤێنیەدان کە دەیانەوێت بەجۆرێکی تر درێژە بەسیاسەتەکانی (صدام) بدەنەوە..دەبێ گەلی کورد ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتە ترسناکەدا بکات و خوێندنەوەیەکی ژیرانەش بۆ ئەم سیاسەتی بانێك و دوو هەوایەی بەریتانیا بکات لەکەرکوك

* هەواڵ ژمارە 109 لە 2004/12/4

**Arabic IDPs Villages / Sites**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Omar Bin Khatab عمر بن خطاب | 730 | 80 | Between Taza-Daquq, 18 km away from Kirkuk, near the main road | Samir Muzhir سمير مزهر | O77o1304577 |
| | | 750 | 65 | Note: These families are from Muntasir village; but they have been displaced from Kurdish-original village & recently separated in different areas. Their representative could contact them in case of launching the aids process. | | |
| 2 | Albu Alga Tribe ألبو عكله (These families are separated in different locations) | 400 | 70 | Albu-Saraj village — between Daquq-Duz, near Iftikharat, 12 Km away from Daquq | Salih Jwad صالح جواد | 690099 |
| | | 175 | 50 | Jifar village — Rashad sub-district | | |
| | | 50 | 7 | Hadadia village — Salahudin province | | |
| 3 | Al-Maadheed المعاضيد | 765 | 130 | Behind Kirkuk Industrial City, behind Chridig village, 10 km away from Kirkuk | Abid Jasim Shekho عبد جاسم شيخو | Call Sheik Samir: 07701304577 |
| 4 | Yaychi يايجي | 950 | 226 | 8 km away from Kirkuk, near Topzawa village | Adnan Najim Qadir عدنان نجم قادر | 460724 460116 |
| 5 | Qudis Compound معسكر قدس | 300 | 37 | Behind Kirkuk Seeds Deposit, industrial city, 5 km away from Kirkuk, Behind Train Carriage station | Ahmed Salih Khalaf Al-Harbi احمد صالح خلف الحربي | 07701326226 |
| 6 | Rubaydha ربيضة | 80 | 12 | 35 Km away from Kirkuk, between Kirkuk-Rashad, near Tal Sus village | Yaseen Al-Zibin ياسين الزبن | Neighbor phone: 744131 |
| | [illegible] | | | Haweeja, 7 km away from Haweeja, near Haweeja | Yaseen Al-Zibin | Neighbor phone: |

## ...دو شوێنی عەرەبە دەرکراوەکان ( راگوێزراوەکان )

| ناونیشان | نوێنەر | ژمارەی تەلەفون |
|---|---|---|
| لەنێوان تازەو داقوق. ١٨ کم دووره لەکەرکوکەوه | سمیر مزهر | ٠٧٧٠١٣٠٤٥٧٧ |
| تێبینی/ ئەم خێزانانە دانیشتووی گوندی مونتسرن بەلام راگوێزراون لەگوندێکی کوردنشینەوه وه لەشوێنی جیاجیادا نیشتەجێ بوون، نوێنەرەکەیان دەتوانێت پەیوەندیان ...ێوه بکات لەحاڵەتی دابەشکردنی یارمەتیدا | | |
| گوندی سەراج: لەنێوان داقوق و دوزەوه ١٢ کم دووره لەداقوقەوه | صالح جواد | ٦٩٠٠٩٩ |
| گوندی جعفار: نزیك رەشاد | | |
| گوندی حدیدیه: پارێزگای سەلاحەدین | | |
| لەپشت حی صناعەی کەرکوك گوندی جەرداغ. ١٠کم دووره لەکەرکوکەوه | عبد جاسم شنخو | ٠٧٧٠١٣٠٤٥٧٧ |
| ٨کم دووره لەکەرکوکەوه. نزیك گوندی تۆبزاوه | عدنان نجم قادر | ٤٦٠٧٢٤<br>٤٦٠١١٦ |
| لەپشت سایلۆی حەی صناعەی کەرکوك، ٥ کم دووره لەکەرکوکەوه | احمد صالح خلف الحربی | ٠٧٧٠١٣٢٦٢٢٦ |
| ٣٥ کم دووره لەشاری کەرکوکەوه لەنێوان کەرکوك رەشاد نزیك گوندی تەلسوس | یاسین الزین | ٧٤٤١٣١ |
| حەوت کم دووره لەحەویجه نزیك سایلۆی حەویجه | یاسین الزین | ٧٤٤٣١٣<br>٠٧٧٠١٣١٥٧١٥ |
| نزیك واحید حزیران، نزیك بنکەی تەندروستی حوزەیران | طه محمد علی | ٤٦٤٠٨٤<br>٠٧٧٠١٣٤٦٢٥٦ |
| ٢٠ کم دووره لەکەرکوکەوه.نزیك گوندی عمر بن خطاب لەنێوان تازەو داقوق. ١٠ کم دووره لەتازەوه | طه محمد علی | ٤٦٤٠٨٤ |
| تێبینی/IDP عەرەبی لەم شوێنانەی خوارەوه لەیەك شوێن نین بەلام لەکاتی دابەشکردنی یارمەتیدا دەتوانن پەیوەندی بکەن بەنوێنەرەکانیان بۆ کۆکردنەوەیان لەیەك شوێن | | |
| تێبینی/ دانیشتوانی لەگوندی ئەلعزەوه راگوێزراون وەلەم دوایەدا لەشوێنی جیاوازدا نیشتەجێ بوونە. لەکاتی پێویستدا پەیوەندی بکە بەنوێنەریانەوه بۆکۆکردنەوەیان لەیەك شوێن نوێنەرەکەیان لەگوندی خوبازه دەژێت کەدەکەوێتە نزیك گوندی تەل ئەلوەردەوه ٢٠کم دووره لەکەرکوکەوه | حسن خلف شیحان | ٠٧٧٠١٣١٥٧٨٩ |
| تێبینی/ ئەم IDPS ئێستا لەشوێنی جیاوازدا دەژین و لەناو شاری کەرکوك لەبەر ئەوەی لەشوێنی خۆیان راگوێزراون | محمد عبدالله نعمه | ٤١٧٥٩٢ |
| | خلف علی الحربی | ٢١٧٤٩٩ |
| | کریم خلف | پەیوەندی بکە بەنوێنەری ناحیەوه |
| لەناوچەی شوانەوه راگوێزراون وه ئێستا نیشتەجێ بوونە لەگوندی ئەلغەریب و گەڕەکی واحید حوزەیرانەو واسطی لەکەرکوك | علی عبدالله محمد | ٤٦٠٤٠٩<br>٤٦٠٥٦٨ |
| گەڕەکی حدیدییەکان لەکەرکوك | یونس عاصی الحدیدی | ٤٦٠٨٣٣<br>٠٧٧٠١٢٣٠٤٣٤ |
| ئێستا نیشتەجێ بوونە لەگەڕەکەکانی علماء، شورجه، قادسیه، شهداء لەناو شاری کەرکوك | معروف سید علی البرزنجی | ٠٧٧٠١٣١٥٧٧٢ |

# بۆ ئەوەی کەرکوکمان لەدەست نەچیٚ
# با خەڵکی چەمچەماڵ و کفریو کەلار بەشداری
# هەڵبژاردن نەکەن لەپاڵ سلیٚمانی دا

تازە قسەکردن لەسەر هەندیٚ لەکیٚشەکانی کەرکوك وەك کەپنەکی پاش باران وایە..چونکە ئەو تەوق و کۆتەی رژیٚمی بەعس کربوویە گەردن و دەست و پیٚی کەرکوك و وەك یەکیٚك لەریٚگا کاریگەریەکانی گەیشتن بەئاواتی شۆڤیٚنیانەی عەرەب کەبەعەرەبکردنی کەرکوك و کردنی بوو بە"عروس ئەلعروبە"،لەدوای نەمانی بەعس و پاش رزگاری عیٚراق لەسەر دەستی بەحیساب ئازادیخوازانی عیٚراق و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە تەسدیق کرایەوە..کەئەویش ئەو بڕیارە شۆڤیٚنییەی بەعس بوو کەلەناوەڕاستی حەفتاکاندا و پاش شکستی شۆڕشی کورد بڕیاری دا بەشیٚکی فراوانی خاکی کەرکوك لەرووی ئیداریەوە لەکەرکوك دابڕدریٚ و بەبڕیاری "مجلس قیادە پورە"کە "ئەحمەد حەسەن

بەكر"سەرۆك كۆماری ئەوكاتی عێراق ئیمزای لەسەر كردوە هەریەك لەچەچەماڵ و كفریو كەلار و دووز خورماتوو ناحیەو گوندەكانیان لەكەركوك دابڕێندراون و چەمچەماڵ و كەلار خرانە سەر پارێزگای سلێمانی و دووزخورماتوو بۆ سەر تكریت و كفری خرایە سەر دیالە ... لەدوای روخاندنی دەوڵەتەكەی بەعس و پاش پێكهێنانی ئەنجومەنی حوكم لەرۆژی 2004/3/8 لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی كاتی عێراقدا تەسدیقی هەمان بڕیار كرایەوە و ئازادیخوازانی عەرەب و سەرانی كورد رازی بوون كە خەڵكی ئەنفالدیدەی "قادر كەرەم"دەنگ بۆ ئەنجومەنی پارێزگای"تكریت"بدەن و چەمچەماڵ و كەلاریش بە"سلێمانی".

رازی بوون بەوەی خەڵكی كەركوك و خانەقین و خورماتوو و ناوچە تازە ئازادكراوەكان مافی دەنگدانیان نەبێ بۆ پەرلەمانی كوردستان..ئەمانە جارێكیتریش وەك تەوقی دیلێتی خرانەوە گەردنی كەركوك و ئێستا لەسەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا تازە ناتوانین ئەو یاسایە بشكێنین كە كورد خۆمان ئیمزامان لەسەر كردووە.. ئەگینا كەی رەوایە خەڵكی كەركوك مافیان نەبێ دەنگ بۆ پەرلەمانی كوردستان بدەن و خانەقین دەنگ بدات بۆ دیالە و قادر كەرەم و خورماتوو بۆ تكریت.. ئەمانە هەمووی كرانەوە بەئەمری واقیع بەسەر خەڵكی كوردستان دا كەنیشانەی"نامەدروسی مەشروعی كوردیە"لەقۆناغی"مجلس حكم"دا..

باشە وەك ناتوانین ئێمەی كەركوكی دەنگ بەپەرلەمانی كوردستان بدەین كەبەدیویێكدا دابڕانی یەكجارەكی كەركوكە لە كوردستان لەرووی یاساییەوە..خۆ ئەتوانین وا بكەین لیوای كەركوكی جاران هەمووومان پێكەوە "موقاتەعەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان بكەین" ئەگەر بڕیارە كەركوك موقاتەعە بكەین..بۆ نموونە ئەگەر خەڵكی چەمچەماڵ و كەلار دەنگ بۆ ئەنجومەنی پارێزگای"سلێمانی"بدەن ئەوە هەر شەرعیەتدانێكی زیاترە بەدابڕانی كەركوك لە كوردستان..جا بۆ ئەوەی بارەكە ئاڵۆزتر نەكەین كەركوك زیاتر نەدۆڕێنین.. بائەو بڕیارە جێبەجێ نەكەین كەئێستا مولزەمی كردووین خەڵكی چەمچەماڵ و كفریو كەلار دەنگ بۆ ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك نەدەن و نوێنەریشیان دەبێت لەسلێمانی.. با وەك چۆن داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكمان كردووە و رامان گەیاندووە گەر دواش نەخرێت،ئێمە وەك كورد "موقاتەعەی دەكەین"..ئەوا هەقە بڕیارێكیش بدەین خەڵكی چەمچەماڵ و كفریو كەلار و خورماتوو بەشداری هەڵبژاردنی هیچ پارێزگایەك ناكەن تا ئەو كاتەی كەركوك لەرووی ئیدارییەوە وەك لیوای كەركوكی جارانی لێدەكرێتەوە،ئەو كات باخەڵكی هەر یەك لەو قەزاو ناحێیانە بەشداری ئەنجومەنی پارێزگای خۆیان"كەركوك"بكەن..

چونكە ناكرێت ئێمە داوای ئاسایكردنەوەی بارودۆخی كەركوك بكەین و بڵێین دەبێ بگەڕێینەوە سەردەمی بەر لەهاتنی بەعس.. بەلام خۆشمان بچین بەشێك لەقەزاو ناحییەكانی كەركوك بلكێنین بە"سلێمانی"یەوە باوەك لە"مجلس حكم"ئەو هەڵانە كران و بەسەرماندا تێپەڕین،جارێكیتر با بەهەڵبژاردن و بەئازادی خۆمان"تەسدیقیان"نەكەینەوە..

بۆیە تكا دەكەم كە بڕیار بەدەستەكانی كوردستان تاوتوێیەكی ئەم حاڵەتە بكەن كەپێموایە چ لە رووی سیاسی و لەرووی جەماوەری و ئیداریو بۆ مێژوویش هەوڵێكیتری گەورە دەبێت بۆ پارێزگاری لەكەركوك و گەڕانەوەی بۆ سەردەمی بەر لەهاتنی بەعسیەكان.


www.dengekan.com

# من دژی دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کەرکوکم

یەکێك لەو بڕیارانەی کە لە ( قانوون ادارە الدولە ) دا هاتووە وهەموو ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم ئیمزایان لە سەر کردووە ، (هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراقە ) بەهەموو پارێزگاکانییەوە وهیچ ئاماژەیەك لەو بەندە یاساییەدا نییە کە رێگە بدات هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگایەك دوابخات ... گەر چی لە مادەی (58) ی هەمان یاسادا باس لە ئاسایکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە کراوە کە کێشەیان لەسەرەو بەتایبەتی کەرکوك تەرکیزی خراوەتە سەر کە دەبێ بارودۆخی ئاسایی بکرێتەوە، لەم مادەیەش دا نەهاتووە کە ئەگەر حکومەت خۆی لەجێبەجێ کردنی ئەم مادەیە دزییەوە یاخود کوردەکان خۆیان سەرقاڵ کرد بەکاری ترەوەو زۆر بایەخیان بەجێ بەجێ کردنی ئەم مادەیە نەدا ، ئەوا لەکاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دا کەرکوکیەکان رێگەیان پێ دراوە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکەیان دوابخەن : کەواتا بەپێی هیچ کام لەو بەندوبڕگە یاساییانە نابێ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی هیچ پارێزگایەك دوا بخرێت ... ئەمە لایەنێکی ... لایەنی دووەمی کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە ئەوەیە لە کاتی داڕشتنی ئەو بەندو بڕگە یاساییانەدا کە کرانە (قانوون ادارە الدولە ) 6 کورد ئیمزایان لە سەر کردووە کە ئەوانیش هەریەك لە (محسن عبدالحمید ودارا نورالدین وصلاح الدین بهاالدین ود.محمود عوسمان ومسعود بارزانی ومام جلال )ن ، کە ئەوان نوێنەرایەتی گەلی کوردیان دەکردو ئەوەی بەچاك زانراوە و لەو قۆناغەدا بەدەست هاتووە ئەوە بووە کە لە یاساکەدا جێی کراوەتەوەو پێی رازی بوون وئیمزایان لەسەر کردووە ، کە بەشەڕیش توانیوویانە جێی مادەیەکی گرنگی وەك (مادەی 58) بکەنەوە کە بەبڕوای من لەدوای لەدەست دانی ئەوفرسەتە زێڕینانەی لە پرۆسەی ئازادی دا بۆ کورد بەدەستهاتن لەساغ کردنەوەی چارەنوسی کەرکوك دا ، مادەی (58) وەرەقەیەکی تری سیاسی گرنگ بوو خرایەوە بەردەست کورد کە چارەنوسی کەرکوکی پێ ساغ بکاتەوە .. بەڵام وەك زۆر جاری تر ئەم فرسەتەش لە دەست درا یاخود لەدەست چوو، چونکە هەموو ئەو بەندو بڕگە یاساییانە تا هەڵبژاردنەکان کاریان پێ دەکرێت وهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ داڕشتنی (دەستوری هەمیشەیی) عیراقە .... کەواتا وادەی جێ بەجێ کردنی مادەی (58) لە 2004/3/8 تا دروست کردنی لیژنەی دانانی دەستوری هەمیشەییە کە لەدوای هەڵبژاردنەکان دروست دەکرێت ،کەواتا ئێمە زۆرترین وادەی یاسای بڕیارەکەمان لەدەستداوەو ماوەیەکی زۆر کورتمان لەپێش ماوە تابەتاڵ کردنەوەی مادەی (58) کە ئەگەر بڕواشمان بەوە بێت لەدەستوری دایم دا شتی زۆر تر لەوەی کە لەدەستوری کاتی دا بەدەست هاتووە بەدەست دەهێنین .. ئەوە پێم وایە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین . چونکە گەر ئەوان شتێکت بۆ ماوەیەکی کاتی بۆ نەسەلمێنن . کەی مومکینە بڕوات وابێ بۆ هەمیشەی دەتدەنێ .. بۆیە وای نابینم ئایندە و دەستوری هەمیشەی لەوەی ئێستای زیاتری بۆ کەرکوك تیابێ ، چ جای ئەوەی لەئەنجومەنی شارەکەش دا بەشدار

نەبین ... چونکە چۆن لەدوای دەرچوونی مادەی (58) یش دا 9 مانگمان ئاوا لەدەست داوە وەك لە کەرکوك دا هەستی پێ دەکرێت . من دڵنیام 9 ساڵی تریش دوا بخرێت هەروا دەبین .. چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێت خەمەکە بۆ کەرکوك زۆر کەمە ... هەموومان ماوەی ئەم ساڵ و9 مانگەی دوای پرۆسەی ئازادی کەرکوکمان لەبەر چاوەو تەنها ئەو چەند هەفتەیەی پێش راگەیاندنی لیستی هاوبەشی کوردی بۆ هەڵبژاردنمان بینی کە چۆن هێزە سیاسییەکانی کورد(پارتی‌ویەکێتی) بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ حیزبەکانیان چەندین فەردە پارەیان هەڵڕشت کە تەنها بەتەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیەی لەم عەشیرەت و لەو فەوج و چی و چییەدا سەرفیان کرد کەرکوکمان پێ دەکڕییەوە ، بۆیە ئێستا لە کاتێك دا هەموو هێزە سیاسیەکانی کورد و مەکتەبی سیاسی هەردوولاو مام جەلال وکاك مەسعود ولە کەرکوکیش گروپی کوردی وئاشوری و تەجەموعی تورکمانیش داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك دەکەن وراشکاوانە سەرکردایەتی سیاسی کوردی رای گەیاند کە ئەگەر هەڵبژاردنەکانی کەرکوك دوا نەخرێت ئەوا کورد (موقاتەعەی دەکات ) کەئێمە بەشێك لەناوچەکانی وەك چەمچەماڵ وکفری وکەلار بەبەستینەوە بە سلێمانیەوە ونوێنەریان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ دابنێین وبڕواشمان بەوەبێ کە دەبێ کەرکوك بارودۆخەکەی ئاسای ببێتەوە ..من نازانم سەرکردایەتی سیاسی کورد دەیەوێ لە کەرکوك چی بکات یان چی‌لە کەرکوك بکات ، گەر دەمانەوێ کەرکوك هەڵبژاردنی تیا نەکرێت تا ئاسای دەبێتەوە یاخود تا دەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، ئەی ئاسایی بوونەوە مانای گەڕانەوەی قەزاو وناحییەو گوندەکان نی‌یە بۆسەر کەرکوك ئەی بۆ دەیانبەستین بە سلێمانیەوە با ئەوانیش هەڵبژاردنیان تیا نەکەین وەك کەرکوك وچارەنوسیان ببەستینەوە بە کەرکوکەوە . کە ئامادەنین ئەوەیان بکەین وسەرکردایەتی سیاسی کورد ئامادەنییە بەبەیاننامەیەکیش فشار بخاتەسەر مەرکەزو بڵێ گەر هەڵبژاردنی کەرکوك بەبڕیارێکی سیاسی دوانەخرێت ئەوا لەهەموو کوردستان دا بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەین .. من تێ ناگەم ئەی بۆ دەمانەوێ بەتەنها ئەوەی کەرکوك نەکەین لە کاتێك دا گەر حیزبە سیاسی‌یەکان لە گەڵ خۆیان وسەرکردایەتیەکەیان دا راستگۆبن من دڵنیام کورد لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگادا دەیباتەوە ...چونکە کەرکوك نزیکەی یەك ملیۆن کەسی تیائەژێ بە هەموو ناوچە عەرەبی‌یەکانی دەوروبەری و ئەوداگیرکەرانەشەوە کە لە ناوشارەکەدان ... بەپێی هەموو پێوەرێك هەر لە (400 تا 500) هەزار کەس ماف دەنگدانی هەیە بەپێی تەمەنی .. ئەوەی من ئاگادارایم بە پارتی ویەکێتی ئاماری زیاتر لە (150) هەزار ئەندامی رێکخستنیان داوەتە سەروی خۆیان ، کە هەموو ئەندامێکی رێکخستن دەبێ تەمەنی لە سەروی 18 ساڵیەوە بێ کەواتا ئەوە (150) هەزار دەنگی کورد زامنە ، کە مومکین نی‌یە لە ماڵێك دا کە ئەندامێکی رێکخستنی پارتی یاخود یەکێتی هەبوو بەتەنها خۆی لایەنگری ئەو حیزبە بێت ، لانی کەم کەسێکی تریان هەیە لایەنگری بکات ، بەوپێیە (150) هەزار ئەندامەکەی پارتی‌ویەکێتی دەبن بە (300) هەزار دەنگدەر،، ئەی کەوایە بۆچی لە هەڵبژاردن ئەترسین ؟؟... بۆیە من دژی بەشدارینەکردنی کوردم لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و هێشتنەوەی لەم دۆخەی ئێستای دا ،، چونکە بەپێی ئەو ئامارانەی کەئێستا لە کەرکوك دا لە بەردەستدان ژمارەی دانیشتوانی ناو شاری کەرکوك بەم شێوەیەیە :

ژمارەی کورد371 هەزار

ژمارەی عەرەب 165 هەزار



www.dengekan.com

ژمارەی تورکمان 104 هەزار

دەرەوەی شاریش کە ژمارەی دانیشتوانەکەی دەخرێتە سەر بەم شێوەیەی لیدێت

ژمارەی کورد دەبێتە 436.000 هەزار

ژمارەی عەرەب دەبێتە 450.000 هەزار

ژمارەی تورکمان دەبێتە 149.000 هەزار

ئاشوریەکانیش هەرچەنێك بن لەگەڵ کورد دان چ جای ئەوەی کە هێزە کوردیەکان وسەرکردەکانیان هەمیشە ئامێزیان والآبووە بۆ عەرەبەکانی ناوچەکەو بەحساب ئەوانیش زۆریان تەیدی کورد دەکەن ، ئەی کەواتا گەر ئەم ئامارانە وابن و وەزعی کورد (پارتی ویەکێتی ) وا باش بێت ئەی بۆ لەهەڵبژاردن ئەترسن..؟؟ بەتایبەتیش کە کورد هیچی لە ئەنجومەنەکەی پێشوو هەڵنەکڕاندووە تا شیوەن بۆ لەدەست دانی بکات.

بەتایبەتی‌تریش کەماددەی "58"دەکەینە بیانوو کەدەبێ ئەو ماددەیە جێ بەجێبکرێت.

ماددەی "58"و ئاسایی بوونەوەی کەرکوك زیاتر خۆی لەم 3 خاڵەدا دەبینێتەوە:

1.گەڕانەوەی ئاوارەکان

2.ناردنەوەی عەرەبەکان

3.گەڕانەوەی قەزاو ناحیەکان

سەبارەت بە گەڕانەوەی ئاوارە،جگە لەکەمتەرخەمی سەرکردایەتی کورد کەس ڕێگر نەبووە لەبەردەم گەڕانەوەی

ـ ناردنەوەی عەرەبەکانیش ئەوە خۆمانین لەئامێزیان دەگرین.

قەزاو ناحیەکانیش هەر سەرکردایەتی کورد لەقانونی ئیدارەی دەوڵەتدا ئیمزای کردووە کەتا دوای دەستووری دایم نەخرێتەوە سەر کەرکوك...بۆیە تاکە ڕێگا ئەوەیە بچینەوە هەڵبژاردنەوە و بەهەڵبژاردن کەرکوك ببەینەوە ....

* هەواڵ ژمارە (111) لە 2004/12/18

# سێ پێشنیاری بە پەلە

# لەبارەی هەڵبژاردنەکانی کەرکوکەوە

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەوادەی دەستنیشانکراو بۆ هەڵبژاردنەکانی عیراق نزیك دەبینەوە.. لەسەر ئاستی عیراق (یەکێتیو پارتیو چەند حیزبێکی تر) بەیەك لیستی هاوبەش بەشداردەبن، سەبارەت بە کەرکوك تا ئێستا کورد ناوی (پاڵێوراوەکانی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا) پێشکەش نەکردووە کە دەبوو ڕۆژی 2004/12/10 پێشکەش بکرێت.. تا ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کورد گوتارەکانی بەو ئاراستەیەیە کە هەڵبژاردنەکانی کەرکوك ناکەین، بێ ئەوەی لەم گوتارە یاخود لەم بڕیارە ورد بووبینەوە کە ئایا کە بەشداری ناکەین دەتوانین بەو هۆیەوە بە بڕیارێك لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ئەوی کەرکوك دوابخەین..!؟ یا بەدیلمان چییە بۆ بەشداری نەکردن..!؟ ئەی ئەگەر بەشدار نەبووین و هەڵبژاردن کرا مەجلیسێکی بێ کورد دەرچوون..؟!

دوراییەکانی (موقاتەعەی کورد) لێکدراوەتەوە..!؟ دراسەی ئەوەکراوە کە ئەگەر بەشداربین لانی کەم نیوەی دەنگەکان دەهێنین..! ئایا لەم گروپەی ئێستای کورد لە مەجلس بەهێزتر نابین..! ئایا لەدواجاردا ناچارنابین بەشداربین و خەڵکیشمان بۆ ئامادە نەکردووە..!؟ ئەمانە چەند پرسیارێکن دەبوو بەرلەوەی بڕیاری (موقاتەعە) بدەین دراسەمان بکردایە..

بەهەر حاڵ من ڕای جیاوازم هەیە لەوانەی لە دژی بەشداریکردنی کوردن لە کەرکوك و بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە خۆمان دروستمان کردووە لەوەی کە بەشداری هەڵبژاردن نابین.. چەند پێشنیازێك دەخەمە ڕوو تا بکرێت بە وەرەقەی فشارو لە هەمان کاتدا ببێتە بیانووی بەشداری نەکردنمان.. چونکە ئێستا لەهەر کەسێك لەوانەی داوای نەکردنی دەکات بپرسی بۆ..؟ بێوەڵام دەمێنێتەوەو خۆشمان نازانین بۆ بەشداری ناکەین.. ماددەی (58)مان کردۆتە بیانوو ئەوەی کە پەیوەندی بەگەڕانەوەو نیشتەجێ کردنەوەی ئاوارەوەیە.. کەس ڕێگرنەبووە لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان.. هەر لە کەرکوك بە سەرپەرشتی (ئیسماعیل حەدیدی) کە عەرەبە بەرپرسی لیژنەی پێشوازیکردن بووە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان و دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا بۆ نیشتەجێکردنەوەیان ..... ڕۆژێ لەڕۆژان ئەمریکییەکانیش نەچوون لە (سەیتەرەکان) ڕێگە لە گەڕانەوەی ماڵێکی ئاوارەبگرن.. خۆمان بووین کەمتەرخەمیان کردووە لەگەڕانەوەی ئاوارەو لەجێبەجێکردنی ماددەی (58).. بۆیە وەك ئەوەی داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگامان کردووە ، من ئەم سێ پێشنیازە دەخەمەڕوو تا سەرکردایەتی سیاسی کورد وەك مەرج بۆ بەشداربوون بیدات بە (مفەوەزیەی عولیای ئینتخابات)و حکومەتی (بەغدا).

1-داوابکەین ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەتەوافق بێت و لەبەرئەوەی قەزاو ناحییەکانی کورد نەخراوەتەوە سەر کەرکوك و ئاوارەیەکی زۆر نەگەڕاوەتەوەو لەمێژوودا هەمیشە هەر کورد زۆرینە بووە با ئەو (41) کورسییە بەمشێوەیەو بە تەوافق دابەش بکرێت (کورد 17) (عەرەب 13) (تورکمان 7) (ئاشور 4).

2-یاخود باسندوقی ئینتیخابی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ببرێتە پارێزگاکانی ( سلێمانیو هەولێر) تا ئەو ئاوارانەی بەهۆی جێبەجێنەکردنی ماددەی (58)ەوە نەگەڕاونەتەوە

بۆ کەرکوك لە ئاوارەی مافی دەنگدانیان هەبێ بۆ (مەجلیسی کەرکوك).یان لە کەرکوك بواری بەشداری کردنیان بدرێتێ ...

3-گەر ئەوانە نەکرا ئەوا وەك حاڵەتی (ئیستسنائی) با کەرکوك بەمشێوەیە هەڵبژاردنی تیا بکرێت.. خەڵکی قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری حەویجە تەنها مافیان هەبێ دەنگ بۆ مەجلسی قەزا بدەن و پاشان نوێنەری قەزاو ناحیەکان لە مەجلسی موحافەزە بەشداربن هەر یەکێ بە نوێنەرێك و دانیشتوانی ناوشاری کەرکوك (مرکز موحافەزە) دەنگ بۆ ئەنجومەنی پارێزگا بدەن..

من پێموایە کورد دەبێ قسەیەکی هەبێ کە داوای دواخستنی هەڵبژاردن دەکات.. گەر قبوڵ نەکرا با ئەم 3 مەرجەمان هەبێ و هەر کامیان جێبەجێ کران بە دڵنیاییەوە کورد دەتوانێ زۆرترین دەنگی ئەنجومەن بەدەست بهێنێ.

* کوردستانی نوێ ژمارە (3555) لە 2004/12/24

# ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بۆ.. مێژوو

هیچ ئەنجومەن و گروپ و دەستەیەك لەمێژووی ئێمەدا بەقەدەر (ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك) بەو تەمەنە کورتەیەوە ئەنجومەنێکی پڕ لەکێشەو گیروگرفت و ململانێ و ناکۆك نەبووەو هیچ دەستەو رێکخراو ئەنجومەنێکیش نیە بەقەدەر ئەم ئەنجومەنە بەماوەیەکی کورت بوبێتە مایەی بێزاری خەڵك و جێی نارەزای دانیشتوانی ئەو شارەی کەئەم ئەنجومەنە حوکمڕانی بووە..ئەویش لەبەر ئەوەی ماوەی (35) ساڵ بوو رژێمی بەعس بەهەموو توانایەکیەوە هەوڵی دابوو کە ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان دانیشتوانەکەی کەرکوکدا دروست بکات و تۆوی دوو بەرەکی تیا چاندبوو بەوەی هاوکێشەی پێکهاتەی شارەکەی گۆڕی بوو..وەك بۆمبی تەوقیت کراو لەپاش خۆشی زۆر پیلانی داڕێژراوی جێ هێشتبوو..کەرکوکی کردبووە کێڵگەیەکی بەمین چێندراو، ئەم راستیە لای هەموو لایەك مەعلوم بوو، ئەو ئەنجومەنەش کەپێکهات و ئەندامەکانی لەهەموو کەس باشتر ئەو راستیەیان دەزانی، کاتێك مایەی مەترسی بوو کە درکیان بەو واقیعە نەکردایا، کەواقیعەکەیان لەپێش چاو بوو دەبوو ژیرانە کاریان بۆ پوچەڵ کردنەوەی مین و پیلانەکان بکردایا..

وەك ئەوە وابوو کە تیمێك بەریتە دیار کێڵگەی مینێك لەجیاتی پوچەڵ کردنەوەی کەچی هەمووی بتەقێنن بەخۆیاندا، ئەم ئەنجومەنەی پارێزگای کەرکوك وایان کرد..حەساسیەتەکانی ناوشارەکەیان بەئەندازەیەك قوڵ کردەوە کە (بەعس) بە 35 ساڵ نەیتوانی بوو بیگەیەنێتە ئەو ئاستە.. کوردو تورکمان کە مێژوویەکی درێژیان پێکەوە هەبوو بەدرێژایی مێژووی نێوانیان یەك جار ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە

کەچی لەسایەی ئەم ئەنجومەنەو خراپ سیاسەت کردنی ئەندامەکانیدا لەشەش مانگدا (دوو شەڕی کوردو تورکمان) و (کوردو عەرەب) روویاندا..یەکێتی ریزەکانی خەڵکی کەرکوکیان بەئەندازەیەك لێك دورخستەوە خەباتێکی زۆری دەوێ بۆیەکتر قبوڵ کردن و پێکەوە هەڵکردن و بەکوردیەکەی زۆری دەوێ تا وەکوو خۆی لێ بکەینەوە.

بەهەر حاڵ ئەو تەمەنە کورتەی ئەنجومەنی کەرکوك دەیان لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت و زۆرترین لاپەڕەی مێژووی کەرکوك لەقۆناغی دوای رزگاری پڕ دەکاتەوە، ئیتر ئایا مێژوونوسان وەك خۆیان تۆماری دەکەن و حوکمی مێژوویان بەسەردا دەسەپێنن..! ئەوەیان پەیوەندی بەراستگۆیی و ویژدانی ئەوانەوە هەیە کەشەرەفی نوسینەوەی مێژویان پێ دەبڕێت.

ئەوەی کە بۆ ئەمڕۆی ژیانی سیاسی کەرکوك گرنگەو درك کردنە بەوەی کە بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی کەرکوك هۆکاری سەرەکی ئەو خراپ بوونەی وەزعی کەرکوکن چونکە ئێستا لەسەروبەندی ئەوەی کە لەچوارچێوەی جێ بەجێ کردنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا پێویستە لە 2005/1/30 هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت، سەرباری رەخنەو ناڕەزایی زۆربەی هێزو لایەنە کوردیەکان و بەبیانووی جێ بەجێ نەکردنی ماددەی (58)ی دەستورەوە کە داوا دەکرا هەڵبژاردنی کەرکوك دوابخرێت و راشکاوانەش رایان گەیاندبوو کە موقاتەعەی دەکەین..بەڵام لەدوا گۆڕانکاری و رێککەوتنی نێوان ئەمریکاو سەرکردایەتی سیاسی کورد وا پێك هاتوون کە باشترین رێگاچارە بۆ ئەم قۆناغەی کەرکوك پێکهێنانی لیستی تەوافقە لەنێوان نەتەوەکاندا بۆ ئەنجومەنێکی نوێ بۆ کەرکوك..ئەوەی جێی سەرنجە لە 17 پارێزگاکەی تری عیراقدا ئەنجومەنی هەموو شارەکان بەهەڵبژاردن دەکرێت و هیچ مەرجێك دانەنراوە کەئەوانەی خۆیان هەڵدەبژێرن نابێ پێشتر ئەندامی ئەنجومەن بووبن، بەڵام پێشنیازێکی وا لەلایەن کاك مەسعود بارزانیەوە خراوەتە روو کەئەو 41 کەسەی کەرکوك نابێ رێگەیان بدرێت هیچیان خۆیان بپاڵێونەوە کەئەوەش خۆی لەخۆیدا سزادانێکی کوت و پڕەو زەمینەی دادگای کردنیان دەڕەخسێنێ، کە لەبەر ئەوەی نەك نەیان توانیوە تەوازنی کەرکوك راگرن بەڵکو بوونەتە هۆی دروست بوونی زۆر کەلێن و کێشە بۆ داهاتووی دووری کەرکوکیش..چونکە گەر ئەوان بیانزانیایا یاخود بیانتوانیایا ئیدارەی کێشەو ململانێیەکانی کەرکوك بدەن بارودۆخی کەرکوك بەم شێوەیە نەدەگەیشت و بگرە لاوازی ئەوان بووەتە هۆی قوڵبوونەوەی برینەکان و دروستبوونی ناکۆکی تر..

ئەم پێشنیازەی بارزانی لەدەروازەی ساڵی نوێدا ژیانێکی نوێی سیاسی بەکەرکوك دەبەخشێ و ئومێدێکی دڵخۆشکەرانەیە بۆ کەرکوکیەکان کە ساڵی داهاتوویان وەك دوو ساڵی رابردوو پڕ لە کێشەو گرفت نابێ..

* هەواڵ (113) لە2005/1/1

# کەرکوك لەنێوان ئەنجومەنی حوکم و ئەنجومەنی نیشتمانی داهاتوودا

کورد لەبەر ئەوەی پێش پرۆسەی ئازادی بەرنامەی نەبوو بۆ کەرکوك, بۆیە کەهاتینەوە توشی پاشاگەردانییەکی خراپ بووین و زۆرشت کە نەدەبوو کورد بیکردابا کردمان و زۆر شتیش پێویست بوو ئەنجامی دەین نەمانکرد.. هەر ئەوەش کێشەکانی کەرکوکی ئاوا ئاڵۆز کرد کە لەزۆر رووەوە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو دواوەی دەبەینەوەو لەپاشەکشەداین.. دواتریش لەبەر ئەوەی لەناو کەرکوکدا بەشێوەیەك کارمان نەکرد کە بەشێك لەخواستەکانمان بکەینە ئەمری واقیع, بۆیە لە"مجلس حوکم"دا سەرباری داکۆکیی و هەوڵەکانی گروپی کوردی لەئەنجومەنی حوکم و بەتایبەتیش رۆڵی مام جەلال بۆ ساغ کردنەوەی چارەنوسی کەرکوك و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان. تەنها ئەوەندەمان پێ بڕا کە کەرکوك و بەغدا نابێ بچنە ناوهیچ هەرێمێکی فیدراڵەوەو نابێ قەزاو ناحییەکانی کەرکوك کە بەبڕیاری مجلس قیادە سەورە لەکەرکوك دا بڕابوون بگەڕێنەوە سەر کەرکوك و نابێ‌ونابێ‌و بەکۆمەڵێ هێڵی سور لەدەستوری کاتیدا کەرکوکیان خستبووە بازنەوە.. وەك ئومێدێکی گاڵتەجاڕانە چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوك هێڵدار بوەوە بۆ دوای هەڵبژاردن و دەستوری دایم, لێرەوە کورد توشی نائومێدی بوو کە عەرەبەکان دەستبەرداری ئەو داگیرکارییەبن و تاکە هیوایەکیش گەرچی هیوایەکی لاواز بوو ئەوە بوو کە لەهەڵبژاردنی داهاتووی عیراقدا گروپێکی بەهێزی کورد بچنە پەرلەمان و شەڕی چارەنوسساز لەوێ لەسەر مافەکانی کورد بەگشتی و بەتایبەتی شەڕی کەرکوك بکەن.. کە بەهەموو پێوەرو لێکدانەوەیەك دەبوو کورد بیری لەوەبکردایەتەوە کاندیدی زۆر بەهێزو شارەزاو بەسەلیقە بنێرێت بۆ پەرلەمانی عیراق کە کەرەسەی ئەو شەڕەیان پێبێت کە لەپەرلەمان دێتە رێیان, بەرەچاوکردنی ئەوەی ئەوان بەشێوەی کاتی و لەدەستوری کاتیدا هەموو مافەکانمانیان نەسەلماندووە ئیتر چۆن بۆ هەمیشەیی دەیسەلمێنن.. بۆیە دەبوو کورد ئەوەی لەبەرچاو بوایا کەقۆناغی پەرلەمانی داهاتووی عیراق ژیانێکی سەختە بۆ کوردو شەڕی گەورە لەسەر شێوازەکانی حوکمڕانی عیراق دەکرێت بۆ نمونە وڵاتێکی عیلمانی بێ یا ئیسلامی.. فیدڕاڵ بێ یان مەرکەزی.. سنوری هەرێمە فیدراڵەکان و دەسەڵاتەکانیان و چی و چی.. بەتایبەتیش لەسەر مەسەلەی ساغکردنەوەی چارەنوسی کەرکوك شەڕی گەورە دەکرێت.. چونکە گەر یەك تۆزێ مەنتیقیانە بیربکەینەوەو بەراوردی قۆناغی "ئەنجومەنی حوکم و ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق" و سەنگ و قورسایی گروپی کوردی و کاندیدەکانی ئێستای کورد, بەتایبەتی "کەرکوك" بکەین تووشی نەك نائومێدی بگرە توشی شکستی دەرونی دەبیت لەوەی لەقۆناغی "مجلس حوکم"دا کە ژمارەیان "25" کەس بوو "6" کەسیان کورد بوون "مام جەلال, مسعود بارزانی, د. محمود عوسمان, صلاح الدین بهاإلدین, دارا نورالدین, عبدالمحسن حکیم" بوون لەبەرامبەر 18عەرەب کەلانی کەمیان "15" کەس لەو عەرەبانە دۆستی نزیکی "مام و کاك" بوون و سەدان جار هاتوونەتە کوردستان و لەقەڵاچوالان و سەری رەش دەعوەت بوون و بەوردی نازانم سەیارەکانی ژێریشیان دیاری تاڵەبانی و بارزانی بوبێت و بەحساب خەڵکانی پێشکەوتووی عەرەب بوون و بڕوایان بەمافی بەرامبەر هەیە کەچی مافەکانی کوردیان نەسەلماندو ئەوە بەرهەمەکەی بوو کە لەدەستووری کاتیدا بینیمان.. لەکاتێکیشدا بوو کە عەرەب خاوەنی


www.dengekan.com

حكومەت نەبوون, حیزبی سیاسی بەرچاویان نەبوو.. بۆیە بەهەموو ئەو پێوەرو لێكدانەوانە قۆناغی ئەنجومەنی نیشتمانی داهاتوو زۆر جیاواز دەبێ لەسەردەمی "مجلس حوكم".. عەرەب ئێستا هەست دەكەن خاوەنیان هەیە.. هێزی سیاسیو سەربازیان هەیە, ئەوانەشیان وا دەچنە پەرلەمان مومكین نییە لەسەركردە بەحساب ئازادی خوازەكانیان زیاتر بڕوایان بەمافی نەتەوەكان هەبێ.. گروپی توندڕەوی نەتەوەیو مەزهەبی دەچنە نێو پەرلەمانەوە بۆیە پێویست بوو كورد بەخوێندنەوەی ئەو واقیعانەو بۆ ئەو شەڕە گەورانە خەڵكی دەستنیشان بكردابا.. بەڵام كارەساتە ناوی وا لەلیستی پاڵێوراوانی كورددا دەبینی گریانت بۆ كورد دێت كەئاوا بەچارەنوسی دەكرێت لەبەر خاتری ئەمو ئەو و لەسەر بنەمای وەلائات بۆ ئەم سیاسیو ئەو بەرپرس ئەوانە دەكرێن بەنوێنەری بۆ پەرلەمان.. بەتایبەتیش كەچارەنوسی ئەو كەركوكەی بەقەدەر ژمارەی دانیشتوانی شەهیدی بۆ دراوەو دەخرێتە بەردەم چارەنوسێكەوە كەهەر لەسەرەتاوە ئەنجامەكەی شكست دەبینی.. مرۆڤ توشی نائومێدیو ترس دەكات كەلات روونە چارەنوست خراوەتە بەردەم یاریەك كەدڵنیای لەوەی یاری زانەكانی تۆ دۆڕاون.. چونكە گێلێتییە گەر بڕوامان وابێ گروپی كەركوك لەپەرلەمانی داهاتووی عیراق كەقۆناغەكە سەخت ترو شەڕەكە چارەنوسساز ترە پێمان وابێ ئەمان لەگروپی كوردی مجلس حوكم زیاتریان پێ دەكرێت.. یاخود سەنگو قورسایی ئەمان لە "مام جەلالو كاك مسعودو برادەرانی تریان كاریگەر تر بێ لەپەرلەمانی داهاتوودا".

ئاسۆ ژمارە(38)سێشەممە 2005/1/11

# كوردو جەبهەی توركمانی هەردوولامان هەر هەڵەبووین

هەڵبژاردنەكانی كەركوك چەند راستیەكی بۆ كورد روون كردەوە كە پێویستە سەركردایەتی سیاسی كوردیش هەڵوەستەیان لەسەر بكات. لەم نوسینەدا تەنها تیشك دەخەمە سەر یەكێ لەو دەرئەنجامانەو كاریگەری لەسەر ژیانی سیاسیو ئایندەی كەركوك ... ئەویش خوێندنەوەی جەبهەی توركمانییە بۆ خۆیو تێڕوانینی ئێمەی كوردە بۆ ئەوان. بەدرێژایی دروست بوونی جەبهەی توركمانی ئیدیعای ئەوەی كردووە خاوەنی هێزێكی جەماوەری چەند ملیۆنییەو هەندێ بڕوای چەواشەی لای توركیاش چەسپاندبوو كە چەند ملیۆن توركمانێك لە عیراق دا هەنو تەنها لە شاری كەركوك دا, كە ژمارەی دانیشتوانەكەی ناگاتە یەك ملیۆن, جەبهە خاوەنی سێ ملیۆن جەماوەرە. جەبهەی توركمانی بەردەوام سیاسەتی پێچەوانەی واقیعی خۆی پەیڕەو كردووە ... لەبەرامبەریشدا هێزو سیاسییەكانی كورد لە كەركوك بەردەوام وایان نیشان داوە جەبهەی توركمانی نوێنەرایەتی توركمان ناكاتو ئەوی جەبهە دەیڵی نەڕای شەقامی توركمانیو نەخواستی توركمانە, جەماوەری توركمان تەئیدی ئەو چەند حیزبەی تری دەرەوەی جەبهە دەكەن. هەشبوو رای موتلەقی وابوو كە جەبهەی توركمانی كەسی لەگەڵ نییە جگە لەوانەی وەك فەرمانبەر لەدامو دەزگاكانیدا كاردەكەن.

بەڵام هەڵبژاردنەكانی كەركوك رای هەردوولا (كوردو جەبهەی) پوچەڵ كردەوەو واقیعی جەبهەی دەرخست. لەوەدا جەبهەی بەدرۆ خستەوە كە پێشتر ئیدیعای چەند ملیۆنی دەكرد. لەچاو ئامارە سەیرو

سەمەرەكانی ئێستا جەبهە لە هەڵبژاردن هیچ دەنگی نەهێناوە.

لەوەشدا پێچەوانەی رای كوردی بوو كە ئەیانووت جەبهە كەسی لەگەڵ نییە, لەچاو ئەو بڕوا موتڵەقەی كوردیشەوە جەبهەی توركمانی زۆرترین دەنگی هێناوە. چونكە جەبهەی توركمانی تەنها لە كەركوك (73) هەزار دەنگی هێناوە. یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان كە هەندێ جار خەڵك و خۆشیان بڕوایان وابوو لەسنوری هەریەك لە ناوچەكانی (سلێمانی و هەولێر) دا هێزی دووەمن, لە هەڵبژاردنی كوردستان لە كۆی سەرجەم دەنگەكانی لە (سلێمانی و حەوزەكانی گەرمیان و چەمچەماڵ و شارەزورو پێنجوێن و بتوێندا, یەكگرتوو (71) هەزار دەنگی هێناوە كە (40) شارو شارۆچكەو كۆمەڵگای نیشتەجێ بوون دەگرێتەوە ، كەچی جەبهەی توركمانی تەنها لە پارێزگای كەركوك (73) هەزار دەنگی هێناوە.

حیزبی شیوعی عیراق لە سەرتاسەری عیراق دا بە زیاتر لە هەفتا ساڵ خەبات و دووجار بەشداری لەحوكم تەنها دوو كورسی پەرلەمانی عیراقی بردەوە كەچی جەبهەی توركمانی (3) كورسی هەیە.

لەناو كەركوكیش دا لیستی برایەتی بە دە دوانزە حیزبی كوردستانی و حەوت حیزبی توركمانی و ئاشوری و كۆمەڵێ عەشیرەت و شەخسیاتی عەرەبی هەر سێ بەقەدەر (جەبهەی توركمانی) دەنگمان هێناوە. ئەگەر زۆر وردی بكەینەوەو دابەشی بكەین بەسەر هێزەكاندا هیچمان نیوەی جەبهەمان ناكەوێت.

ئەمە ئەوە دەردەخات كە جەبهە بوونێكی بەرچاوی هەیە لە كەركوكداو ناكرێ نەخوێندرێنەوە, بەتایبەتیش كە سەركەوتنی پرۆژەی سیاسی ئێمە پێویستی بەڕای زۆربەی خەڵكی كەركوك و پیشتیوانی ئەوان هەیەو بێ پشتگیری دانیشتوانەكەی ناچەسپێ, بۆیە پێویستە بەر لەجەبهە، كورد بەخۆیدا بچێتەوەو تەنانەت گەر بە ئیمتیازو پۆستی سیاسی و گەر پێویستی بە ناوبژیوانی توركیاش بێت دەبێ كورد پەیوەندیەكانی خۆی لەگەڵ جەبهەدا چاك بكات چونكە دەركەوت بەشێكی زۆری توركمانی كەركوك لەگەڵ جەبهەن و ئەو دەتوانێ ئاراستەیان بكات, رونیشە كورد بە بێ پشتیوانی و خواستی توركمان نابێتەوە بە خاوەنی كەركوك.

ئاسۆ ژمارە(57)یەكشەممە2005/2/27

# سلێمانی.. ئەوەی لە خۆتان زیادە

# بیدەن بە کەرکوك

لەم ولاّتەی ئێمەدا کارەساتبارترین شت ئەوەیە پێناسەیەکی گونجاومان بۆ (خیانەت) نییەو ناساندنی (خیانەتمان) بەشێوەیەك شۆڕ نەکردۆتەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەی هەرتاکێکمان وتاگروپ و دەستەو ڕێکخراو و هێزە سیاسی و حکومەت خۆمانی لێ بپارێزین ، ڕۆژانە زۆرشت ڕوودەدەن کەخیانەتی گەورەن .. بەلاّم درکیان پێ ناکرێ وئەوەی کە بەئاشکراش ڕوودەدات بەئاسانی بەسەرماندا تێ دەپەڕێت .. کە بەڕای من بەشێکی پەیوەندی بەحیزباندنی کۆمەڵی کوردیەوە هەیە و هەرحیزبەو خۆی بەخاوەنی بەرژەوەندیە حیزبیەکانی خۆی دەزانێ و کە شتێك دێتە سەر (نەتەوە) کە سێك نییە لە جیاتی کورد لێی بێتە دەنگ..

بۆنمونە ئەوەی کەئێستا لە ئیدارەی هەرێمی (سلێمانی) دا ڕووی داوە ، وەك هەر حاڵەتێکی تری ئاسایی ڕۆژانە خەریکە تێپەڕێت وکەس هەلاّی لە سەر دروست نەکرد .. ڕەنگە خەڵکێکی زۆریش نەك بەخیانەت بەڵکو بە تاوان وتەنانەت ڕەنگە بەکەمتەرخەمیشی نەزانن ..!

کە بەبڕوای من خیانەتێکی هێندە گەورەیە پێویستە کورد ناوێکی لە (خیانەت) گەورە تری بۆ بدۆزێتەوە.. ئەگینا کەی ڕەوایە لەبەرامبەر خەبات و خوێن وقوربانی میللەتی کورددا کە لە مەرکەزەوە (بەغدا) بوودجەیەکی زۆر لە خواست و پێویستی کورد کەمتر تەرخان دەکرێت بۆ کوردستان و دابەش دەکرێتە سەر (وەزارەتەکانی ئیدارەی سلێمانی و هەولێر) بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك و باشکردنی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان .. کەگەر ئەو پارانە وەك خۆی و بێئەوەی (زەکاتی لێ دەربکرێت)و ڕێگای هەموو جۆرە دزینێکیشی لێ بگریت هێشتا بەشی نیوەی پێداویستی خەڵکی کوردستان ناکات .. کەچی کە سەری ساڵ دێت و میزانییەی ساڵ ڕێکدەخرێت لەبەر ئەوەی حکومەت هەموو پارەکانی سەرف نەکردووە بڕیار دەدرێت پارە زیادەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ (بەغدا) و بۆ ساڵی داهاتووش سەرفیاتی ئەم ساڵەی ڕابردوو دەکرێت بەپێوەر.. کە بەپێی زانیاری ناوو ڕۆژنامەکان و لێدوانێکی وەزیری پەروەردەی سلێمانی ( وەزارەتی پەروەردە) بەشی زۆری پارەکەی سەرف نەکردووەو لێیان وەردەگیرێتەوە ..لە کاتێکدا ئێستا لە کوردستاندا بەگشتی کێشەی کەمی بینایەی خوێندنگامان هەیەو لەهەموو شارو شارۆچکەکاندا لە هەموو خوێندنگایەکدا لانی کەم (دوو دەوام) هەیە...!! هێشتا سەدان گوندی گەرمیان چاوەڕێن خوێندنگایان بۆ بکرێتەوەو لە کوێرەوەری نەخوێندەواری ڕزگاریان بێت ..کە وەزارەتی پەروەردەی سلێمانی بەشی زۆری پارەکەی لێ زیادە سەدان منداڵی چاوگەشی کەرکوك خەون بەکتێبێکی (ئەلف و بێی کوردیەوە) دەبینن.. کەڕەنگە ئەوەی وەزارەتی پەروەردە لەچاو پارەی زیادەی چەند وەزارەتێکی ترەوە هەر هیچ نەبێت کە سەدان ملێۆن دۆلارە .. ئەمە نیشانەی نەبوونی پلان و نەخشەی کارو بێ منەتی و بێدەربەستی نەبێ ، چیە ..!؟ کەلەوەش سەیرتر ئەوەیە وەزیری پەروەردە دێت و لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەیەك دا دەڵێ (خەتای من نیەو بەڕێوەبەرە گشتییەکان بەرپرسن لێی).. وەك ئەوەی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی پەروەردە

سەربەفەرمانگەی (بەیتەرە) بن وا وەزیری پەروەردە نابەرپرسیاریێتی خۆی لێیان رادەگەیەنیٚ..!!!

ئـەم حاڵەتـەی ئێسـتای سـلێمانی لەوڵاتێکـدا بوایـە هەسـتی نەتەوایـەتی و نیشـتمانی تیایـدا بـوونی هەبوایا و بەرپرسەکان بەگیانی بەرپرسیارێتییەوە کاریان بکردایە.. هەموویان دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان رادەگەیاندو خۆیان داوای دادگایی کردنی خۆیانیان دەکرد. .

ئـاخر ئێمـە لـە وڵاتێکـدا نـین کـە هـەموو پێداویسـتییەکانی ژیانمـان دابـین کرابێـت و میزانییـەی بەردەستمان لە رێژەی پێویست زیاتربیٚ و بیگەرێنینەوە خەزێنەی دەوڵەت بۆ کارێکی گرنگتر...!! کە ئەو برە پارەیەی وەزارەتی پەروەردە یەك لە هەزاری میزانییەی پەروەردەی هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو نییە کە هێشتا نیوەیمان لیٚ زیادە .. کە لەوڵاتێکداین هەزاران منالٚی پاشماوەی ئەنفال لەبەر کەمدەرامەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندندا واز لەخوێندن دەهێنیٚ و سەدان خوێندکاری کورو کچی لادێکانمان ناتوانن بێنە شار بخوێنن لە بەر نەبوونی (بەشی ناوخۆیی و نەبوونی دەرماڵەی خوێندکاری دەرەوەی شار) سەدان خوێندنگەمان هەیە کۆمپیوتەریان تەنها لە رەسمدا بینیوە .. لە دەیان گوندی کوردستاندا لـە بـەر نـەبوونی قوتابخانـە (تەوێڵـەی ئاژەڵیـان کـردووە بـە خوێندنگـە) سـەدان و سـەدان و سەدان.....پێویستی تری گرنگ هەن ، کەچی وەزارەتی پەروەردە ئەوپارە کەڵەکەبووەی بەردەستی بۆ سەرف ناکرێت و لێمان وەردەگیرێتەوە و خەڵکیش لیٚی بیٚ دەنگن و نەحیزب و نەحکومەتیش سزای ئەو تاوانبارانە نادەن......

ئەگەرچـی مـن دەزانم نـاو سـلێمانیش گـەورەترین کێشـەی بینایـەی قوتابخانـەو بەشـیناوخۆیی و تەنانەت پێداویستییەکانی خوێندنیان هەیە و سەدان لادیٚی سنوری ئیدارەی سلێمانی بیٚ قوتابخانە ماونەتەوە و پێویستی بەسەدان جاری ئەوبرە پارەیە هەیە کەوەزارەتی پەروەردە بۆی سەرف نەکراوە ..

بەڵام ئەگەر وەزارەتی پەروەردە پیٚی وایە لێیان زیادە ئەوە هەقە بیدەن بەشارێکی وەك کەرکوك کە بەدرێژایی مێژووی لکاندنمان بەعێراقەوە بۆ رزگارکردنی خوێنی لەپێناودا ئەدەین و هەرنەمانتوانیووە وەریبگرینەوە ..!! لەدووسالٚی رابردوودا بەپارە دەمانتوانی بیکرینەوە ... بۆیە داوا لەحکومەتەکەی (سلێمانی ) دەکەم ئەوەی کە لێتان زیادەو بەغدا هەرەشەی لیٚ سەندنەوەتان لیٚ دەکات تکایە بیدەن بە کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی ژێردەسەڵاتی بەغدا کەزۆرزۆر پێویستیانە....

* هەواڵ ژمارە(123)شەممە 2005/3/19

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

| | |
|---|---|
| تەم و دوکەڵ | 1991 |
| کەرنەڤاڵی مەرگ | 1992 |
| مارشی نەبەزین | 1993 چاپی یەکەم |
| | 1997 چاپی دووەم |
| سەید جەوهەر جەوهەر بو بۆ کوردستان | 1999 |
| کۆچ و کۆچپێکردن هۆکارو بنەماکانی | 2000 چاپی یەکەم |
| | 2001 چاپی دووەم |
| شایەتحاڵەکانی ئەنفال (بەرگی یەکەم) | 18/شوباتی 2002 |
| شایەتحاڵەکانی ئەنفال (بەرگی دووەم) | 6/ئەیلولی 2002 |
| شایەتحاڵەکانی ئەنفال (بەرگی سێیەم) | 18/شوباتی 2003 |
| گەڕانەوە بۆ کەرکوک | 2004 |
| لەتۆپخانەوە بۆ عەرعەر | 2004 |
| کەرکوک و پاکتاوی رەگەزی – بەرگی یەکەم | 2004 |
| لەئوم ریعانەوە بۆ تۆپزاوا | 2004 |
| کرکوك والتکهیر العرقی | 2005 |
| لەبارەی کەرکوکەوە | 2005 |
| کەرکوک و پاکتاوی رەگەزی –بەرگی دووەم | 2005 |


www.dengekan.com

کۆبەندی چەندبابەتێك

# لەبارەی کەرکوکەوە